# پڕشنگەکانی کەکۆن

نووسینی: ڕەهبەر سەید برایم

چاپی یەکەم

2014

# فەهرەست


-پێشەکی..........

-دارمازووەکەی هەیبەسوڵتان..........

-جەمیل ئاغای حەوێزی... ئەو قایمقامەی پێگە قایم و بە مەقام بوو..........

-بڵند ئەجەوید تا چەند کوردو کۆیی بوو؟..........

-ئەمین ئاغای ئەختەر؛ ئەستێرەی ئاسمان و چرای دیوەخان..........

-قولغێك لەقەڵای دمدم..........

-کۆمەڵەی منەوەران..........

-پوورە ئایشێ.. تەوارێك لەبەرزایی هەڵوێستدا..........

-کەس نەڵێ دڵدار مردووە؛ هەر زیندووە..........

-رۆژگاری خەزنەدار..........

-تنۆکە فرمێسکێك: بۆ هونەرمەندی گوناح سەفوەت جەراح..........

-ساڵی 1963 لاپەڕەیەکی ئاڵ و خوێناوییە لە مێژووی کۆیەدا..........

-ساتمەو سەفەری مەرگ..........

-نەك خوێنەکەی، بەڵکو مەرەکەبی پاندانەکەشی وشك نەبووبۆوە..........

-گوڵی تەمەنی دڵزار خەبات و جوانی و پاکییە..........

-مەولوودکردن و قاسپەقاسپی کەو..........

-حوسێنی: شاعیرێکی شاراوەی زێروەشان..........

-بەردێك لەقەڵای دمدم رووخا! ..........

-بۆ مەرگی محێدین رەزا، سروودو درودو نزا..........

-کوردستان بێشکەی دووەمی مرۆڤایەتی..........

-سەرنووسەرو هامموون هاوتەمەن بوون! ..........

-لە زاینگەی دەشتی کۆیە، وەك حەمەسوور دروست نابێتەوە..........

-تاقانە، کوڕی حاجی قادری کۆیی بوو..........

-کاکی کاکان (مازێری سەر کۆساری) ..........

-شوێنێ لە کۆیە، بە خوێن تاپۆیە..........

بەپێچەوانەی مانگ نییە .... لەناو گۆمێکی لێخن دا..........

بەفیکرت دێ زەمانێ چووینە باڵەك..........

-ئاگرە پایزەی دیانان..........

-سامانی پڕ سامانی هونەر..........

-بەیتەکان عەیبی مەکەن خوارو کەچن..........

-ئەلپا گایا بریخە.......... ..........

-جوانی مانگ بە شەو دیارە..........

-گوڵ و پەپوولە و پەرەسێلکە لە کوورەی ئەنفال..........

-شەو چراغی شاخ و بەیداخ..........

-عەونی: شاعیری بەرەنگاری و ڕامیاری..........

-سووتانی جەرگ، بە گڕی مەرگ. ..........

-وەستا قارەمانی قارەمان..........

-دوو شەنگە بی، لە کانی بی..........

-پێناچێت حاجی قادری کۆیی، لە ماڵی بەدرخانییەکان بووبێت!..........

## پێشەکی

د.کەمال غەمبار

هەموو قەڵەم بەدەستێك نووسەر نییە، خۆ ئەگەر نووسەریش بێ، دەبێ بزانێ چ دەنووسێ و بۆ دەنووسێ و بە چ شێوازێك دەنووسێ؟ لەم ڕووەوە (سانت بیڤ)ی ڕەخنەگر دەڵێ: مرۆڤ شێوازەو (سارتەر)یش دەڵێ: مرۆڤ هەڵوێستە، کەواتە دوو جەمسەر مرۆڤ دەکەنە نووسەرێکی ڕەسەنی خاوەن قەڵەمێکی بە بڕشت.

کاك ڕەهبەر یەکێکە لەو قەڵەم بە بڕشت و بەهێزانەی کە دەزانی چ دەنووسێ؟ بە چ مەبەستێك و بۆ کێ دەنووسێ و چ جورە ناونیشنێك بۆ نووسینەکەی هەڵدەبژێرێ و ئاخۆ لەگەڵ ناوەڕۆکی بابەتەکەی دەگونجێ یان نا؟!

کە چاوم بە ناونیشانی دەستنووسەکە کەوت، کە پڕۆژەی کتێبێکە، یەکسەر ئەوەم بە خەیاڵدا هات کە مەبەستی پڕشەنگدارەکانی کۆیەیە، بەڵام یەکەمین بابەت زیاتر سەرنجی ڕاکێشام کە بە ناوی "دار مازووەکەی هەیبەسوڵتان"ە ، لە دڵی خۆما وتم دیارە باسی دارمازوو دەکات، بابەتەکەی بابەتێکی سروشتییە، کەچی کە دەستمکرد بەخوێندنەوەی و کوتاییەکەی پڕ بەدڵ ئافەرین و دەستخۆشیم لێکرد، کە ئەو ڕێخۆشکردنە دەروازەیەکە بۆ چوونە ناو بابەتەکە، لێرەدا کارامەیی و زرینگی نووسەر دەردەکەوێ کە چۆن دوو بوونەوەر "سروشت و مرۆڤ" بە یەکەوە دەبەستێتەوە بە پەیوەندییەکی توندو تۆڵی نەپچڕاو و دوور لە سەرەتاو دەستەواژەی ڕووکەشی ناپێویست، بەڵکو لە پەناوە شێوازی خواستنی ڕاشکاوی بەکارهێناوەو "خالید دلێر"ی خاوەن فرەبەهرەی بەو دار مازووەی هەیبەسوڵتان چواندووە کە هەردووکیان ڕەگ و ڕیشەیان بە قووڵی لە خاکی کۆیەدا داکوتاوەو شوێنەواری بەرچاویان دیارە، خۆ ئەگەر مامۆستا گۆران جوانیی سروشت بە تێکەڵبوونی لەگەڵ ئافرەتدا ببەستێتەوەو، بێ بوونی ئازیز لە ناو سروشتدا، سروشت تاریك بێ کە دەڵێ:

**بەڵام تەبیعەت**

**هەرگیزاو هەرگیز**

**بێ ڕووناکییە**

**بێ بزەی ئازیز**

نووسەر پێی وایە کە هێزو پێزی"خالید دلێر" لە دار مازووەکەی هەیبەسوڵتان سەرچاوە دەگرێ، کە لە ژێر پێستیدا چەند وزەیەکی هەمەڕەنگ تەقیوەتەوەو کە لەو زەمینەی زێدی خودی خالید دلێردا لەسەری وەستابوو ڕەگی قووڵی بەملاو ئەولادا بڵاوببووەوە لە ژیانیداو، کردبوویە نموونەی خاوەن چەندین بەهرەی پڕشنگداری دیار کە بەرووبوومی هەمەجۆری بە گەلی کوردستان بەخشیوەو هێشتاش هەر بەردەوامن وەك گەنجینەیەکی لەبن نەهاتوو خێرو بێری هەر بەردەوام دەبێ، کە خۆی هێشتاش هەر ماوە وەك حاجی قادری کۆیی فەرموویەتی"ئەوەی باقی بمێنی هەر ناوە". نووسەر چەندین بابەتی هەمەچەشنی وڕووژاندووە کە لە سنووری کۆیەدا خۆیان دەنوێنن و بۆ دەرەوەیدا پەلیان هاویشتووەو سوودیان بەو شوێنانە گەیاندووە کە لە کۆیەدا دەرچوون و لەوێدا گیرساونەتەوەو ناوبانگیان دەرکردووە، ئەم ئاوڕدانەوەیە خۆی لە خۆیدا تا بڵێی کارێکی دروست و بەجێیەو، مەسەلەکە کۆییاتی و خۆییاتی نییە، بەقەد ئەوەی پێڕەوکردنی قسەیەکی پێشینانە کە دەڵێ: " تا ماڵ پێویستی پێ هەبێ لە مزگەوت حەرامە". هەرچەندە ئاوڕیشی لە لای تر داوەتەوەو لەم ڕووەوە درێغی نەکردووە. بە لای منەوە گرنگیی بابەتەکان تەنیا لەو ڕوانگەوە سەرچاوە ناگرن کە پەیوەندییان بە کۆیەوە هەیە، گرنگی و بایەخیان زیاتر لەوەوە دێ کە بە دەستپاکی و ڕاستگۆیی و ڕاشکاوی نووسراون،

دوورن لە داتاشینی لایەك لەسەر حسابی لایەنێکی دی، لەم ڕووەوە نووسەری ڕووسی ناودار لەبارەی ڕۆمانەوە نووسیویەتی کە بریتییە لە سێ ڕەگەز "ناوەرۆك و فۆرم و ڕاستگۆیی" و گەر لە گرنگترینیان لێمبپرسن دەڵێم (ڕاستگویی). جگە لەو دوو لایەنە لایەنێکی تری بابەتەکان لەوەدا خۆی دەنوێنێ کە نووسەر بە وردی و قووڵی چووەتە ناو بابەتەکان و بەدوای زانیاریدا گەڕاوە، پشتی بە دۆکۆمێنتی کۆن و نۆی بەستووە، کارەکەی ماندوویی و شەونخوونی پێوە دیارە، بابەتەکان زۆرن ناکرێ یەکە یەکە لەسەریان بوەستین و ڕاو باری سەرنجی خۆم لە بارەیانەوە دەربڕم، بەلامەوە گرنگە کە لە سەر شێوازی نووسینەکە هەڵوەستەیەك بکەم و هەر لە سەرەتاشەوە ئاماژەم بە شێواز کرد کە نووسەری کارامەو خاوەن کەسایەتیی تایبەت بەخۆو دیار کە بابەتێکی دەخوێنیتەوە خۆ ئەگەر ناوی نووسەرەکەشی لەسەر نەبێ لە شێوازی نووسینەکەدا دەردەکەوێ کە هی کام نووسەرە، بە دەگمەنیش نووسەر دەبێتە خاوەنی شێوازی تایبەت بەخۆی کە خوێنەر لە نووسینەکانیدا بیناسێتەوە.

نووسەری "پرشنگەکانی کەکۆن" یەکێ لەو نووسەرە خاوەن قەڵەمە بە بڕشتە یە کە ڕێچکەیەکی جیای لە نووسەرانی ئەم سەردەمەمان پێڕەو دەکا، هەرچەندە ئە م جۆرە شێوازە بۆ سەردەمی زۆر کۆن دەگەڕێتەوەو بەشێوازی (سەجع) ناوی دەرکردووە، هەمووکەسێکیش ئەو توانایەی نییە کە قەرەی خۆی لە قەرەی شێوازی لەم جۆرە بدا، ئەگەر شارەزایی لە داڕشتنی شیعرو پەخشانە شیعر نەبێ، وشەی (سەجع) وشیەکی عەرەبییە لە (سجع الحمام)ەوە ورگیراوە، واتە گمەگمی کۆتر، لە نووسەرێکی عەربیان پرسی (سەجع) چییە؟ وتی: ئەوەی لە گوێدا سووکە، وتیان وەکو چی؟ وتی وەك ئەمە. عەرەبییەکەی بەم شێوە بوو." سئل ماهو السجع؟ قال: ما خف على السمع.قال مثل ماذا؟ قال: مثل هذا". تەنانەت نووسەرە کونەکانی کوردو عەرەب و فارس و تورك لە دانانی کتێبەکانیاندا شێوازی سەجعیان بەکاردەهێنا بۆ نموونە ( ابو على القالى) کتێبەکەی بە ناونیشان (الامالى لابى على القالى)ە. مەلا عەبدوڵلای جەلی زادە لە مەولوودنامەکەیدا کە باسی خەلیفەکانی سەردەمی راشدین دەکا شێوەی سەجعی بەکارهێناوە لە بارەی"ئیمام عەلییەوە" دەڵێ: (وعن الزوج البتول، ابن عم الرسول، سيف الله المسلول، مظهر العجائب والغرائب، النجم الثاقب، الذى قال فيه الرسول الملك الواهب: انا مدينه العلم وبابها على بن ابى طالب).

ماموستا عەلائەددین سجادە لە کتێبی (مێژووی ئەدەبی کوردی)دا لە پێشەکی نووسینیدا لەسەر هەر شاعیرێك بە شێوەی سەجع دەستی پێکردووە.

خۆ ئەگەر بێ ڕتووشکردن باری سەرنجی خۆم لە بارەی ئەو شێوازەی کاك رەهبەر دەربڕم بۆم هەیە کە بڵێم: شێوازێکە تایبەت بەخۆی، تامو بۆو چێژی خۆی هەیە، ئەگەر شاعیر نەبێ ناتوانی بەو شێوە بنیاتی نووسینەکانی چین لەسەر چین هەڵچنێ، کە وەك ئاوی سازگار تێنوویی خوێنەر بشکێنێ و لە دڵەوە دەستخۆشی لێ بکا، کە بە زمانێکی سفت وسوڵ و ڕەوان بابەتەکانی داڕشتووە، بێ ئەوەی بە زۆر سواری پشتی وشەبی و بیخاتە ژێرکێفی خۆی، خوێنەر کە بابەتەکانی ئەم کتێبە دەخوێنێتەوە هەست بەخۆشییەکی تەواو دەکاو پەی بەوە دەبا کە نووسەر قالبووەی شاخ و بەندەنی کوردستان و پێشمەرگەی ڕۆژانی سەختەو، کە ژیان فێری گەنجینەیەك وشەی کردووە، بۆیە بەزمانێکی دەوڵەمەند دەنووسێ و، وشەی ڕەسەنی کوردی هێناوەتە ناو بابەتەکانی، کە لەئەنجامی گەڕان و سووڕان و تێکەڵبوون بە خەڵکی لادێ، زۆر وشەی نەزانراو کە لە شاردا نەیبیستووە فێر بووەو بەکاریهێناوەو واتاکانیانی ڕاڤەکردووە.

لە بنەتادا دەستخۆشی لە کاك ڕەهبەر دەکەم و پیرۆزبایی لێدەکەم بۆ ئەو بەرهەمە بەپێزەی کە بە دڵنیاییەوە لە کتێبخانەی کوردیدا شوێنی شیاوی خۆی دەگرێ و خەرمان بەرەکەت.

## دارمازووەکەی هەیبەسوڵتان

دارمازوو بە سروشت لە بەرزایی نەبێ ناڕوێ، چوارکەژی ساڵ سەر لە نوێ، دەپشکوێ، جگە لە گەڵاو دارەکەی، لە سێبەرو جوانییەکەی، چەندین بەر دەگرێ، ڕەگی قووڵ و پتەوە، بەرگەی ڕەشەباو سەرماو بەفرو زریان دەگرێ، دارمازوو لە بناری کۆساران، لە بەرزایی و سەرنزاران، بە قەد پاڵ و لێڕەواران، بە بێ باخەوان بە خۆڕسکی، خۆی شین دەبێ و دەڕسکێ!

نەمر مامۆستا خالید دلێر، ڕۆڵەی نەبەردو جوامێرو بوێر، چەشنی دارمازوو، لە قوڕگ و قامك و بیرو بازوو، گوڵی بەهرەو چڵی هونەرو ڕەگی ڕامیاری گرتبوو، یەك مرۆڤ بوو وەك چەند مرۆڤێك کاری کردبوو، بە بەراورد، بە تەرازوو، بە درەختێك وەك دارمازوو.

دارمازوو ئەو بەرانە دەگرێ: سیچکە، گڵوان، مازوو، خڕانە، گزگل، بەڕوو، جەوت، سێوەلۆك، چەورە، قژێلك، قاوە(بۆ گڕگرتن و بەردە ئەستێ بە کارهاتووە) گەزۆ، دەمکانە، کەتیرە.

مامۆستا خالید دلێر دارمازووەکەی سەر هەیبەسوڵتان، باڵاو سایەی دیاربوو لە هەر چوار لای کوردستان، شاعیر، چیرۆکنووس، ڕۆژنامەوان، ڕەخنەگر، گۆرانیبێژ، سیاسی، تێکۆشەر، توێژەر، نووسەر، ئاوازدانەر، داهێنەر،... بوو هەروەك لەکوردەواری دەڵێن:

**بەراوردم تەواوە**
**تەقەی مازوو شکاوە**

نەمر خالید دلێر، ئاگرو گوڵ بوو، لە یەك دڵ بوو، بەرەو لوتکەی ئاوات بوو، شیعرو وشەی چەکی خەبات بوو، گیانی پاڵەو خەڵات بوو، لە سیاسەتدا ئاگر بوو، سروودەکانی بەڵگەیە، دانەری یەکەم سروودی پێشمەرگەیە، لە 1961/9/16 لە کەرکوك لە گەڕەکی ڕەحیماوە گیراوە، لە بەندیخانەی(تسن)پەستراوە، ڕادیۆیەکی دەنگ بەرزییان داناوە، عبدولکەریم قاسم لە(دەربەندیخان) وتاری داوە، گوایە پێشمەرگەو جووڵانەوەی کوردایەتی بڵاوەی پێکراوە، لەوێ بێ قەڵەم و کاغەز شیعرو ئاوازی (سروودی پێشمەرگەی کوردستان)ی داناوە، لە بەندیخانە بە دەنگی خۆی چڕیویەتی، یەك بە خۆی نەڕاندوویەتی، زیندانە سیاسییەکان

لەگەڵیان گوتۆتەوە. تا ئێستا هیچ سروودێکی پێشمەرگە جێی نەگرتۆتەوە، بۆیە لەسەر لێوی شۆڕشگێران دەلەرێتەوە، دوایی لە بەندیخانەی(تسن) گواستراوەتەوە بۆ نوگرەسەلمان، لەو بیابانە بە دوژمن و داگیرکەرانی سەلمان:

**ئێمە کوردین بێ منەتین:**
**پێشمەرگەی بەهەڵمەتین**
**پاڵەوانی میللەتین**
**شێری رۆژی زیللەتین**

سەرەنجام لە وتوێژی شۆڕش لەگەڵ میری لە (1963/2/20) ئازاد کراوە، یەکسەر چۆتە شاخ و بۆتە پێشمەرگەو چەکی شەڕەفی کردۆتە شان، لە دەڤەری کەرکوك لە ناوچەی شوان!

ڕەنگە هەبێ پێی وابێ (ئەی قومری بۆ ئەگری) دڵدارییە، بەڵام لە ڕاستیدا بە مەبەستی رامیارییە، وەختێ ماڵی لە کەرکوك بووە، لە گەڕەکی قۆرییە، گوێی لە دەنگی مەلی(قومری)بووە، کە خوێندوویەتی بە شێوەیەك لە گریان و پاڕانەوەو سکاڵای هاتۆتە بەرچاو، لە ساڵی1957 لەگەڵ جەنابی مام جەلال پێکەوە بووین لە کەرکوك شیعرو ئاوازی بۆ مەلی(ئەی قومری) داناوە، لەبەر خۆیەوە گوتوویەتییەوە بەدەم خەیاڵەوە، بێ ئاگا بە لایەکی دیکەدا رۆیشتووەو نەچۆتە ماڵەوە، لە جێیەکی دیکە خۆی دۆزیوەتەوە:

**ئەی قومری بۆ ئەگری**
**سەرم سوڕماوە قومری**
**بۆ ئەگری**
**من کە دەم پڕ لە سکاڵام**
**بۆ ئەگری**
**لەم ژیانەی لە ناوام**
**بۆ ئەگری**
**بەڵام بڕوایی و هیوام**
**بۆ ئەگری**
**ڕێگەی بێزاری ئەبڕی**

لە سروودو شیعرو ئاوازو گۆرانی ڕاهێنەر بوو، چەپ و توندڕەو و نوێخوازو داهێنەر بوو، خاوەن ڕای تایبەتی و بە هەڵوێست بوو، دژی دێواندن و بتپەرستی بوو، بەڵام کوردپەرست بوو**!** لە1999/7/20 کە لە سویسرا بوو، ئەو شیعرە نایابەی دانابوو، بەبیرێکی نوێ و کۆت و کەڵەپچە پچڕێن:

**من کرێکارم بت شکێن**
**خوێنمژو داگیرکەر بەزێن**
**بتی کوردستان کێن لە کوێن**
**من بتشکێنم بت شکێن**
**ئیبراهیمی ئەو سەردەمەم**
**بە چەکووش بتان دەشکێنم**
**لە پێناوی( داد)و (راست)دا**

**ملم لە چەقۆ دەخشێنم**
**بت پەرستی لە کوردستان**
**من دوایی پێ دەهێنم**

بەدەم نەخۆشییەوە هەر لەسویسرا، شیعری (کوردستان پەرستی) بۆ نووسرا:

**لە خانووێکی بەکرێ دابووم**
**جێی بێ رێ و جێ دابووم**
**باخێکی بچووکی تیابوو**
**پڕ لە بەردو کەڵە گیا بوو**
**کە بەردو گیام بژار دەکرد**
**لە خۆڵ دامدەتەکاند ورد ورد**
**کە من بۆ نەختێ خاك وابم**
**وا خەم خۆرو چاو لە دوابم**
**ئاخر چۆن ئەم کوردستانە**
**بەجێ دێڵم بۆ بێگانە**

هەروەك چۆن لە سیاسەت و سروودو خەباتدا ئاگرو گڕ بوو، لەوره بەرزی، لە ئازایەتی، لە هەڵوێست تەژی و پڕ بوو، لەگەڵ ئەوەش لە شیعری دڵداری تەڕو پاراو و ناسك و گوڵ بوو، لە ئاوازو گۆرانی و بەستەو شیعر نۆتەی بولبول بوو، توخوا چەند جوان وێنەی هونەری شیعری(پۆلی مەلان)ی نەخشاندووە، تیپی ریشۆڵەی بە ئاسمانەوە دواندووە:

**پۆلی مەلان بوکێ دەبەن**
**کێ دەڵێ کێ بۆ کێ دەبەن**
**جلی شایشیان هەر ڕەشە**
**ڕیشۆڵە هەر ڕەشی بەشە**
**بڵێ ی جوانێ بۆ پیر بەرن**
**بۆ دەوڵەمەند فەقیر بەرن**
**بڵێی ئەم بووکە شیربایی**
**خورابێ هەر بە ساوایی**
**بڵێی وەك مێینەی ئێرە**
**ببێ بەژێر دەستەیی نێرە**
**بڵێ ژن بە ژن کرابێ**
**یا لە بریتی خوێن درابێ**
**تۆ بڵێی زاوا قەرزاربێ**
**ژن هێنانی ژەهری ماربێ**
**وەڵامی ئەو پرسیارانە**
**لام وایە روون و ئاسانە**

**کوشتەی ئەم نەریتانەین**
**بە سروشتی و سادە دەژین.**

لەشیعری(داوای نامە) چەند شاعیرانە، عاشقانە، دەچریکێنێ وەك بولبولێ:

**کاغەزم بۆ بنووسە**
**چیم پێ دەڵێی پێم بڵێ**
**ئەبێ چی بێ ئائەمەی**
**بۆمی بنێرێ.... گوڵێ**
**.... ... ....**
**ئەوەی بۆ من مەرامە**
**تەنیا نامەیە نامە**
**قسەی ناوی ڕەقیش بێ**
**هەروەك هی خۆش بەتامە**

کاتێ نازدار حەیرانێك تێدەپەڕێت، سڵاوێك دەکات، نەمر دلێر بەچ هەستێ دەری دەبڕێت، بەیەك وشە شیرین کەلامی کرد:

**بەتەنیشتم دا ڕەت بوو سەلامی کرد**
**سەلامی چی توشی سەد بەڵامی کرد**
**هەرچی هۆشو بیر هەبوو پاکی وەستا**
**زمان ڕەق بوو نەجیم و نەلامی کرد**
**خۆی هەستی کرد سەلامی چ کاری کرد**
**نەوەستا نەچاوەڕێی وەرامی کرد**

پیاوە بە هەڵوێستەکەی کوردستان، ئەستێرەکەی کەشکەلانی ئاسمان، نەمر خالید دلێر بەمەرگت قەسەم! گەوهەری شیعرەکانتە قسەم:

**درۆیە گەر بڵێم ئاگام لە خۆیە**
**بەچاوی تۆ بە گیانی تۆ درۆیە**

نابێ و ناکرێ لە یادو چلەی نەبەردو مەردو هونەرمەندو دەستڕەنگین و سیاسەتوانێکی وەك نەمر خالید دلێر بگرین، دەبێ وانەی لێ وەربگرین، ئەو بۆ برا نازدارەکەی شەهید مامۆستا جەعفەر نەگریا یەك تنۆك فرمێسکی نەڕشت، بە دەستی خۆی شوشتی، ئاخر خۆی دەڵێ:

**گریان چارەی دەرد نییە**
**چەکی ڕێی نەبەردییە**
**ڕێی ورەبەردان بگری**
**بۆ ئەگری؟**

ئەو ڕۆژە کە نێـژراوی کەکـۆن و خـاکی دایـك و گۆڕسـتان بـوو، یـادی سـاڵڕۆژی هەڵکردنـی ئـاڵای کوردستان بـوو، ڕۆژمێژووی 2011/12/17ی 26ی سـەرماوزی زستان بـوو، تەرمە پیـرۆزەکەی بە ئـاڵای کوردستان پێچرابوو، وەسیەت و ئاواتی هاتە دی دەق وابوو، شیعرەکەی بۆ دوژمنی گەوج پرشنگی چرا بـوو، دلێری نەمر دەتوانێ بە مەرگیش بڵێ شادم بەختەوەری ئەو یادەم:

**نەمری، یاخود بەختیاری، هەر بەشی تێکۆشەرە**
**بۆیە وا پشتم بەهێزی میللەت و بڕوا ئەدەم**
**یا هەڤاڵان چەپکە گوڵ دێنن لەبۆ سەر گۆڕەکەم**
**یاخود توند باوەش لەبووکە جوانەکەی ئاڵا ئەدەم**

ئەوجا:

**جاڕدەن ئارایش دەن  بۆن خۆش کەن**
**قەدو گۆڕی گوڵپۆش کەن**
**یادی فەرامۆش مەکەن**
**مەشخەڵانی پێ جۆش دەن**
**نەوەی نوێی پێ گۆش کەن**
**ڕۆیی ڕۆیی، ناودارەکەی کۆیی**
**بۆگۆڕستانی کەکۆن**

**لە(16 /2011/12)دا**

**جەمیل ئاغای حەوێزی...**
**ئەو قایمقامەی پێگە قایم و بە مەقام بوو**

ئەوەی شـایانی شـانازی و سـتایش و شـکۆیە، یەك لە سـیما جوانەکـانی ئاغایەکـانی کـۆیە، چ حەوێـزی چ غەفووری بۆ مێژوو ژیاون بە ڕوو سووری، بە گشتیی ستەمکار نەبووین، بەڵکو ڕێزدارو پەرۆشدار بووین، خانەدان و خاوەنی شاکار بووین، خێرخوازو بەغەم و خزمەتگوزار بووین، شیعرەکانی حەزرەتـی حـاجی و شێخ ڕەزای تاڵەبـانی، گەواهـی دەدەن بە جـوانی، لە بەردەم دادگـای ویـژدان و یەکسـانی، جـا درەختـی ڕەگ داچەسپاوی حەوێزیان بە لق و بەرو بەرزە دیارە ڕێزیان، چیان پێ کراوە کردوویانە بە هەموو تواناو هێزیان، خەرمان بەرەکەت کەن لە بەرکەتی و کەسایەتی لەڕووی وێژەو ڕاژەو زانست و کۆمەڵایەتی، یەك لەو دیـارو هەڵکەوتووانە لەو کەسایەتییە سەرکەوتوانە، جەمیل ئاغای کوڕی حـاجی ئەسعەد ئاغـای حـاجی بەکر ئاغـای حەوێزییە، کە شێخ ڕەزای تاڵەبانی ستایشی حاجی ئەسعەد ئاغای باوکی کردووە لەناخە وە وتوویەتی:

**تۆ کەم نەزەری دەرحەقی من ئێستەکە ئاغا**
**من ماوە هەوای سوحبەتی تۆم هەر لەدەماغا**

**تا ڕۆژی قیامەت بەخوا زیندووە نامرێ**
**بابێ کە بمێنێ کوڕی وەك تۆی لە وجاغا**
**بۆ تووتنەکەی (بێشەمە)و (شاور)و (شێتنە)**
**شێت بووم و نەهات وەختە دڵم دەرچێ لە داغا**
**چە بە چاغ و چە بە بار بۆت دەهەناردم**
**نانێری ئەمێستا نە بە بارو نە بە چاغا**
**ڕێی نەوتەکە باجگیری ئەگەر زۆرە دەفەرمووی**
**ڕێی (خاسە) بەشەو خاڵییە بابێ بە(بڵاغا)**
**نەمزانی فەلەك گۆبەنی هەر بۆ منە یاخو**
**صەد دەستی وەکو دەستی منی کردووە بەزاغا**
**یاڕەب گوزەران کا بە صەفا وەختی ئەزیزت**
**پەیوەستە لە دەوری چەمەن و گەردشی باغا**
**بۆ چوونە تەوافی حەرەمی شاهدی مەقصوود**
**عالەم هەموو مەئزوونە، (ڕەزا) هەر لەیەساغا**

## کارو ئەرکەکانی:

حاجی بەکر ئاغای حەوێزی نۆ کوڕی هەبووە لەگەڵ یانزدە کچ، ئەمین ئاغاو حاجی ئەسعەد ئاغا دایکیان جیاواز بووە، حاجی ئەسعەد ئاغا چل ڕۆژ بچووکتر بووە لە ئەمین ئاغا، بەڵام ئەمین ئاغایان بەبرا گەورەو سەردارو جێنشین داناوە، حاجی ئەسعەد ئاغا بازرگان و خاوەن کاروان بووە، پارەدارو بەدیاری و میوان بووە، لەپاش کۆچی دوایی ئەمین ئاغای ئەختەر، حاجی ئەسعەد ئاغا بووە جێنشین و سەرداری حەوێزیان، جەمیل ئاغا کوڕی حاجی ئەسعەد ئاغایەو لەدایکبووی ساڵی1869یە، لەگەڕەکی بەفری قەندی لەشاری کۆیە، دایکی ناوی زبێدە خانی کچی ئەحمەد ئاغای کێلە زیندانە، نکوڵی ناکرێ دایکی لە بنەچەو وەچەی ئالی بابانە، جەمیل ئاغای حەوێزی لە مزگەوتی گەورەی کۆیە قورئانی پیرۆزو گوڵستان و بۆستان و فارسی و عەرەبی خوێندووە، تا خوێندەوارێکی هوشیارو بەئاگای لێدەرچووە، هەمیشە بۆ بەرژەوەندیی گشتیی هەوڵیداوە، لە ماوەی کارکردنیدا ئەو کارو ئەرکانەی پێ سپێردراوە:

* لەتافی لاویدا کراوەتە سەرۆکی شارەوانی کۆیە.
* لە1918/12/15دا بۆتە جێگری حاکمی ئیداری شاری کۆیە کە حەماغای حاکمی شار بووە.
* بۆ چەند مانگێك قایمقامی ڕانیە بووە، چونکە ئەودەم ڕانیە بەسترابۆوە بە حکومەتی سیاسییەوە لە کۆیە لە ساڵی 1919 دا.
* لە 1920/8/2دا دەکرێتە حاکمی شاری کۆیە.
*لە 1921/3/26دا بە فەرمی بۆتە قایمقامی شاری کۆیە تا ساڵی 1932.
*لە ساڵی 1930 بۆتە موتەسەریفی شاری هەولێر بە وەکالەت.
*لە ساڵی 1939-1946 لە دوو خول نوێنەر بووە لە پەرلەمانی عیراق.

جەمیل ئاغا حەوێزی کە کاربەدەست و قایمقام بووە، بە تواناو پێگە قایم و بە مەقام بووە، لەو ماوەیەی کە ئەرك و کاری پێسپێردراوە، لە شاری کۆیە چەند شاکارێکی ئەنجامداوە!.

* لەساڵی 1920دا کە قوتابخانەی سەرەتایی بە هاوکاری مەلای گەورەو هیمەتی جەمیل ئاغا کراوەتەوە، مامۆستای باشیان بۆ دابینکردووە، ڕێزی فەقێ و فێرخوازی زۆر گرتووە گرنگی بە خوێندەواری داوە.

* لە سەردەمی قایمقامیەتی جەمیل ئاغای حەوێزیدا نووسراوی فەرمی لە فەرمانگەکاندا بە زمانی کوردی بووە، هە روەها خوێندنی سەرەتایی و چ دادگاو فەرمانگەکانی دیکەش!

* هانی سروودی نیشتمانی داوە، ئەو سروودانەی داخوازی کوردو کوردایەتیان تێدا بووبێ هەر وەك:

**ترەقی دەکا، موڵکی کوردستان**

**لەسایەی عەزم و هیمەتی ئەوان**

**داواکاریەکانی مافی نەتەوەیی کورد:**

*لە ساڵی1930 راسپاردەی خۆی ناردووە بۆ بتوێن و پشدەرو ڕانیە بۆ کۆکردنەوەی ئیمزا لەسەر داواکاریەکانی مافی نەتەوەیی کورد پێشکەشی بە مەندووبی سامی بەریتانیای کردووە لە بەغدا.

*دیوەخانی پڕ مێوان و بە بەخشندەو خانەدان بووە، مەکۆی ئەدەب و سەکۆی شیعرو حیکایەت خوان بووە، خوان رازاوەو بە ئەتەکیەت و دابی جوان بووە، تەنانەت (ئەدمۆندس) لە کتێبەکەیدا نووسیویەتی باشترین میوانداری کردین و لەوێ خۆشترین خواردنم لە کوردستان خواردووە.

*داڵدەو پەناگای دوورخراوە سیاسی و ڕووناکبیرەکان بووە، هەروەك(روفائیل بەتی) خاوەن رۆژنامەی(البلاد)و(شێخ بە هلوول) هۆزی(رومیثیە)ی دیوانییە کە شۆڕشیان دژی یاسین هاشمی کردبوو. (زەنوون ئەیووب)ی چیرۆکنووس و ڕۆماننووسی ناودارو خاوەنی گۆڤاری(المجلة)ی مارکسیزم. ئەو زاتانە لە سایەی جمیل ئاغای حەوێزی حەوانەتەوە، لە کۆیەدا هەستیان بە نامۆیی نەکردووە!.

* هاوسەنگ و پارسەنگی نێوان حەوێزی و غەفوریان بووە، ڕاگرو دادپەروەرو پارێزەری جوولەکەو مەسیحیان بووە، بە بێ جیاوازی بە نیازی چاکەخوازی، تەبایی و ئاشتەوایی و برایەتی و پیاوەتی نواندووە، ئەو ڕاستییەی بە کردار سەلماندووە.

*حەمەدی ڕەش دزێکی ناقۆڵاو فێڵبازو بەسام و ئەفسانەیی و بەدکار بوو، بە ڕۆژ فەقێ و دیندار، بە شەو جەردەو تاوانبار، ون و نادیار بوو، جێی متمانەو خۆیی بوو، نەدەناسراو بە گەورەترین دز ناوی رۆیی بوو، (دزی نەگیراو شایە) کەچی بەردەستی ماڵی مەلای گەورەی دەکرد وەك بەردەست هەڵ دەسووڕا، بەڵام لەپڕ تاسی زێڕی سەری خێزانی مەلای گەورە دزرا، جێی باوەڕیان بوو شارەزای کون و کەلەبەریان بوو، کاکی ڕەش دز بوو دز، فێڵاوی و سەرکز(ئەگەر دزی- گورگی پەزی)، بە کونی نۆینان کە پان و فراوان بوو، بە ئاسانی زەلامی پێدا دەچوو، بە ناو گواوان بۆ دزی و تاڵانی ماڵان دەچوو، دزی دەکرد، کەس پەی پێنەدەبرد، بۆ دزی فیت فیتەی لەمل و جلکی پولیسی لەبەر دەکرد، تفەنگ و دیوار بڕی پێبوو، شارەزای ماڵ بڕین بوو، گورج و لەسەرپێ بوو، شەو نەبوو 4-5 ماڵ نەبڕێ و لەگەڵ دەستەکەی شمەکی دزراویان لە ئەشکەوتی حەمەدی ڕەش دەشاردەوە، گەر ماڵ دزراو بەئاگا بهاتباو کە دەبووە دەنگە دەنگ و هەرا، حەمەدی ڕەش وەك حەس حەسان فیت فیتەی لێدەدا، وەك بەرزەکی بانان بۆی دەردەچوو، خەڵکی کۆیە بە گشتیی بەو دیاردە نائەمینییە پەرێشان و هەراسان بوون، لە بارودۆخێکی پڕ ترس و دڵەڕاوکێ و نیگەران بوون، نائارام و لەگورگە خەو و لەسەر هەست بوون، بە ڕاستی قایمقام(جەمیل ئاغا) دڵگران و لێی پڕو پەست بوون، زۆر گلەیی و لۆمەو سەرکۆنەی قایمقام دەکرا، (وایلێهات ناوی لێهات) بە کەمتەرخەم دادەنرا، تەنانەت لە

ڕۆژنامەکانی بەغدا باسی لێوەکرا، جەمیل ئاغای حەوێزی بە خۆی کەوت، بۆ دۆزینەوەی دزەکان نەسرەوت پاسەوانی تایبەتی دەرکرد، لە سیلەی هەر کۆڵانێ و هەر سەرەڕێیەك ئێشکگری لێدانا، سەرەنجام لە کن حەمامی پیسکان و سەرەڕێی دەبا خانان، کەوتەبەر بۆسەی ئێشکچی و پاسەوانان، کەوتە داوو پێوە بوو بەڕێکەوت، گوللەی بەدەفەی سینگی کەوت و بەرکەوت، فیت فیتە لەمل و بەرگی پۆلیسی لەبەردا بوو، ئەوجا زانرا حەمەدی ڕەشەو ئاشکرا بوو، جەستەی پیسی بە جلکی پۆلیسی لەبەر سەرایە دانرا، جاڕچی جاڕیدا خەڵك بێنە تەماشای، عەشاماتی کۆیی دەچوونە سەیری، کاکی ڕەش گەورەترین دز کوژراو لەناو برا.

**نەمانی بەدکاری و تاوانکاریی:**

حەمەدی ڕەش ڕوو ڕەش وەك رەژوو، بووە پەندی زەمانەو نێژرا لەسەر نوێلکی مێژوو، (پاشەڕۆژی دزو جەردە یان مەرگە یان بەندە) بە کوژرانی حەمەدی ڕەش دزی نەما، قەڵای بەدکاری و تاوانکاری ڕما، ئارامی و ئاسایشی کەوتەوە ناو شاری، خەڵکی کۆیە ئەمین بوون لەماڵ و ناو بازاڕی، قایمقام جەمیل ئاغای حەوێزی چونکە ڕەسەن بوو نەك هەرخۆی دزی نەکرد، لەسایەی پایەی دەستی بەسەر سامانی خەڵکدا نەگرت، بەڵکو دزی کوشت و دزی لە ناو برد، بەو کارە قایمقام جەمیل ئاغای حەوێزی، گەیشتە ترۆپکی کەسایەتی و ڕێزی، کە رەمزی بەگ قایمقام بوو لە کۆیە، ویستی ئازاری جەمیل ئاغا بدات و بانگی کردە سەرایە، بۆ لێپێچینەوەو گرتنی، تەنانەت یەکەم خۆپیشاندان بۆ پشتگیری کەسێکی خۆیی بە موسوڵمان و جوولەکەو دیانەوە بە گشتیی کۆیی چوونە بەردەرکی سەرا، ناڕەزاییان دەربڕی کردیان بە هەرا، نابێ جەمیل ئاغا چی لێبێ، سەرەنجام چی لێ بەسەرنە هات و وازیان لێهێناو ئەنجام مێژووی بۆ مایەوە، ئەو زاتە لە1946/3/24دا کۆچی دوایی کرد گۆڕ گرتییە باوەش، شاعیری ناودار مامۆستا دڵزار بۆ مەرگی جەمیل ئاغا شیعرێکی بەجۆش و پڕ پەرۆشی داناوە، شینی بۆ گێڕاوە:

**ڕەفیقان کارەساتێکی بە هێزو گەورە ڕوویداوە**
**پاش کۆچی ئەمیناغا نەبووەو نە نەبیستراوە**
**بەتەرزی شیوەن و ماتەم وڵاتی کۆیەی پۆشاوە**
**لەبەر ناڵەو گرینی گەل زەمین یەك بارە شێواوە**
**چ شیوەن شیوەنی شوومی وەفاتی سەروەری کۆیی**
**دلێرو نایبی میللەت جەمیلاغا کە ناسراوە**
**نموونەی عەدل و ئینساف و جوان مەردی و سەخاو دین بوو**
**لە ئەم زاتە بە بێ شوبهە دڵی هیچ کەس نەرەنجاوە**
**حەیف بۆ خانەوادەی خانە وێرانی حەوێزی حەیف**
**شکا پشت و بڕا جەرگی بەبێ سەردارو سەرماوە**
**دەپرسن ساڵی تەئریخی لە دڵزاری بە دوو تەئریخ**
**وەرامی دا (ولیی غەش چوو) چاکەو جوودی جێ ماوە**
**دووەم تەئریخ چلو شەش ساڵ لەپاش دو پێنج صەدو نۆ صەد**
**لەبیستو چواری مانگی مارت لە دونیا وازی هێناوە.**

<u>سەرچاوەکان:</u>

* دیوانی شێخ رەزای تاڵەبانی.
* مێژووی کۆیە، بەرگی یەکەم، تایەر ئەحمەد حەوێزی.

* گۆڤاری هەولێر، ژ.5 زستانی 2000، نووسینێکی کەریم شارەزا بەناوی (کارگێڕو پیاوی سیاسی کورد جەمیل ئاغای حەوێزی)!.
* هەندێ زانیاری لەبەڕێزان ئاودێر بەکر ئاغا حەوێزی و چەلەنگ رۆستەم حەوێزی وەرگیراوە.
* ئەو شیعرە بەناوی شین بۆ جەمیل ئاغا لەدیوانی دلزار لە چاپی یەکەم ستۆکهۆلم 1992و چاپی دووەم ساڵی 2006 هەولێردا نییە، بەڵام لە گۆڤاری گێتی تازە ژمارە 23 و24ی ساڵی 1946 بڵاوکراوەتەوە.

**بڵند ئەجەوید تا چەند کوردو کۆیی بوو؟**

بڵند ئەجەوید کەسایەتییەکی دیارو گرنگی ژیانی رامیاری سەدەی بیستەمی تورکیایە، پێنج جاران سەرۆك وەزیرانی کۆماری تورکیای کردووە، بۆتە پەرلەمانتار سەر بەپارتی گەلی کۆماری بووە لە تورکیا، نازناوی(قەرەئۆغلان)ی لێنراوە، واتا کوڕە رەشەکە! چونکە لە هە ڵبژاردنی ساڵی 1973 لە وەختی بانگەشەکردندا، پیرەژنێکی هەوادار هاوار دەکا(قەرە ئۆغلانم دەوێ)، بۆیە ئەو نازناوەی لێنراوە.

(رۆبەرت) ساڵی1944 کۆلیژی تەواو کردووە، هەر لەو ساڵەدا دەستی بە کاری چاپ و بڵاوکردنەوە کردووە، ساڵی1957 بەزەمالەی دەزگای(رۆکفیللەر) سەرلەنوێ چۆتە ئەمریکا لە کۆلیژی(هارڤارد) لێکۆڵینەوەی لە بارەی سایکۆلۆژی کۆمەڵایەتی و مێژووی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست ئەنجامداوە!

نووسەرو رۆژنامەوان و شاعیرو وەرگێڕو سیاسەتمەدار بوو، (دە) کتێبی سیاسی بڵاوکردۆتەوە، چەند کتێبی شیعری چاپ کردووە، هەروەك:

**1-سبەی شتێك رووئەدا.**
**2-دەست لەناو دەست خۆشەویستیمان پەروەردەکرد.**
**3-تیشکم لەبەرد هەڵکۆڵی.**

بڵند ئەجەوید دەبێت لە 28ی مایسی ساڵی 1925 لە ئەستەنبوڵ لەدایك بووبێت، لە (5)ی تشرینی دووەمی ساڵی2006 کۆچی دوایی کردبێت و لە ئەنقەرە نێژراوە!

بڵند ئەجەوید لەتەك کاری رامیاری، شاعیرێکی هەست ناسك و بەتوانا بووە، شیعری جوانی بەهێزو بەپێزی داڕشتووە، وێنەی هونەری شیعری ناسکی نەخشاندووە، تا دوا هەناسەی لە خزمەتی سیاسەتی تورك و نەتەوەی تورك بووە، بە شاعیرو رۆژنامەوان و نووسەرو سیاسەتمەداری تورك ناسراوە، بەڵام تەمومژو تامارو تاریکاییەك و تارماییەك هەیە لەڕەسەنایەتی، ماك و رەگ و رەچەڵەکی دەبێت بەڕەگەز کورد بووبێت، چونکە لەڕۆژنامەی(AKSAM) دانی بەوە داناوە، کە بەڕەگەز کوردە!

دەبێت دایكی ناوی(زەهوە) بووبێت، باوكی بڵند ئەجەوید ناوی باپیر بوو، كوڕی فەقێ محەمەدی باجۆرییە. لە ساڵانی شەڕی یەكەمی جیهانی سەردەمی سەفەر بەلك و گرانی لە كۆیە چۆتە موسڵ ئاسنگەری كردووە، لەوێش چۆتە ئەستەنبوڵ بە گوێرەی وتەی شێخ جەنگی شێخ بورهان تاڵەبانی دەبێت لە زەمانی توركان رۆیی بن بۆ توركیا بەڵگەی ئەوە دەهێنێتەوە، كەوا لەساڵی1948 مام باپیر برای مام كەریمی فەقێ محەمەد وێنەیەك دەنێرێتەوە بۆ كۆیە بەدەستی موختاری گەڕەكی بەفری قەندی كە مام واحیدی سۆل درووە بووە، وێنەكە بەلاتینی لێی نووسرابوو مام باپیرو خێزانی لەگەڵ كوڕو كچەكانی تێدا بوو، خوشكەكانی بڵند ئەجەوید دەبێت ناویان بەڵقیس و ریحان و نەرجس بووبێت، لە نامەكەدا ئاماژە بەوە دراوە كەوا بارودۆخ و گوزەرانیان باش و خۆشە! كارمان بە دەستە پێویستیان چییە، هەر كەس لەخزمان ماوە ئاگادارمان بكەنەوە، بەڵام خزمەكانی وەرامیان نەداوەتەوە، فەرامۆشی دەكەن گوایە لەكوردبوونی خۆی لای داوە! بن ئامۆزاكانی لە كۆیە ماون وەك مالی وەستا محەمەدو تایەر مونیف، سەرەنجام بڵند ئەجەوید كورد بووبێت یان كورد نەبووبێت و كۆیی بێت و یان كۆیی نەبووبێت، تۆزو تۆزقاڵێ خزمەتی كوردی نەكردووە، دژی كورد بووە، مایەی شانازی و سەربەرزی نییە، بەڵام مەسەلەیەكی مێژووییە هەقە بزانرێت و بناسرێت یەك وشەی كوردی نەدركاندووە، گەرچی لە زمانی سەنسكریتی و بەنگالی و ئینگلیزی كاری كردووە، شارەزا بوو، بابەت و نووسراوی وەرگێڕاوەتە سەر زمانی توركی، دیوانە شیعری بەتوركی هەیە هەروەك لەشیعری(گونجان) دا دەڵێت:

**بۆشایی و هەور، هەورو باران**
**باران و خاك، چەند جوان گونجاون**
**رۆژو خۆر، خۆرو كێڵگە**
**كێڵگەو گوڵەگەنم، گەنم و مرۆ**
**مرۆڤ و رەنج، چەند جوان گونجاون، كردارو دڵ**
**دڵ و خۆشەویستی، چەند جوان گونجاون**

بڵند ئەجەوید كورد بووبێت، خەڵكی كۆیە یان كانی وەتمانی بووبێت، لە دەسەڵاتی ئەودا جەزرەبەی لەكورد داوە، ئەودەم سەرۆك وەزیرانی توركیا بووە، لە ساڵی 1999 ئەو رایگەیاند كەوا ئۆجەلان گیراوە لامانە لە توركیا، ئەو چركەساتە كوردی هەژاندو گریاند.

بڵند ئەجەوید دەبێت شایانی چی بێت، هەروەك ئەمین بۆز ئەرسەلان رۆژنامەوان و نووسەری بەناوبانگی كورد ئەو بەسەرهاتەی گێڕاوەتەوە:

ساڵی1923 وەفدی توركیا لە لۆزان كە ویستیان رێكەوتننامەی لەگەڵ وەفدی وڵاتانی دیكەی ئەوروپادا واژوو بكەن، رووبەڕووی بەرهەڵستی وەفدی وڵاتانی ئەوروپا بوونەتەوە، ئەوان رازی نەبوون رێككەوتننامەكە واژوو بكەن، وتیان لە كوردستان لەخۆرهەڵاتی توركیا كورد دەژین، ئەگەر ئێمە رێككەوتننامەكە واژوو بكەین كوردەكان چیان بەسەردێت! وەفدەكەی توركیا وتیان: توركیا بەتەنیا دەوڵەتی توركان نییە، بەڵكو دەوڵەتی كوردو توركە ئەم دوو گەلە بڕیاریانداوە پێكەوە بژین، عیسمەت پاشا سەرۆكی وەفدی توركیا داوای لە مستەفا كەمال ئەتاتورك كرد شتێكی وا بكات كە بیسەلمێنێت كوردو تورك پێكەوە دەژین.

مستەفا كەمال ئەتاتورك(حەسەن خەیری) بانگ كرد كە كوردێكی خەڵكی شاری دەرسیم بوو، داوای لێكرد رۆژی دوایی بەرگی كوردی بپۆشێت و لەگەڵی بچێت بۆ پەرلەمان بۆ ئەوەی پیشانی رۆژنامەنووسان و وەفدی وڵاتانی دیكە بدات حكومەتی توركیا كوردو بەرگی نەتەوەیی و زمان و كەلتووری كوردانی پەسەند

کردووە، رۆژی دوایی(حەسەن خەیری) بەهەمان شێوەی کردو بەرگی کوردی پۆشی و لە پەرلەمان سەبارەت بە بڕیاری کوردو تورك، بۆ پێکەوە ژیان قسەی کردو وتی: کورد نایەوێت جیابێتەوە، پاشان ئەتاتورك داوای لێکرد تەلەگرافێکی لەو جۆرە رەوانەی(لۆزان) بکات، حەسەن خەیری بە گوێی کردو بەڵگەی حاشاهەڵنەگری دایە دەست وەفدی تورك و وەفدی وڵاتانی ئەوروپاش رێککەوتننامەکەیان واژوو کرد، پاش ماوەیەکی کەم(حەسەن خەیری) دەستگیرکراو رەوانەی دادگای ئیستیقلال کرا، لەو دادگایەدا قازی و دەستەی باڵای دادگا، (حەسەن خیری)یان بە جوداخوازی تاوانبار کرد، هەرچەند حەسەن خەیری گوتی: نازانن من ئەو کەسەم لە پەرلەمان قسەم کردو تەلەگرافێکم نارد بۆ لۆزان، دادگاش وتی: دەزانین بەرگی کوردیت لەبەرکردووەو چوویت بۆ پەرلەمانی تورکیا، کەواتە تۆ جوداخوازی، حوکمی لەسێدارەدانیان سەپاند بەسەر حەسەن خەیری دا، سەرەنجام لێیان پرسی دوا خواستت چییە؟ حەسەن خەیری هاواری کردو گوتی: لە شوێنێکدا بە خاکم بسپێرن کە سەرەڕێی کوردان بێت بتوانن لەنزیکەوە تێ بپەڕن و بۆ ئەوەی لەسەر ئەو خیانەتەم تفم لێبکەن!

حەسەن خەیری پەشیمان بۆوەو وەسیەتی وای کرد، بەڵام بڵند ئەجەویدی نزم و نەوی بڵند نەبوو بۆ کورد، ئەو قسەیەی نەجووییەوەو پەشیمانی دەرنەبڕی، گەر کوردیش بووبێت، بۆ کورد نەژیا بە کوردی نەمرد، ئاخۆ مێژوو چۆن بڕیار دەدات؟!

سەرچاوەکان:

- کوردستان لە سێبەری مێژوودا. -گۆڤاری گزنگ(بڵند ئەجەوید وەك شاعیر)، وەرگێڕانی لە تورکییەوە(ئەحمەد تاقانە).

- وتارێکی رزگار گەڵاڵی.

## ئەمین ئاغای ئەختەر؛
## ئەستێرەی ئاسمان و چرای دیوەخان

ئەمین ئاغای ئەختەر کوڕی حاجی بەکر ئاغای حەوێزییە، ئەستێرەی کەشکەلانی ئاسمان و لەو رێزییە، ئەختەر واتا ئەستێرە لە ئاسمان نەك لە زەمین، پاسەوانی گەنجینەی دین و دەوڵەت و ئەمین، مەقام ناس و شارەزای شیعرو ئاواز، خاوەنی دیوەخانی هونەرو بەهرەساز، لە خۆڕا نەبووە حاجی قادری کۆیی، بە مەزنایەتی خۆی بە ڕاستگۆیی، شیعری داناوە بەسەر ئاغایانی کۆیە، لەبەرئەوەی لێیان دەوەشێتەوە، ستەمکارو زۆردار نەبووین، بەڵکو خزمەتگوزار بووین:

**دوو ئاغا ماوە وەکو بیستوومە ئەخبار**
**(ئەمین ئاغا)و حەمەئاغای ساحێبی کار**
**ئەمین و پشتیوانی قەسری میللەت**
**نیگەهبانی خەزێنەی دین و دەوڵەت**

لە شیعرێکی دیکە حاجی قادری کۆیی بێ منەت، دیسان باسیان دەکاتەوە بە جوانی:

**وه یاخود وهك(ئەمین ئاغا) بەهیمەت**
**بکا بۆ قەسری میللەت پاسەبانی**

ئەمین ئاغا، نۆبەرەی حاجی بەکر ئاغا، ماکی پیاوەتی لەوەجاغا، دایکی زەمانە(حەلیمە خان)، ئۆیە*، لەساڵی 1838 لەشاری کۆیە، دیاری نایابی هێنا، ئەمین چاوی هەڵهێنا، بەدە ساڵی قورئان و فارسی خوێندووە، فێرە خوێندن و نووسین بووە دوایی چۆتە(بەغدا) دەرسی وەرگرتووە، زمانی کوردی و تورکی و عەرەبی و فارسی زانیوە، شیعری پی داڕشتووە، لە تەمەنی 15ساڵیدا باوکی مردووە، بۆتە جێنشین، لە جێی باوکی دانیشتووە، بۆتە سەرداری بنەماڵەی حەوێزی، لە لوتکە بووە خۆشەویستی و رێزی، بە تەمەنی هەرزەکاری، شاعیری جوانی و دڵداری، دەگاتە عەرشی ئەعلا هاواری:

**بەتیری غەمزەکەی دوو چاوی مەستت بریندارم**
**دەچی بۆ عەرشی ئەعلا دائما فریادو هاوارم**
**فیدات بم تاکەی ئەم جەورە، بە کوشتن سا عیلاجم کە**
**لە دەردو میحنەتی دووری گەلێ لەم ژینە بێزارم**
**لە پاش مەرگم چ فایدە بێیە سەر قەبرم لەبۆ شیوەن،**
**هەتا ماوم نەفەس بفەرموو بپرسە چۆنە بیمارم،**
**وەسیەت بێ کە مردم کێل و تابووتم لەعەرعەر بێ**
**هەتا عالەم بزانێ من شەهیدی قامەتی یارم**

ئەمین ئاغای ئەختەر، هەست ناسك و دڵ تەڕ، ئەویندارو عەشقی(رابی)، بەشەرع پێی ناشێ و بۆی نابێ، بەیەکەوە شیریان خواردووە، دایکی(رابی)، دراوسێ و دایەنی ئەمین ئاغا بووە:

**ماڵی بابم رابی**
**سەد ساڵان لە(گڵ)ی دابی**
**زێرەو هیچ قەڵب نابی**

ئەو عەشقەی(رابی) بیر ناچێتەوە، تا مردن پێی دەتلێتەوە، تا دوا هەناسە سارێژ نەبوو ئەو دڵەی پڕ لەبرینە:
**ئەمان ساقی دڵی شەیدا، لە جەوری دیدە غەمگینە**
**لەنەشئەی چاوەکەی مەستت پیاڵە پڕکە بۆم بینە**
**فیدای چاوی سیاهت بوو، کە هۆشم بوو ئەویشم چوو**
**بە تاراجی نیگاهت چوو، ئەگەر عەقڵەو ئەگەر دینە**
**ئەگەر مەقسودەکەت مەرگی منە، فەرماندە تا بمرم**
**لەتۆم روح، چاو نییە روحم، لەبەرچی ئەم رق و کینە**

ئەمین ئاغا سوتاوی ئاگری عەشق بووە، داهێنەرو پێشەنگ و سەرمەشق بووە، بۆ خۆشخوان و مەقام زان خۆی راژاندووە، سەری بۆ لەقاندووە، مژی لە قەنە داوە پشکۆی گەشاندۆتەوە، بە گڕی وشەی شیعر

ئـاگری کـردۆتەوە، ئەگەر مەقـام و گـۆرانییەکی بە دڵ بـووبێ، هەمـوو جەسـتەی کـردۆتە گـوێ لە دیـاری دانیشتووە! بە خۆشییەوە هۆن هۆن فرمێسکی بۆ هەڵڕشتووە:

**ئەسیری میحنەتی هیجرانی تۆم یاری وەفادارم**
**کوژراوی خەنجەری موژگانی تۆم مەحبووبی نازدارم**
**عیلاجێکم بکە دەردم گرانە قیبلەکەی دینم**
**نەوەك بمرم بە ناکامی غوڵامێکی ئەمەکدارم**
**دوێنێ زوڵفەکانت نارد بوو، تا دڵ لە من بکڕن**
**دەخیلت بم وەرە لێیان گەڕێ مەشکێنە بازارم**
**سەرو ماڵم بە قوربانی پیاڵەی چاوەکەی مەستت**
**وەرە خێرت دەگاتێ، بمکوژە لەم عومرە بێزارم**

دەنگخۆشـی، مەقـام زانـی، بـەهرەمەنـدی، لـە هەر کـوێ بـووبێ گلـی داوەتەوە، دڵـی راگرتـووە، کۆی کردۆتەوە، هەموو شەوێك پاش نـوێژی خەوتنـان، دیوەخـانی هونـەری پـێ جۆشداوە، لەسـەر رەزانیش بەزم و ئـاهەنگی سـازداوە، مامۆسـتای مەقـام و شـاعیر(ئەمین ئاغـا)، سـازو ئـاوازو موزیـك جۆشـاندوویەتی لە ناخـا، بەستەو گۆرانی، بە وەستایی و( لێزانی)، لێی زانیوە بە جوانی، بە ئەوین بریندار بووە، ئەویندارو دیندار بووە، کەچی بۆ عەشق فەرموویەتی:

**خاڵی رەشی سەر رووومەتی**
**حەجەر ئەسوەد خۆیەتی**
**هەرچی بکا زیارەتی**
**لەمەرتەبەی شەهیدانە**

ئەو شیعرە، نە کفرە، نە تاوانە، سۆزێکی سووتاوی عاشقانەیە، ئەختەری ئاسمان گەشـاوەو تاقانەیە! ئەو گەنجینەیە لە گۆشەی سەرنجە:

**دەخیلت بم لە عوشاقت مەرەنجە**
**دڵ و دینم فیدای ئەم لارو لەنجە**
**هەتا وەك شیری دایکت لێت حەڵاڵ بێت**
**خەناوی کە بە خوێنم دەستو پەنجە**
**ئەوەندەم خاك بەسەردا کرد لە هیجرت**
**زەمین دوو بوو بە تۆز ئێستاکە پێنجە**

هەرچەند ئەمین ئاغای ئەختەر بە مرازو ئاواتی خۆی نەگەیشتووە، لە رێگای ئەوینداری ئازارو بێزاری چەشتووە، بەڵام لە ژیانیدا، لە ماوەی خێزانیدا، دوو ژنـی هێنـاوە، ژنـی یەکەمـی(حەلیمە حـاجی مەلا ئەسعەدی جەلیزادە)، کچی پوری بووە، ژنی دووەمی(عائیشە مەلا خالید)، ناسراو بە(داك ئایشۆك) سـەرجەم نۆ کوڕو پێنج کچی هەبووە، کوڕەکانی(کاکە فەندی، سەلیم ئاغا، ساڵح ئاغا، ئەحمەد ئاغا، مەحمود ئاغـا، حـاجی حەمید ئاغا، ئاغـا تـەها، بـرایم ئاغـا، حـاجی مـحەمەد ئاغـا) کچەکانی:(فـامی، حەبیبـە، رەحـمە، خەدیـجە، تفـاحە)، دیوەخانەکەی کتێبخانەو یانەی ئەدەب و هونەرو بەزم و ئاهەنگی خۆشی بووە، مۆنجەی هاتووە لە دەنگخۆش

و شاعیرو بە هرەوەر. یاری سینی و زەرفانێی لێکراوە، بەزم و رەزم و ئـاهەنگی تێدا گێڕاوە، کەیفی و شێخ رەزای تاڵەبانی و سەردەمێك حاجی قادری کۆیی جێی دیارو تایبەتیان هەبووە لە دیوەخانەکەی ئەمین ئاغا، ئەمین ئاغاو شێخ رەزا نێوانیان خۆش بووە، پەلاریان لە یەکتر گرتووە، جنێوی بە ئەدەبیان بە یەکتر وتووە، کەچی شێخ رەزا شیعری داشۆری و ستایشی لەسەر ئەمین ئاغا نییە! پەلاریان بە یەکتر داداوە هەروەك دەگێڕنەوە ژنێکی شۆخ و شەنگ و ناسك و نازدار بە بەردەمیان تێدەپەڕێت شێخ رەزا بە ئەمین ئاغا دەڵێت:(حەیاتە)، ئەمین ئاغاش یەکسەر دەڵێت(حەیا)ت نییە واتا ناموست نییە!

جارێکی دیکە شێخ رەزاو ئەمین ئاغا لەسەرچاوەی حەمامۆك دەبن، شێخ رەزا بە ئەمین ئاغا دەڵێت ئێرە کوێیە؟! ئەمین ئاغا دەڵێت: حەمامۆکە، شێخ رەزا دەڵێت لە حەمامۆکتان بەم، ئەمین ئاغاش دەڵێت: ئێوەش لە کەرکوك رووباری خاسەتان هەیە، منیش لە خاسەکەتان بەم!!.

ئەمین ئاغا دۆست و خۆشەویستی حاجی قادری کۆیی بووە، بۆیە ناهەقی نەبووە حاجی قادری کۆیی، پێی هەڵبڵی بەشانازی و شکۆیی، هەروەك ئەو شیعرەی نایابەی پێدا هەڵگوتووە:

**ئەی محەمەد وەی ئەمینی دەولە ئیمڕۆ کۆیەی تۆ**
**جەنەتێکە کەوتە دۆزەخ هەرکێ لێت دوورکەوتەوە**
**چونکە توحفە لازمە هەر کەسی لە غوربەت بێتەوە**
**بەم دوو فەردە من قەزای سەد گۆنە توحفەم کردەوە**

ئەو شاعیرە پایەدارە، ئەو ئەستێرە پرشنگدارە، لە 11/5/ 1888 لە ئاسمان کەوتە خوار بەرەو بەهەشت، شیوەن گێڕان، بە بەیت و سەردولکە سێ مانگان، لەسەر گۆڕەکەی شیوەنیان گێڕاوە قوڕیان پێواوە، بەیداغیان هەڵکردووە،(کۆتەڵ)یان بۆ دروستکردووە، تا ساڵێك خۆشخوانەکان لەسەر گۆڕەکەی گۆرانی و بەستەیان وتووە، لەپاش مەرگم چ فایدە!!

*ئۆیە: دایکی ئەمین ئاغایە ناوی حەلیمەخانی کچی حاجی یاسین بووەو بەئۆیە ناسراوە خێزانی حاجی بابەکر ئاغا بوو.

سەرچاوەکان:
1-ئەختەر شاعیری جوانی و دڵداری، ئازاد عەبدولواحید، 1976.
2-دیوانی ئەختەر،تایەر ئەحمەد حەوێزی، 2002.
3-ئەمین ئاغای حەوێزی-ئەختەر، سەلاح شێخ شەرەف، 2008.

## قولغێك لەقەڵای دمدم

بنەماڵەی غەفووری لە کۆیە بنەماڵەیەکی دیارو دێرینن، کۆیە بە بنەچە سەر بە قەڵای دمدم و خانی لەپ زێڕینن، هەرچەند بەڵگەی مێژووییان نییە بێ سەرچاوەی نووسراون، زانیارییەکان دەماودەمن، هەر بیستراون، ئەوەی بیستراوە لە غەفووریان بە ناهەق قرچ و بڕ کراون، لەسەر سینگی ئاوڕەحمان ئاغای برا گەورەی غەفووریان 12مێردو دوو برا سەربڕاون، نوقەی نەکردووە پەشیمانی هەر دەرنەبڕیوە، دوایش

ئاوڕەحمان ئاغاشیان گۆشاوگۆش سەربڕیوە، پێنج منداڵی ساوا ماون لە ماڵی سەیدە گچکەلەو کاك شێخەڵڵا لە کۆیە حەشار دراون، بەهەرحاڵ و داستان و ئەفسانەیەك بێ قوتار کراون، ئەو پێنج بەچەیە وەچەیان لێ بۆتەوە، ژیلەمۆی ئاگردانی غەفووریانیان گەشاندۆتەوە، ئەویش خالید ئاغاو قوتاس ئاغاو مەروان ئاغاو ساڵح ئاغاو غەفوور ئاغا بوون، ئەو پەندە باوە لەسەر زاران:

**خالدو قوتاس و مەروان**

**دەستیان دا تیغی دەبان**

**بەمیر چۆڵ دەکەن دیوان**

**کارەساتی خوێناوی**

ساڵح و غەفوور دەبێ برا بووبن، غەفوور ئاغا باوکی باپیری حەمە ئاغا بووە، مەردایەتی و جوامێرییان لەناخ و بناغە بووە، غەفووریەکان بە کارەساتی خوێناوی راهاتوون لە گوندی (وەرتێ)ەوە بۆ کۆیە هاتوون، شەرەفانی و ئەسپیندارەیی و غەفووری و ساڵحی یەکن، دەچنەوە سەر یەك بنەچەو یەك رەگن، غەفووریەکان لە کۆیە لە سەردەمی مەحمود ئاغاو حەمە ئاغای گەورە بوونەتەوە دەسەڵاتدار، چەرخیان سوڕاوەتەوە، هاتوونەتەوە گەڕوکار، جوامێرو مەیدانی بووین، تەژین لە شۆڕەسواری دیار، حەمە ئاغای کۆیە ئاغای دەربەندو میری قەڵات بووە، بە موڵك و ماڵ و داهات و مەڕو ماڵات بووە، لەگەڵ سامانداری سەخی و بە دەسەڵات بووە، لە ژیانی خۆیدا پێنج ژنی هێناوە، ژنەکیان سەیدو یەکیان رەمك و سێیان حەوێزی بووە، سەیرە لەو(پێنج) ژنە سێیان ناویان (ئایشێ)بووە، حەمە ئاغای کۆیە هەشت کچ و یەك کوڕی وەبەرهەم هێناوە، لە ساڵی 1914 لە ئایشەخانی کچی ئەسعەد ئاغای حەوێزی خوا کوڕێکی پێداوە، بە حەمەزیاد ناویان ناوە، ناسراوە بە کاکە زیاد، لەو هەمووە موڵك و ماڵەی حەمەئاغا هەی داد هەی بێ داد، یەك کوڕ لەخوا بەزیاد بێ شوکرو رازی بوون خەندان و دڵشاد، لەبەر نزاو نووك و چاوو زار، کاکە زیادی تاقانەو نازدار لە ماڵی خۆی بەخێونەکراوە، لە شیواشۆك بە دایەو دایان دراوە، هەموو خەرجیەکی بە زیادەوە کێشراوە (داری بن پتەو لەبای بەهێزو زریان ناترسێ، توخم و ماکی رەسەن بێ هەر کەسێ)، پاش لە دایکبوونی بە چەند ساڵێك حەمەئاغای باوکی داوەتێکی گەورەو گرانی کردووە، لە گوندی هەرمۆتە بانگی عەشامات و کەسایەتی و پیاوماقوڵانی کردووە، کاکە زیاد بە بەرگی شوانکارەیی دەهێنن بە بەرچاوی باوکی تێی دەپەڕێنن، حەمەئاغا سەخاوەتی و نان بدەیی و بەخشندەیی بێ پایان بووە، نەك نان و گایەك گاڕان و مێگەلی بۆ میوانان بووە، ناوو ناوبانگی لە بەهشت و مێژووە، چونکە لەساڵی گرانی خەڵکی لە برسان قوتار کردووە، حەزرەتی حاجی قادری کۆیی باسی کردووە بە جوانی:

**کەسێ پیاوە کە دانێ وەك حەمە ئاغا**

**لە بۆ ئەبنایی جنسی نان و خوانی**

یەکەم کۆیی بووە ببێ بە قائیمقام و حاکمی شار، تا لە1920/8/3 دەچێتە بەر دلۆڤانی خوا، سەخاوەتی لە مێژوو دەمێنێتەوە، ئاگردانی هەر دەگەشێتەوە، تا پیاوەتی مابێ حەمە ئاغا ئەستێرەی ناکوژێتەوە هەر دەدرەوشێتەوە.

## کۆمەڵەی منەوەران

کاکە زیاد تەمەنی شەش ساڵان بووە، کە حەمە ئاغای باوکی کۆچی دوایی کردووە، دایکی کاکە زیاد(ئایشەخان) هاوشانی حەپسەخانی نەقیب و خانمی وەسمان پاشای جاف بووە، لەگەڵ عەیشانی کچی حاجی ئەبابەکری رەمك، مەردایەتی و ئازایەتییان گەیشتۆتە ترۆپك، عەیشانی رەمك شێرەژن و شەڕکەرو بەدەمار بووە، دەستی کردۆتەوە لەشەڕدا، حەمە ئاغا دەستگیرکراوە بە هۆی برینداری، عەیشان خان قوتار بووە، شایانی شانازین هەردوو ژن هەردوو ئایشان، تەواری لوتکەی هەڵوێست بووین بە ناوونیشان، کاکە زیاد تا پێنجی سەرەتایی خوێندووە، فێرە زمانی عەرەبی بووە، لەساڵی1931 لەگەڵ شۆڕشی یەکەمی بارزان، تێکەڵاوی بزووتنەوەی کوردایەتی بووە، ئەو سەردەمە لەگەڵ روونـاکبیرو تێکۆشەران کۆمەڵەی لاوانیان دامەزراندووە بە ناوی(کۆمەڵەی منەوەران)، لە حزبی هیواو ژێ کاف و حزبی رزگاری کاری کردووە، لەگەڵ دامەزراندنی پارتی دیموکراتی کوردستان بە سەرۆکایەتی مەلا مستەفای بارزان، کاکە زیاد جێگری دووەمی سەرۆك و ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی پارتی بووە، پیتاك و کۆمەکی بۆ کۆماری مهاباد ناردووە، بانگی کوردایەتی داوەو راسپاردەی گەیاندووە، ساڵی1947 بۆتە ئەندامی پەرلەمانی عیراق، پاش رووخانی کۆماری مەهاباد تێکۆشەرانی کوردی رۆژهەڵاتی حەواندۆتەوە، گیانی پیاوەتی و برایەتی ژیاندۆتەوە، کە شۆڕشی ئەیلول هەڵگیرسا کاکە زیاد گیراو لەبەندیخانەی(کووت) پەسترا، بۆ مێژوو مەحمود ئاغای کوڕی یەکەم پێشمەرگەو هەڵگیرسێنەری تروسکەی ئاگری شۆڕشی ئەیلول بووە، ئەو شەڕەفەی پێ دەبڕێت ئەوە راستییەکی مێژووییە.

لە9ی حوزەیرانی ساڵی1963 کاکە زیاد پەیوەندی بە شۆڕشی کوردستانەوە کردووە بێ لادان و بێ کۆڵدان تانسکۆی شۆڕش ساڵی1975 بەردەوام بووە، (حەیف لە1991/4/12 لە کۆڕەو لەشاری(ورمێ) گیانی پاکی بە کوردو کوردستان سپاردووە)، مرۆڤ قوتابییەو زەمانە مامۆستایەتی، ئازایەتی، مەزنایەتی، توانایی و کەسایەتی، هەرگیز نابەخشرێت، بەڵکو بەدەست دەهێنرێت، تێکۆشەرو روونـاکبیری راستەقینە بۆ مرۆڤ وەك هەتاو وایە بۆ زەوی، ئازایەتی ئەوەیە هەرکاتێ کەوتی هەستی و نەسرەوی، جوانی ئاسمان بە ئەستێرەکانیەتی، جوانی کۆیەش بەمەردو مێ و مێرەکانیەتی، رێزو گوڵباران، شیعرێکی مەحوی بۆ یادی نەمر کاکە زیادی:

**بیبێ یان نەیبێ، من دادو بێدادێ دەکەم**
**گوێ بداتێ یان نەداتێ، ئاهو فریادێ دەکەم**
**حەققی ئیخلاسە، بەجێ هێنانی ئاوابێ خلووس**
**پێ بزانێ یان نەزانێ من بەدڵ یادێ دەکەم.**

**پوورە ئایشێ.. تەوارێك لەبەرزایی هەڵوێستدا**

ژن بوونەوەرێکە لە نێوان نێرینەو فریشتە، جوانترین دیاری ئاسمان و سروشتە، ئەگەر هەموو جیهان بچووك بکرێتەوە، هێشتا ژن بە گەورەیی دەمێنێتەوە، سروشتی ژن جۆرێکە لە سیحرو دڵرفێنی و جوانی، پڕە لەسۆزو میهرو نەرم و نیانی و دلۆڤانی، ژن سەرچاوەی هەڵقوڵینی هەموو خۆشەویستەکانی ژیانە، زەردەخەنەی ریشاڵێکە لەڕۆشنایی هەتاو، بۆیە گوڵ و گیانی ژیانەو کچی جیهانە، دەیان وتەی نەستەق و جوان دەبێژن، دەرهەق بە سروشت و مەزنایەتی ژن، چونکە ژن گەوهەرێکی بەنرخ و گەنجینەیەکی گەورەو گرانبەهایە، فەرموودەیەکی پیرۆز هەیە(بەهەشت لەژێر پێی دایکان دایە)، لەنێوان ئەوانەی کە دەگرین گریانی دایك دیارترە، بە تایبەتی دایکە شەهید کوورەی دەروونی پڕ گڕو گڵپەدارترە، جەرگ سووتانی لەهەموو ئاگرێك بڵێسەدارترە، شەنگوڵ و شاگوڵی باخچەی شەهیدان، (پوورە ئایشێ)ی رووسوورو سەربەرزو گوڵنیشان، شابازی گیانی کەوی بووبوو لەمێرگی سەوزو چیایی بەرزو کانی سازگارو تەزی، تا ئەو رۆژەی هەناسەی تێدا بوو ورەی بەرنەداو نەبەزی، جوانترین تابلۆ لەجیهاندا، کە دەمێنێ لەناو دەروون و ویژداندا، تابلۆی ژنێکی ئازار چێژە، کە بە فڵچەو بۆیە رەنگڕێژە، بابێ، نیگارکێشێ، تابلۆیەك بنەخشێنێ و بکێشێ، ژیانی پڕ ژانی، جەرگ سووتانی پوورە ئایشێ، دەبێ فرمێسك ببارێنێ، هەر هەناسە هەڵکێشێ، شێرێك بۆ بەچکەکەی، سەد تیر لە خۆی دەدات، چۆلەکەیەك بۆ فەرخەکەی، بەجریوە جریو چ حەشرێك دەکات، باخەوانێ چەند غەمێتی نەمامەکانی هەڵکێشرابێ، ئەدی دایکێك سەرجەم کوڕەکانی شەهید کرابێ!! دەبێ لەناو هەناوی چ گڕو ئاگرێکی تێدابێ!! ئاخۆ دڵ و جەرگی چۆن سووتابێ! چەند برژابێ!!

هاوسەرەکەشی(سەعید عەباس) وەك شەهیدێکی گومناو و مێرخاس، لە نسکۆی شۆڕشی ئەیلول، لە ئەژمەتان، لە حەسرەتان، گیانی سپارد بە کوردو کوردستان، پاشان هەر سێ کوڕی(جەعفەر ساڵی1979، هەڵمەت ساڵی1987، هێرش ساڵی1988) شەهید کران، لە گۆڕەپانی کوردایەتی، لە سەنگەری پێشمەرگایەتی، پوورە ئایشێ نکۆڵی و پێکۆڵی (تەحەددای) هەموو سەختییەکی کرد، بەرگەی هەموو ناهەمواری و بەد بەختییەکی گرت، کام ژن بە قەد ئەو ئازاری چەشتوو بوو، جەرگی هەلاو هەلاو پڕ برین و قەڵشتوو بوو، چونکە لە ژیانی خێرو خۆشی نەدی، جگە لە کارەسات و نەگبەتی و بەدی، چەند جوانە مرۆڤ لە تاریکیدا باوەڕ بکات بە ڕووناکی، بە ئایندەی گەش و سەرکەوتن، بە ورەو خۆڕاگری و بێ باکی، دایکی شەهیدانی کۆیە ببوە ناو و هێمای ورەو بنەماکی رێکی و پاکی و چاکی، ئایشەی وەستا عەبدوڵڵای کورتان دروو، ژنێکی هەناسە ساردو ماندوو، ئارام و بە خولق و خوو، بسك سپی و رووخۆش و کەمدوو، خان و مان و لەخۆ بردوو، قەت گلەیی و تکاو داوایەکی نەبوو، بۆیە قوڕس و گران لە تەرازووی ویژدان، بە تەنیا تایەکی هەبوو، نموونەو شاژن و شانازی بوو، ئومێدو ورە بەرنەدان رێبازی بوو، بە جۆشترین گریان شیوەنی دایکێکە بۆ رۆڵەکەی، جوانترین گۆرانی لای لایەی دایکیشە بۆ کۆرپەکەی، ئاخۆ دەبێ چەند لایە لایەی کردبێ بۆ رۆڵەکانی، چەند فرمێسکی رشتبێ بە کانی چاوەکانی، هەتاو دەتوانێ، ئاوی رووبارەکان، کارێزو جۆبارەکان، وشك بکات، بەڵام ناتوانێ، ئاوی فرمێسکی دایکی شەهیدەکان لە چاوەکانیدا چك بکات! (رۆح) گیانی رەوان بە توخم و ماکێکی نادیارو نەبینراو دانراوە، سەرچاوەکەی دەگەڕێتەوەو پەیوەستە بە ئاسمان و خوداوە، بەڵام پەپولەی رۆحی پوورە ئایشێ، دەبینرێت لەسەر مانگ و ئەستێرە هەڵدەنیشێ!! لە2011/11/16، لەگەڵ هاوسەرو کوڕەکانی یەکیان گرتەوە، لە گۆڕستانی شەهیدان لەبەهەشتی نەمری جێی خۆیان کردەوە.

## کەس نەڵێ دڵدار مردووە؛ هەر زیندووە

دڵدار لە بنەماڵەی خادم سوجادەیە، دایکی زەهوەخان شۆرەتی عەلەم زادەیە، دایکی لەگەڵ حاجی قادری کۆیی، دەبنە خزم و یەك تیرەو یەك تۆیی، لە کۆتایی سەفەر بەرلەك و ساڵی گرانی، لە وەختی قات و قڕی و برسیەتی و بێ نانی، لە 20ی شوباتی ساڵی 1918، لە شاری کۆیە لەو رۆژە هاتۆتە ژیان و دراوە موژدە، خوا کوڕێکی هێنا، ناوی(یونس)یان لێنا، رۆژگار سەخت بوو، خەڵك دەغڵودانی دەشاردەوە، بۆ لە دایکبوونی کەس لەنگەری نەبردەوە، یونس رەئوف گوایە پێ و قدومی خێر نەبووە، ئەو رۆژەی لە دایکبووە، جندرمەی عوسمانی چی دەغڵودانیان هەبوو، هەموویان بە تالان بردووە، چاڵە دەغڵەکانی ماڵی دڵداریان دۆزیونەتەوە، یەك قلە گەنمیان بۆ نەهێشتوونەتەوە، ناچار بۆ بژێوی کەرەستەی ماڵیان فرۆشتووە، بەرەو رانیە باریان کردووەو کۆیەیان بەجێ هێشتووە، پاشان گەڕاونەتەوە کۆیە دوایی چوونەتە هەولێر، یونس رەئوف پاوانە لەپێ کۆچك لەسەر، کۆچك رازاوە بەپلپڵەی زیو و زێڕو گەوهەر، لەلەی هەبووە بە ناوی فاتمە سەیدی، بۆی بۆتە پەروەردەکارو ئاسۆی ئومێدی، مەڕو بزنۆکەی بۆ گێراوەتەوە، پەندو مەسەلۆکەی بۆ هێناوەتەوە، بەلایەلایەو سۆز خەواندویەتی بەناز، هەر بەباوەش گەڕاندویەتی، وای بەخێوکردووە ئیدی، نەیزانیوە ناوی پێی گوتووە واوەی سەیدی! بەچوار ساڵی توشی نەخۆشیەك بوو، پێی لاڵ و زمانی لاڵەپەتە بووە، تا دوای هەناسەی ژیانی زمانی هەر گرتووە، دایکی دڵدار ژنێکی بەخێوکردووە، دوو کوڕی هەبووە، خدرو عەزیز، کە یارییان کردووە بەنواندن، دڵدار بۆتە ئاغاو کوڕەکان بوونەتە نۆکەر، هەر فەرمانی کردووە، دڵدار ئەو دەروون بەرزییەی لەوەوە سەرچاوەی گرتبوو، خدرو عەزیزو واوەی سەیدی وایان فێرکردبوو، خۆڕاگر، بەرچاوتێر، دەروون بەرزو قورس و گران، لە بەردی بناغەوە بووە کەسایەتییەکی بەناونیشان! پێگەی بنەماڵەی خادم سجادە هێندە خوێندەوارو هۆشیار بووین، لەو سەردەمەو لەو رۆژگارە، لەساڵی گرانی لەوبارە نالەبارە، رۆژی لەدایکبوونی دڵدار، تۆمار بکەن بیکەن بە یادگار، گرنگ و هونەر بوو، رۆژی لەدایکبوونی بکەن تۆمار!

**ناوی خادم سەجادەیان پێ بەخشرابوو**

جگە لەوەش بەرماڵی پێغەمبەریان لەماڵ بووە، جدی گەورەیان لەپشت و پەناو پاڵ بووە، بەرماڵی پێغەمبەر هێندە پیرۆزو موتەفەرك بووە، بۆتە هێزێکی ئاینی و بە ئەرك بووە، لە مووی حوشتر دروستکرابوو، بە دیاری بۆ بنەماڵەی دڵداریان هێنابوو، بۆیە ناوی خادم سەجادەیان پێ بەخشرابوو! بە بۆنەی پیرۆز بەرماڵیان دەر دەهێنا، نیشانەی خەڵکیان دەدا، دەبوو بەزیکرو حەشرو حەلا! چی موسڵمان و بڕوادارە، ناتوانێ مزایەدە بکا بەسەر ئەو بنەماڵە پایەدارە، چونکە لەئاستیان قەرزار بارن! وەك ئەستێرە دیارو پرشنگدارن!

دڵدار ساڵی(1945) کۆلێژی حقوقی تەواو کردووە! زمانی کوردی، عەرەبی، تورکی، ئینگلیزی، فارسی، فەرەنسی زانیوە، دڵداری دڵدار دووجار ئەڤیندار بووە، سۆزو ئەڤینی بۆ دوو نازدار بووە، کە لەکەرکوك خوێندکار بووە، عەشقی کچێکی خزمی خۆی بووە لە کۆیە، شیعری ئەی بادی شەماڵی داناوە بەو هۆیە، بۆی دەفڕێ بەعەشق و خەیاڵ:

**ئەی بادی شەماڵ، ئەی بادی شەماڵ**
**پۆستەی هەوایی دڵەی پڕ زوخاڵ**
**دەستم دامەنت دەچی بۆ کوێندەر**
**ناچی بۆ کۆیە مەئوایی دولبەر**
**وەك عەرەب دەخیل گەر چووی بۆ ئەولا**
**مەوەستە تاکو بەردەمی لەیلا**
**تیری نیم نیگای لەدڵدا روا**
**پێی بڵێ قوربان لەو رێگەوبانە**
**لەم چەم و بێشەو هەردەو کێوانە**
**شێتێکی ریسواو رووت و قووتم دی**
**فرمێسکی تاڵی وەك یاقووتم دی**
**کە لێی ون ئەبێ بانگ ئەکا هەی یار**
**بەسۆزی ئەگریا هاوار هەی هاوار**

کە لە بەغدا لە کۆلێژی حقوق بووە، دڵی بۆ بەهیە فەرەجوڵلای کوردی راخستووە، لە کوورەی هەناوی شیعری خەندەکەی بایی بۆ رێکخستووە، بە تابلۆی پڕ نیگاری:

**دە هەڵسە با بیناکەین مەعبەدی پیرۆزی دڵداری**
**لە تیشکی رۆژ، لە شەوقی مانگ، لە ڕەنگی پەلکە رەنگینە**
**لە هەر کامەی بڵێی پاکە، لە کردەی قودرەتی باری**
**نیشانەی کرد گارێکە، بناغەی پەیرەوی دینە**
**لە شوێنێ پڕ لە هەستی بێ**
**کەرەستەی خۆشەویستی بێ**
**لە نێوان ئەم باغە بێ جێگەی کە تۆم لێ دیت لە هاوینا**
**لە پەڵکی تازە پشکوتووی نەژاکاوی گوڵی نەسرین**
**کراسێکی سپی بێگەرد، دروست کە، شەنگ و دامەن شۆڕ**
**لەبەرکە زوڵفی زێرینت بەسەریا بێنە خوار چین چین**
**پەڕی تیم تیم بە ڕازو ناز لە بۆتی بێنن بنەوشەی مۆر**
**ببەن کرنووش، بڵێن ئەی شۆخ، پەری زادەی گزنگی خۆر**

سەرنجی ئەو شیعرە ناسکەی، ئەو دیمەنە رۆمانسییەی بە وردی، ئەرێ دڵدار توخوا چ بەرزییەك بووە لە لوتکەی شیعری نوێ خوازی کوردی، سەرەنجام بە ئاکام نەگەیشتووە، بە ناکامی بێ هاوسەر بووە سا وەك

حاجی قادری کۆیی، بۆتە وارسی عیسا، لەڕاستیدا دڵدار دڵداری کوردو کوردستان بووە، لایەنگری ئاودێرو لالەباس و توتنەوان و زەحمەتکێشان بووە، شیعرەکانی بەڵگەن، گەواهی دەدەن:

ئەی رەقیب، ئەرێ ئەی لاو، کوردستانی خۆش نیشتمانی جوان، ئەی کورد، بڵێ سەربەستی، من رۆڵەی کوردستانم، لاوی کوردان، منداڵی هیوا.

دڵدار پەروەردەی واوەی سەیدی و زەهوەخانی دایکی و ئەسعەفی برای رابەر بووە، شیعری حاجی قادری کۆیی و زۆربەی شاعیرەکانی لەبەر بووە، مەفتوونی قولەی رانیەو چیای باواجی و قەڵاو منارەو گڕی بابەگوڕگوڕ بووە، بە قاسپەی کەو، خوڕەی ئاو، دەنگی شمشاڵ، هاژەی ئاوی مەلا زیاد، گوێی پڕبووە،! چاوی پشکوتووی شاخ و فێری سەیرانی باخ و لە سۆزو دەروون و ناخی کوردستانی پێ قیبلە گاهو دین و ئاین و ئیمان بووە، چونکە خوڵقاوی کۆیەو خاکی کوردستان بووە، دڵداری جوانەمەرگ (30)ساڵ ژیا بەڵام دووجار نێژرا، جاهیدی شاعیر بۆ مەرگی دڵدار هاواری دەگاتە ئاسمان:

**دڵدار مەلێ بوو رۆیی لە دەسمان**
**بردی لەگەڵ خۆی مەیل و هەوەسمان**

دڵزاری هاورێی بۆ مەرگی شین و رۆڕۆی بۆ کردووە لە کوورەی پڕ پشکۆ:

**هەی ڕۆ کاکەڕۆ کاك دڵدارم ڕۆ**
**هاوڕێی بەنرخ و بەهادارم ڕۆ**
**شاعیری گەنج و پڕ شعورم ڕۆ**
**ئەدیبی گەورەو بێ قسورم ڕۆ**
**محامی گەلی هەژارانم ڕۆ**
**رێی نیشانـــــدەری بێچارانم ڕۆ**
**خونچەی نەشکوفتەی هەڵوەریم ڕۆ**
**نەوجەوانێکی خێر نەدیوم ڕۆ**
**کۆچکردووی یانزەی چل و هەشتم ڕۆ**
**یونسی رەئوفی پاك رەوشتم ڕۆ**
**هەی ڕۆ کاکە ڕۆ کاك دڵدارم ڕۆ**
**هاوڕێ دڵزاری دڵ بەبارم ڕۆ**

کەس نەڵێ دڵدار مردووە؛ هەر زیندووە
دەمێنێ ناو و نیشانی، قەت نانەوێ دیوان و شیعرەکانی!

تا سروودو شیعرو گیانی شۆڕشگێڕانە بمێنێ، دڵدار نەمرە لە خانەی هەرمان: (ئەی رەقیب هەر ماوە قەومی کورد زمان).

# ڕۆژگاری خەزنەدار

باخەوانی لە باخی شیعرو چامە، بە خاکەنازی بیرو خامە، دێر دێر ئاوی گوڵانی دێراوە، دیوان بە دیوان، گوڵ بەگوڵ لە شاعیرانی کلاسیك گەڕاوە، وەك بولبول و هەنگ لە گوڵزاری ڕەنگین و ڕەنگاو ڕەنگ، هەڵاڵەو گوڵاڵەو شیلەو شەکرە هێشووی شیعری مژیوە، بەرچنەیەك کتێبی لە مێژووی ئەدەبی کوردی لێ هەڵچنیوە، خەزنەیەك شانەی هەنگوین و شەکرە وشەی خستووتە سەر خەرمانەی ئەدەبی کوردی، بە ڕەنج و شەونخوونی و ماندووبوونی خۆی بە سەرنجی وردی، لە خاکی بوورو بە یارو بە ڕاوو ڕەباس، هۆدانەوەو وەردانەی بۆ کردووە، شارەزاو شاعیرناس، گوڵ دەستەی شاعیرانی خستۆتە بەر لێکۆڵینەوەو بەرباس، ئەو زاتە بەرزەدارە، مەزنەدارە، پرۆفیسۆر دکتۆر مارف خەزنەدارە، خۆی درەختێکی پڕ گوڵ بە بەرهەم و لق و پۆپدارە، بە بەرزایی قەڵاو منارەو هەیبەسولتان و باواجی دیارە، ڕەگی لە (کێلە زیندان)ی دەشتی کۆیەو بابا نزادەیە، نەوەی سەعید ئاغاو لە ئاغایانی ئەو بەرەبابەیە، مارف ئاغای باپیری لە کێلەزیندانی دەشتی کۆیە هاتۆتە کۆیە بەخێر، لەوێوە چۆتە شاری هەولێر، دکتۆر مارف خەزنەدار کوڕی قادر ئاغای مارف ئاغای کێلەزیندانە، بە منداڵی کە چۆتە زێدی ئەژدادو باپیرانی، بەسەردانی خزمانی لە گوندی کانیبی و کێلەزیندانی، لەوێ بە قەلەمبێن و بەختەوەریان زانیوە، پێیان وابووە روون و گەشە بەخت و نێوچەوانی، رزگاری بووە لە جوتیاری و توتنەوانی، نەوەی مارف ئاغایان بە کوڕێژگەو شلەشاری داناوە، بۆ گەمەو خۆشی و خزمایەتی پێیان گوتووە(هەولێری، بەمریشکێکی ناوێری).

**<u>دانەبڕان لەخزم و دۆستان:</u>**

وەك سۆزو ویژدان و ماکی ڕەسەنایەتی هەرگیز لە خزمانی دانەبڕاوە، هاتووچۆی کردوون، دۆست و ناسیاوی گیانی بە گیانی لە کۆیەو تۆپزاواو دەشتی کۆیە هەبوون، تەنانەت قوتابخانەی(قادریە)ی کۆیە د. مارف خەزنەدار ناوی لێناوە، بەناوی حاجی قادری کۆیەوە، هەمیشە ڕەگی سۆزو دەمارەشینەی کۆیایەتی جووڵاوە، لە نامەیەکی دەستنووسیدا لە1996/2/26 لەوەرامی چەند پرسیارێکی بۆ نووسەر ئارام ساڵح غەفوری ناردووەو دواتر لەئەدەب و هونەری کوردستانی نوێ لە ژمارە 5355 لە پێنج شەممەی 2010/12/16 بڵاوکراوەتەوەو نووسیویەتی:

(شاری کۆیە وەك نێوەندی ناوچەی سۆران لە باتی هەولێر بوو بە جێگەی مەشخەڵی مەدرەسەی نالی، لەوێوە گەیشتە سەرانسەری ناوچەی سۆران و لەگەڵ ڕووناکی مەشخەڵی ناوچەکانی تر تێکەڵ بە یەکتری بوون) دەربارەی تەگەرەو پەراوێزخستنی شاری کۆیە لەهەمان دەستنووسی و بڵاو کراوە نووسیویەتی:

(تا ئیمڕۆ دەسەڵاتی جیاجیا فەرمانڕەوایی بکەن، هەر لایەنێك بە بە هانەیەکی خۆی شارەکەی خستە پشتگوێ، ئەمە لە ئەنجامدا بووە هۆی ئەوەی خوێندەوارە بەرزەکەشی لە کۆیە هەڵبکەندرێن و ڕووبکەنە شارەکانی تری کوردستانی عیراق و بەغدا، بەم جۆرە وەکو دەبینین تا پلەیەك بێ خاوەن مایەوە).

بۆ چارەسەرکردن و گەشەکردنی ئاوەدانکردنەوەی کۆیە بە پەرۆشەوە دەری بڕیوەو نووسیویەتی: (بە لای منەوە ڕۆژی ئەمڕۆ وەك هەنگاوێکی بچووك بۆ نابێ بیر لەوە بکەینەوە ئامۆژگاییەك یا کۆلیژێك، یا دەزگایەك لە زانستگەی سەڵاحەدین بگوێزرێتەوە بۆ کۆیەو بەمەرجێك سەر بە هەولێریش بێت!؟، بەڵام زانستگەی سەڵاحەدین خۆی لە چی شپرێوییەکدایە دوژمنت توشی نەبێ)!؟

**چی پێکراوه بۆ کۆیه کردوویەتی:**

ئەو نامەیە پێش دامەزراندنی زانکۆی کۆیە بووە، ئەو هەست و نەستە رای جوانیەتی، چی پێکراوە بۆ کۆیە کردوویەتی، لەڕاستیدا د. مارف خەزنەدار لە1930/11/1 لە شاری هەولێر هاتوتە ژیان، بە درێژایی تەمەنی بەعەشقەوە بەدڵ و بەگیان، خەریکی خوێندن و راژەی کوردی و ئەدەب و چیرۆك و لێکوڵینەوە بووە، رۆژگاری ئەو لەناو وشەو سەرنج و تێبینی و وردبوونەوە بووە، رۆژگاری ئەو لەناو قەڵەم و کاغەزو رۆژنامەو گۆڤارو کتێب و خوێندنەوە بووە، رۆژگاری ئەو گەشت و گەڕان و پێگەیاندنی خوێندکاران و وانە گوتنەوە بووە، رۆژگاری ئەو سەرپەرشتیارو گفتوگۆی تێزو نامەی ماستەرو دکتۆراو توێژینەوە بووە، رۆژگاری ئەو دەرچوواندنی باوەشێك کتێب و دەفتەری کوردەواری و نووسینەوە بووە، دوایین و بنەتای نووسینی بۆ سەرەتای کتێبی(رۆژنامەوانی کوردی- دەفتەری کوردەواری بووە)، دوایین و بنەتای خوێندنەوەی تا لاپەڕە شەست و چواری دیوانی ناری بووە، ئەو نووسین و خوێندنەوەی کۆتایی دوا چرکەی رۆژگاری بووە، بە جێهێشتنی رۆژگاری ئەو دوا یادگاری بووە، لە25-2010/10/26 حەیف و ئاخ و داخ، کۆچی دوایی کردووە، بەرەو گۆڕستانی چراخ! د. مارف خەزنەدار ناودارو پایەدار لەناو وشەی کوردی و مێژووی ئەدەبی کوردی و چیرۆك و نامەخانە هەر دەمێنێ، خۆی خەزنەیەك بوو لە گەوهەرو دوڕو یاقووتی کوردی بۆیە هەرگیز ژەنگ هەڵناهێنێ.

**تنۆکە فرمێسکێك: بۆ هونەرمەندی گوناح سەفوەت جەراح**

با وەك عەکسی قەمەر نەبێ لە ناو حەوزێکی لێخندا، با قەدری سەنعەتکاران، بە هاداران، ناویان بمێنێ لە پاش مردندا، با ئەمەکدار بین، وریاو هۆشیار بین، هەروەك شاعیری نەمر(عاصی) دەڵێ: با بێوەفا دەرنەچین:

**چونکە مەدحی شارو ئەهلی بە هیچ کەسی ناکرێ**

**ئەهلی دیقەت بێتە کۆیە فیکری خۆی با راگرێ**

بەهرەداری، شانۆکاری، تیشکی ئەستێرەی پرشنگداری، لەسەری سەراو کۆساری، لە عاسیمەی سوڵتانی زەوق، شەوق دەداتەوە شەوق، شاری کۆیەی پێ بەختەوەرە، بەو بە هرەوەرە، ئەو ئەکتەرە، دەرهێنەرە پڕ هونەرە، ئەو زاتە هونەرمەند سەفوەت جەراحە، (دەڵێن راحەتی ئەڕواحە) سەفوەت عەلی، لە تیرەی نانەکەلی، باپیری جەراح، باوکی کارمەندی تەندروستی بەڕەسەن هەولێرین، خۆوبەختی زێرین، کەوتوونەتە کۆیە، سەفوەت عەلی حاجی محەمەد نانەکەلی لە ساڵی1935 لە گەڕەکی قەلاتی شاری کۆیە، هاتوتە ژیان(گلەیی ناکا ئەوەندەی دەنکە جۆیە) لە کۆیە خوێندوویەتی، بۆ یەکەمجار تیپی سینەمایی گەڕۆك، هاتوتە نێوان حەمامۆك و چنارۆك، فلیمی سینەماییان نمایش کردووە، لەوێوە عەشق و عەوداڵی نواندن و شانۆ بووە، ساڵی 1941 ئەو نمایشەی لە کۆیە بینیوە، خولیایەکی سیحری و بەردی بناغەی پێ هەڵچنیوە، وەك دیارە لە مێژووی شانۆ، ساڵی1957 یەکەم کچ تەختی شانۆیی پیرۆز کرد، بووە ئەستێرەی ئاسمانی شانۆ(خەیریە

عەبدولڕەحمان ئەحمەد) بووە لە کۆیە ڕۆڵی کچە شەهیدی بینیوە عەبای فڕێداوە، لە دەقی شانۆگەری لایداوە، حەماسەتی خولقاندووە، جەماوەری وا جۆشاندووە، وای زانیوە راستی ڕوویداوە ئەو ئەستێرە گەشە، نەوەی مەلا ڕەشە.

ست خەیریە(1943-1977) شەرەفی یەکەم ئەکتەری ژنی پێدەبەخشرێت، لە دادگای ویژدان و دادپەروەریی، هەرچەند لە نەورۆزی ساڵی1948 لە کۆیە لە ئۆپەرێتی(گوڵی خوێناوی) خاتوو(لوتفیە عەبدولقادر) رۆڵی خزمەتکاری بەبێ وتە بینیوەو بەڵام رۆڵی کەموکورت بووە، ئەمیش وەك ژنێکی راستەقینە، لە مێژووی شانۆ هەر لە پێش و یەکەمینە، پاش ئەو لە ساڵی شەستەکان، خاتوو(ماریا خەمۆ ئیسرائیل یۆنان) ماریا باکووری، چۆتە سەرشانۆ بەسەربەرزیی و ڕووسوری، هەروەك (عاصی) شاعیر دەبێژێ:

**شوکرولیلا ئەهلی کۆیە بوونە یەکەم بە هەرەوەر**
**لایەقی هەر نەوعە مەدحن شارو چیاو دەشت و دەر**
**ئەهلی فەزل و ئەهلی غیرەت هەق پەرست و باخەبەر**
**شێری مەستن بۆ شەجاعەت چاونەترس و پڕهونەر**
**مەزرەعەی ئەوسافی زەوقیان لایەقە بۆ خۆشە چین**

سەفوەت جەراح لەو شارە گۆشکراوە، لە کوورەی هونەرو ئەدەب جۆشدراوە، بەو خەونی ئەوینی شانۆوە، بەوپەڕی زەوق و باوەڕ بەخۆوە، سەرئەنجام بەشی شانۆی هونەرە جوانەکانی لە ساڵی1959 لە بەغدا تەواو کردووە، دراماو شانۆی بەرەو پێش بردووە.

لە ئاسمانی هونەر بۆتە ئەکتەرو دەرهێنەرێکی مەزن و لێوەشاوە، وەك ئەستێرەیەکی گەش و پرشنگ و درەوشاوە، بەشداری دەیان فلیمی سینەمایی و زنجیرە تەلەفزیونی عەرەبی کردووە.

مەلۆی خەرمانەی بەرهەمی هێندە بەبەرەکەتە، ئەو هونەرمەندە، ئەو خۆشەویستە، ئەو سەفوەتە، یەکەم دەستپێکی کاری شانۆیی لە ساڵی1954 لە هەولێر لە شانۆگەری(عوتێل)ی شکسپیر پێشکەش کردووە، ئەو زاتە مەزنە، ئەو پیاوە، رۆڵی ژنی بینیوە، چونکە بە ئەرکی پێشکەوتنی هونەری زانیوە، جگە لەوەش بەهرەی هەبووە لە میوزیك و ئاوازو گۆرانی، نەك لە نواندن لەو بوارانەش لێی دەزانی، سەرنووسەر بووە لە گۆڤاری سینەماو شانۆ، توانایەکی دیکەشی هەبووە لە بواری رۆژنامەوانی، ساڵی1945 لە کۆیەماڵیان باری کردووە، لەوێوە خووی بەعەشقی شانۆوە گرتووە، لە پەنجاکان چۆتە ریزی حزبی شیوعی، دوایی چۆتە بەغدا، زۆربەی ژیانی لە بەغدا بەسەربردووە، کاریگەری(حەقی شبلی) زۆر لەسەر بووە، کە بەڕێوەبەری گشتی سینەماو شانۆو هونەر بووە، دوایی لەسەر خێران و بەخێر، گەڕاوەتەوەو هاتوتەوە هەولێر، بەڵام ئاخ ساڵی1999، دابڕاوە لە هونەرو دراماو شانۆ، (کپ داگەڕان)ی لێداوە، بۆیە دابڕاوە، هونەرمەند سەفوەت جەراح، شەکەت و نەخۆش و گوناح، بێ چارەسەر بەدەردی سەر ماوەتەوە، وەك پێویست ئاوڕی لێ نەدراوەتەوە، تا لە2010/7/19 بارگەی بە ئێجگاری بۆ ناو گۆڕ پێچاوەتەوە، کپ داگەڕان ئەوەی کردی کردی، بۆیە مەرگ بردی، ئەوەندە ئەرجوو دەکەین لە لاتان، (بکەن یادی موحیبی بێ ریاتان).


سەرچاوە:

-تا دڵ دەوەستێ: ئامادەکردنی(مەسعودی مەلا هەمزە).

-دیوانی شاعیران: دیوانی عاصی، دیوانی گۆران، دیوانی نالی.

-مێژووی سەرهەڵدان و گەشەسەندنی شانۆو دراما لە کۆیە(جەواد حەمەد بەگ).

## سالّی 1963 لاپەڕەیەکی ئاڵ و
## خوێناوییە لە مێژووی کۆیەدا

پاش کودەتا خوێناوییەکەی هەشتی شوباتی ساڵی(1963) فەرمانڕەوایی عیراق کەوتە ژێر ڕکێفی حزبی بەعس، ساڵی(1963) لە کۆیە بەساڵی بەعسیان و ساڵی حەرەس قەومیان و ساڵی هەرات هەراتەکە بەناوبانگە، ساڵێکی شووم و خاڵێکی ڕەشی لاجانگە، لە نێوچاوانی بەعس و لاپەڕەیەکی ئاڵ و خوێناوییە لە مێژووی کۆیە، چونکە ئەو ساڵە پشێوی کەوتە ناو شاری کۆیە، کوشتارو شەڕو ڕەشبگیری و تاڵانی و قەدەغەکردنی هاتوچۆو ڕووداوی خوێناوی لێکەوتەوە، ئەو تاوان و قەسابخانەو کوشتارەی کۆیە بە فەرماندەیی ئەفسەری تاوانبارو موسڵاوی(تەها شەکرچی) بوو فەرماندەی فەوجی(5)ی لیوای سوپای عیراق بوو، ڕۆستەم حەوێزی دەبێژێ:

**لەگەڵ زەمانە ئینسان بڵێ چی**
**نامەردی وەکو تەها شەکرچی**

**لە ڕۆژی1963/7/4**، مەلا شێخ تایەرو حەمیدی فەقێ سمایلی دارتاش و جەلالی سمایلەسووری ئەحەسوور لەختوخۆڕایی شەهید دەکرێن، لە ڕۆژی 1963/7/7(شەفیق ئۆمەر حەمەدچایەچی و حەمەدەمین ئەحمەد ئاغای غەفووری و سولەیمان حەمەقاوەچی و محەمەد وهاب ئاغای حەوێزی و یوسف حەنای خەیات و حەنا یوسفی هەرمۆتەیی، لە دینگەکانی ناوەندی بازاڕی کۆیە بە پشتێن و جەمەدانی خۆیان دەیان پێچنەوەو گوللەبارانیان دەکەن و شەهیدیان دەکەن، دوو ڕۆژ ئەو لاشە خوێناوییانە هەر بە بەستراوی لە دینگەکان مابوونەوە بۆ سام نواندن و تۆقاندن!

ڕۆژی 1963/7/30، سێ برا خەڵکی گوندی(مزگەوتۆرە)و بێتاوانێکی خەڵکی گوندی(کێلە سپی) لە دینگە بەستران و شەهیدکران یەك لەو سێ برایە پەککەوتەو کەمئەندام بوو، ئەو شەهیدانە گوللەباران کران بەو ناوانە: حسێن شەریف ئیبراهیم- حەسەن شەریف ئیبراهیم- عومەر شەریف ئیبراهیم و (قولی) ڕەحیم کوێخا عەلی کێلەسپی و ڕەفیق ئەحمەد مستەفا میرە، هەر لەناو شاری کۆیە مامۆستا کەمال ڕەشیدئاغای حەوێزی شەهید دەکەن، لە دۆڵی سماقووڵی لە ڕۆژی 1963/8/12 (عەبدولڕەحمان ئەسعەد چەلەبی و کوڕەکەی(جاسم) لە خەڵتانی خوێنیان دەگەوزێنن و شەهیدیان دەکەن، پیرو لاوەکانی کۆیە زۆربەی دەگرن و ڕەوانەی بەندینخانەی موسەیەبی-یان دەکەن! هاتوچۆ قەدەغە دەکەن، بەڵام لە گوندی(یارەمیش) فەیزوڵڵا ئاغای جەلال ئاغای حەوێزی و کوڕەکانی(مشیرئاغاو ئەمیرئاغا)و کوێخا مەمەندی کوێخا فەرەج کوردە لەگەڵ خێزانەکەی فەیزوڵڵا ئاغای، بە ناوی(نەزەندخانی حوسێن ئاغای غەفووری دادەمەزرێن، بەرگرییەکی دلێرانە دەکەن چەندین حەرەس قەومیان لێ دەکوژن و لەوێش دەیانێژن، ناهێڵن دوژمن بێتە پێش پەلاماری حەرەس قەومی بۆ سەر گوندی(یارەمیش) تێکدەشکێنن و مەڕو ماڵات و سامان و ژن و منداڵەکانیان دەپارێزن، لە شەڕێکی

قارەمانــانە بەرگرییەکــی شۆڕشــگێرانە دەکەن و ســەنگەریان لێــدەگرن و چاوترسـێنیان دەکەن! نەزەنـدخانی غەفووری وەك شێرەژنێکی ئـازاو خۆڕاگر لەگەڵ هاوسەنگەرانی پیـاو بەرگرییەکـی نەترسانە دەکـات، یەکەم ژنە شەڕکەرە لە شۆڕشی ئەیلول وەك پێشمەرگەیەکی گومنـاو لە سەنگەری شـەڕەف شـەڕو بەرگری بکـات و هێرشـی دوژمـن تێکبشـکێنن، سـەرکەوتن بەدەسـت بهێـنن و لاشـەی حەرەس قەومیـان لەگۆڕەپـانی شـەڕ پـێ بەجێبهێڵن و نەهێڵن تاڵانی بکەن و گوندەکە بسوتێنن! ئەو شەڕە لە مێژووی جولانەوەی کوردایەتی و شۆڕشدا دەگمەنەو شایانی شانازییە.

وە نەبێ شاری کۆیە هەر شێرەژنێکی ئـازای هەبـووبێ، پێدەچێت یەکەم شـەهیدی ژن لەشۆڕشـی ئەیلـول کۆیی بووبێت، لەڕۆژی 1963/7/4 مـونیرە مەلا تـایەری جەلیزادە لەگەڵ کـوڕەپەی باوەشـی بەناوی(شـوان) شەهید دەکەن، ئەو ژنە شەهیدە نەك خۆی و کوڕەکەی باوەشی، بەڵکو (دووگیان)یش بووە، لە ناو مـاڵی خۆیـان دەیـانکوژن، ئـاخر ئەو کـوڕپە تاقانە(شـوان سـابیر) بـۆ یەکەم شـەهیدی کـوڕپە نییە لە شۆڕشـی ئەیلـول؟ ئەو کۆرپەیەی پێش ئەوەی لە دایك ببـێ شەهید کراوە، نە ژیانی دیوە نە ناوی لێنراوە، بۆیە کۆترۆکەی بـەهەشتی پێ براوە، هەر ئەو رۆژەش مام شەعیەی دیان(شەعیە مەربێن گۆرکیس) بریندار کراوە، بە رێکەوت گیـانی لە دەست نەداوە.

شـەهەیـد مـونیرە مەلا تـایەر هاوسـەری(حاجی سـابیری مەلا رەئـوفی جەلیـزادە) بـوو، دارەمەیـت دەستنەکەوت بوو پەیژەیان بۆ کردە دارەمەیت، ژن بردیانە گۆڕستان و بەخاکیان سپاردو تەلقینیان دا.

(حاجی سابیر) یەکەم کەس بووە لە(چنارۆك) گازینۆی گەشتیاری لێداناوەو هەم مزگەوتـی لێکـردۆتەوە، حاجی سابیری مەلا رەئوفی جەلیزادە لەگەڵ سەید برایمـی حـاجی سـەید سـەعیدی بەرزنجی بـرادەرو ناسیاوی خۆشەویستی یەکتر بووین، لەسـەربازی پێکەوە بووین و هەم لە گوزەری قەیسـەری نـوێ دوکانیـان بەرامبەر یەك بوو لە کۆیە، بۆیە سەید برایم بۆ ئەو رووداوە، سۆزی بۆی جوڵاوە، شیعرێکی بۆ دانـاوە، ئەو شیعرەی سەید برایم کە لەسەر گڵکۆی گۆڕەکەی شەهید مونیرە مەلا تایەر نووسراوە:

**کۆرپەم لەباوەش شەهیدیان کردین**
**گوناهمان نەبوو بەس هێندە کوردین**
**ئێمەش هاتینە ریزی شەهیدان**
**بۆ رزگاربوونی کوردو کوردستان**

تەنــانەت قوربــانی لەشــاری ســلێمانی کــۆیی گــرتەوە، مامۆســتاو پەروەردکــاری دواناوەنــدی سلێمانی(مامۆستا حاجی باقی) خەڵکی کۆیە بوو، بەر شاڵاوی زەعیم سدیق کەوت و شەهید کرا، ئەو رووداوە خوێناوییـانەو کارەسـاتانەی لە کـۆیە قەومـان، دوژمـن رقـی گەورەی لە کـۆیە بـوو، چـونکە شـارەکە زۆربەی تێکۆشەرو شۆڕشگێڕو لەگەڵ جووڵانەوەی کوردایەتیدا بـوون، (مـام جەلال) لەڕۆژی1963/3/9 لە مزگەوتـی مەحمـود ئاغـا لە کـۆیە پێشـوازی لە خەڵـك دەکـردو جـۆش و خرۆشـی خەڵکـی دەدا بەگیـانی شۆڕشـگێڕانە! لە ڕۆژی1963/3/16 مەلا مستەفای بارزانی لەگەڵ هاوەڵەکانی هاتنە ناو شاری کۆیە، بە ڕۆژ لە چیای بـاواجی دەبوون و بەشەویش لە قەسری کاکە زیادی حەمە ئاغای کۆیە دەبوون، کاکە زیاد جێگری دووەمی مەلا مستەفا بووە! ئەو ساڵە نەورۆز لە کۆیە کراوە، (هەژار)ی شاعیر شیعری(کاوەی مەزن)ی خوێندۆتەوەو هەر لە کۆیە ئەو شـیعرە نەورۆزی دانـاوە لەگەڵ شـیعری(بۆ پێشــوە پێشـمان کەوە بـارزانی) لە ڕۆژی1963/3/27 ئەو شیعرەی دانـاوە لە کۆیە، هەر لەو وەختە وەفدێك بەسـەرۆکایەتی مـام جەلال کە پێهـاتبوو لە خەڵکـی حزبـی و بـێلایەن لە کـۆیە دەچـنە بەغـداد، بەنیـازی گفتوگـۆو دانوسـتاندن بـۆ سـەندنی مـافی کـورد، وەفدەکە(مەسـعود

محەمەدو سەمەدی حاجی محەمەدی بەناو رەشیدی عارف) کەسایەتی دیکەش لەگەڵ بوون، مام جەلال لەوێ چووە میسر بۆ دیدەنی سەرۆکی میسر جەمال عبدولناسر ئەندامانی وەفدەکەی لە بەغداد گیران و دەستبەسەرکران! پێشتر کۆبوونەوەیەکی فراوانی میللی بەسەرۆکایەتی مەلا مستەفای بارزانی لە کۆیە کرابوو، ببووە ئاگردانی شۆڕش و هێمای کوردایەتی! جگە لەو هەموو سەرکردەو شۆڕشگێرە لە کۆیە هەڵکەوتبوون دیارو ناودار بوون، بۆیە داگیرکەر رقی خۆیان پێدا رشت، بێویژدانانە خەڵکیان تێدا کوشت.

## ساتمەو سەفەری مەرگ

مرۆڤ کاتی لە دایك دەبێت، هەر خۆی دەگری، ئەوانەی لە دەوروبەرین هەموو پێدەکەنن و خەنی دەبن، هەر مرۆڤ کە دەمرێ خۆی بێدەنگە، خۆشەویستان و ئازیزانی نزیك بۆی دەگرین و شیوەن دەگێڕن، بەس خۆی ناگری، مرۆڤ سەرەتای بوون و ژیانی گریانە، ناوەڕاستەکەی ئاوێتەی خۆشی و خەم و ژانە، کۆتاییەکەی مەرگ و نەمانە! گەورەترین نهێنی ژیان و مەرگە! مرۆڤ ئاگای لێ نییە کە لەدایك دەبێت، ناشزانێت کەی کۆچی دوایی دەکات! مردن سەفەرە، هەر لەبەرە، چارەی مردن چاکی و پاکی و شاکارو رەفتاریەتی بۆ ئەوەی نەمر بێ و ناوی بمێنێتەوە، لەلاپەڕەی مێژوو نەسڕێتەوە، گرنگ نییە چەند دەژی، گرنگ ئەوەیە چۆن دەژی! خوا گەورەیە گەورە کوژیشە، بۆ هاتنە ناو ژیان و جیهان یەك رێگا هەیە، بەڵام بۆ مەرگ و نەمان هەزاران رێگا هەیە، ئەوەی ببێ، دەبێ بمرێ، مەرگ کاتی دیاریکراوی نییە! گوتراوە مردن برا گەورەیە، بۆیە هەرگیز لە خۆت بایی مەبەو بژی بەمەردی و پاکی و چاکی، چونکە هەرچییەك بی لەهەر پلەیەك بی، سەرەنجام خۆراکی خاکی!! مردن پشوودانی هەمیشەیی جەستەیە بێ ئازارو بێ خەون و بێ جوڵەیە لەژێر خاك! ژیان جوڵەو هەڵپەو ماندووبوونە لەسەر زەوی! ژیان خەوێکە، خۆشەویستی خەونەکەیەتی!

سەختە تێگەیشتن لەمەرگ و ژیان، مرۆڤ لە ژیاندا قوتابییەو ئەزموون و زەمانە مامۆستایەتی، ژیان ئەمانەتە دەبێ بدرێتەوە، مرۆڤ نابێ هێندە لە ژیان بێزار بێ! وای لێ بێ داوا لە مردن بکات و بڵێت وەرە مردن ژیان کوشتمی! کارەساتی کتوپڕی جەرگبڕی مامە شێخ سەلاح و مامۆژنە سەرگوڵ، چاوەڕوان نەکراو

بوو، مەرگیان ئاگریان کردەوە لە ناو کوورەی دڵ، ئەو سەفەرە لەهەولێر بەرەو سلێمانی سەفەری مەرگ بوو بەپەلە، وەرگەڕانیان بەو کارەساتە لە نێوان ئاریشەو فریزەڵە:

**لەدۆڵی خەلەکان،**

**بەپێی خۆیان ڕۆین بەرەو مردن!!**

**خەبەر بەرن بۆ خزمانم**

**ئاگر بەربۆتە خەرمانم**

**هەی هاوار ماڵی وێرانم**

**ئەجەل قولابی گیر کرد لە دڵمان،**

**پچڕاندی لە ڕەگ مام و سەرگوڵمان!!**

**برای بابم مامە شێخ سەلاح،**

**هاوگیانی دایکم مامۆژنە سەرگوڵ؟**

مابوو تەمەنتان، کەی وەختی ئەوە بوو سەفەری مەرگ بکەن بڕۆنە ژێر گڵ!!

دۆڵی خەلەکان، جێی چالاکی پێشمەرگایەتیم، جێی یادگاری ڕۆژانی سەختی کوردایەتیم، دێت و دەڕوا ڕۆژگار، هەر دەمێنێ یادگار، هەر کاتێ بەڕێبواری، بەڕاگوزاری، بە دۆڵی خەلەکان(دۆڵی شاڵبە گیان) لە نێوان چیای کۆسرەت و هەیبەسوڵتان، تێدەپەڕم، شریتی یادگاری ڕۆژگاری پێشمەرگایەتیم دێتەوە پێش چاو، دێ بەدێ، جێ بەجێ، ڕێ بەڕێ، هاوسەنگەرە شەهیدەکانم، شەڕو چالاکی داستانەکانم، دێنەوە بەریاد، بیرەوەری بەجۆرێ، تنۆك تنۆك خوێنی لێدەچۆڕێ، هەر لەباداوان، شەهید شێخ شەماڵی باخ و شەهید سەربازو شەهید سەعدی گەرمکی شەهیدکامەران و شەهید هادی عەبدول و شەهید عەزیزو شەهید هەمزەو شەهید ئومێد، لەکانی وەتمان، شەهید د.کاوەو شەهید شەهریار، لە کانی مازوو شەهید حاجی شەفیق و لەگوندی شێخ عوبێد شەهید عەبدوڵڵا چاوشین و لەشێخ مەنسوریان شەهید ئەمیری عەبد ئاغا، یادی ئەو شەهیدانە، بیرەوەری ئاگرینی شاخە، خەم و خەیاڵ و ئاخە، هەر لەوێ لەئاست ئاریشەو فریزەڵە، ڕووداوی مام و مامۆژنم لەگەڵ یادگاری شەهیدانم تێکەڵە، برینم زیاتر دەکولێنەوە.

هەزار وتن بەکردنێك نابێ، هەزار وشە بە وێنەیەك نابێ، هەزار بیستن بە یەك بینین نابێ، بۆیە بە هەردوو چاوی خۆم ئۆتۆمبیلە وەرگەڕاوەکەو لاشەی خوێناوی هەردووکیانم بینی، لەگەڵ وەرگەڕان و تەقلە لێدانی ئۆتۆمبێلەکە، مامۆژنە سەرگوڵ، پەڕی بوو، گیانی نەمابوو، بەڵام مامە شێخ سەلاح تا خەستەخانەی ناو شاری سلێمانی، هەناسەو نوزەی تێدا مابوو، هەرچەند پزیشك و فریشتە سپییەکان، هیمەتیان کرد، بەڵام چ سوود، لەگەڵ مەرگ چ ناکرێ!! وەچاخ و شێخ و مەشایەخی دۆڵی خەلەکان لەو ڕووداوە نەهاتنە ڕایە!! خوایە لەو کاتە (گەردوون من چیبکەم چیم دەسەڵاتە) هەقم بوو عەرش بلەرزێنم بە شیعری ئاگرینی نالی:

**ناری سینەم گەر نەبێ غەرقم ئەمن**

**ئاوی چاوم گەر نەبێ سوتاوم ئەز**

مامە شێخ سەلاح و مامۆژنە سەرگوڵ، دوو پەپوولەی پاك و بێگەردو خۆشەویست و جوان بوون! دوو عاشق و ماشقی هێلانەی بەختەوەری هاوسەری باخی ژیان بوون! بەڵام مەرگ تەماشای تواناو تەمەن ناکات، چی دەسکەوێ دەیبات!

مامە شێخ سەڵاح، دەروون پاك و بێ گوناح، خزم دۆست و بێ تەماح، شەكری لەدەم دەباری، جوان بوو گفتارو رەفتاری، كۆمەڵایەتی و گفتو لفتی خۆش، بۆ خزمایەتی بە جۆش و پەرۆش، ئەو مامە نەبوو برازا بزركا، برازای مەزن دەكردن، بە كاك و رێز ناوی دەبردن، پەروەردكار بوو، ژیرو هۆشیار بوو، مامۆستایەك بوو وەك مۆم دەسووتا، رووناكی بۆ ژێر خۆی نەبوو، بە ئارام و لە دەرس بەكەیف و شەوق و خرۆش، وانەی گووتۆتەوە لە گوندی شەوگێرو خرابەو ناو هەولێرو ئەرگۆش، گەشتیارو گەڕیدە بوو، دونیا دیتە بوو، تازە ئەوروپا گەڕا بوو، لە ئۆتوبان وەرنەگەڕا بوو، پێی وا بوو ژیان بۆ كەیفییە، نەك بۆ حەیفییە! بۆیە بەخەم رەوێنی و كات بە سەربردن و كامەرانی، خووی دابووە یاری تاوڵەو كۆنكانێ، بەڵام ئاسوودە بوو ویژدانی! منداڵەكانی بە جوانی پێگەیاند، سێ كورو سێ كچی لە پاش بەجێمان(سەرهەد، گۆڤەند، میدیا، رەنج، سەرنج، بڕوا)

بەختو نێوچەوان و چارەنووس وابوو، دوو مامی نازدارمان بەكارەسات رۆین بۆ جیهانی هەمیشەیی، مامە سەید ئەحمەد لە دایكبووی(1938-كۆیە) دكتۆر بوو، لە ڕوسیای جاران زانكۆی پزیشكی تەواو كردبوو، هەر لە ئەوروپاو دەوڵەتە عەرەبییەكان بوو، ساڵی1969 گەڕایەوە عیراق و لە شاری موسڵ دكتۆری دەكرد، سەرەنجام گەڕایەوە هەندەران و لە لوبنان گیرسایەوە، لە ساڵی1986 لەبەر سامانداری و پارە زۆری كوشتیان! سەرو سامانی تێچوو، گۆڕ غەریب و بێ زانیارین، ئێستاش نازانین گۆڕی لەكوێیە، ژن و منداڵی هەیە یان نا! ئێستاش برینی هەر تەڕەو جێی داخە!

مامە شێخ سەڵاح لە دایكبووی(1944-كۆیە) مامۆستای خانەنشین بوو، خۆی و خێزانی لە 2010/7/19 لە دۆڵی خەلەكان بە كارەساتی ئۆتۆمبیل وەرگەڕان و تێچوون تراژیدیای مەرگیان بەو شێوەیە بوو، بۆیە برینیان سارێژ نابێ هەرچەند گڵ مەیل بڕە، سەرەنجامی ژیان هەر مردنە جاهیدی شاعیر دەبێژی:

**عاقیبەت دەرزی لەشم هەرچەند بە نازی گەورەكەم**

## نەك خوێنەكەی، بەڵكو مەرەكەبی پاندانەكەشی وشك نەبووبۆوە

ژیان قەرزێكە، مردن هەر كاتێك داوای بكات دەبێت بیدەیتەوە، ئاخیری ژیان هەر مردنە، مردن تامێكە كەس لێی بێبەش نابێت، جوان و ناشیرین، گەداو پاشا بێت، چی زی رۆح و گیانلەبەرو مرۆڤە، رێگەو گەشتی مەرگی لەبەرە، زۆر كەس لە گوندی تاڵەبان و ئەو دەوروبەرو دەڤەرە بە ئاسایی بە مردنی خۆیان مردوون و رۆییون بۆ دنیای فانی، لە پیرو گەنج و تەمەنی جوانی! بە دەگمەن دەزانرێت كێ بوون و چی بوون، نازانرێت ناونیشانیان، بزرە گۆڕو ناویان لەگەڵ مردن نەماوە باویان! گرنگ ئەوە نییە چەند دەژی، گرنگ ئەوەیە چۆن دەژی؟

**خەبات و پێشمەرگایەتی:**

وەلێ شەهید نامیق تاڵەبانی بە گەنجی و نەوجەوانی، هەر ماوە ناونیشانی، لە تەمەنی 23ساڵی، گەوزا لە خوێنی ئاڵی، چونکە لە پێناوی شەرەفی کوردایەتی بووە، هەموو ژیانی خەبات و پێشمەرگایەتی بووە، لە شۆڕشی ئەیلول بەشدار بووە، لە شەڕ، لە کێوەڕەش بریندار بووە، خەبات و تێکۆشانی دوایی نایەت، زیندانی سیاسی بووە لە خەلان و رایەت، تێکۆشەرێکی عەیار بیست و چوار بووە بە هەق، ماکی رێکخستن بووە لەوڵاتی کۆیەو تەقتەق! بە هیمەت! بە هەڵمەت! بێ منەت! هاتۆتە مەیدانی تێکوشان، لە ساڵی1976 چەکی کردۆتەشان، لەهەڵگیرسێنەرانی شۆڕشە لەو رۆژگارە سەخت و دژوارە دەگرێ بەرگە، دەبێ بە پێشمەرگە، داروبەرد بە گومان بوو، ئەوێ رۆژێ پێشمەرگە هێند جوان بوو، لەهەموو ئاسمانی کوردستان، بە پانایی دەشت و شاخ و دارستان، یەك تروسکەی سەوز دەبریسکایەوە، کە ی.ن.ك هاتەکایەوە، یەك سەرکردە دژی نابێ، ناکرێ و مەحاڵ بوو، کە جێی هیوای خەڵك بوو، ئەویش مام جەلال بوو، جوامێرانی شاخ، هەڵگیرسێنەرانی شۆڕش داڕسان، بەگڕی سەوز لە قەندیل و پێدەشت و شاخەکانی کوردستان داگیرسان، بێ دەرامەت، بێ منەت لەبەعس و داگیرکەران نەترسان، ورەو باوەڕو شەڕیان داهێنا، لەو رۆژگارە سەختە خۆیان راهێنا، بەخۆڕاگری، باوەڕ ئاگری، نەبەزین و نەڕووخان، تا ئەو ئەزمونە، ئاسۆ روونە، شەهید نامیق تاڵەبانی، لەسەرەتای شۆڕش بەقارەمانی جاڕی شۆڕشیدا تاشەهید کرا واباوە، واگوتراوە، دێت و دەڕوا رۆژگار، هەردەمێنێ یادگار، هاوسەنگەرانی شاخ، هەڵگیرسێنەرانی شۆڕش، پێشمەرگە دێرینەکان، کاتێ هەڵدەگەڕێن و شۆڕ دەبنەوە بەسەر شاخی کە لکەسماق، لێیان بۆتە خولیاو یادو مەراق! لە ئاست گوندی کانی سوور، بەدی دەکەن گڕێکی پڕ لە نوور، لە نزیك و دوور، لەتەباران، لە بستووی قژ لاخان، بەردو دار دەبێ بە چراخان! دەبینین زەلام و چرایێ، لەسەر قەبران و قەد چیایی! ئەو زەلامە نوورانییە، شەهید نامیق تالاَبانییە! لە جیاتی کارەبا، تنۆکە خوێنەکانی شەوق دەدا، بە کۆڵەباڵ و جەمەدانیەکەیەوە، بەچەك و قەڵەمە پاندانەکەیەوە، دەنووسێ و دەپرسێ، ئامان و سەد ئامان، دەستەودامان، هەرگیزاو هەرگیز! دەرنەچن لە ڕیز، ئەو یەکێتییە بپارێزن، ئەوجا سەربەرزو بەهێزن، مانەوەمان، سەروەریمان، تاجی سەرمان! هێزی گەلەو ی.ن.ك-ە رابەرمان! رێبازە سەوزەکە، مێژووە سەربەرزەکە، هەر یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانە.

**مانەوەی یادگارییەکانی:**

لەوێ لە گوندی کانی سووری دەشتی کۆیە یادگارییەکانی دەمێنێتەوە، بیرناچێتەوە، مەرەکەب و خوێنەکەی شەهید نامیق دەگەشێتەوە، قەڵەمە پاندانە مەرەکەباوییەکەی، پاش چەندین ساڵ لەناو گۆڕە خۆڵاوییەکەی، تێکەڵ بە لاشە خوێناوییەکەی(زێرەکە پاکە، چ منەتی خاکە) ئەوجا مەرەکەبی پاندانەکەی وشك نەبوو بوو، نووکی نەشکا بوو، جوان پێی دەنووسرا کەڵکی هەر مابوو، ئاخر چۆن خوێن و رێبازەکەی شەهید نامیق تاڵەبانی بزر دەبێت، مەرەکەبی پاندانەکەی وابووبێت! دەشتی کۆیە بەخوێنی رەنگاوە، لە گوندی کانی سوور بە خوێن و مەرەکەب نووسراوە، شەهید نامیق تاڵەبانی، خوێنی بەفیڕۆ نەچووە، ئەو ئازادییە خوێنی تێچووە، بۆیە نەمرە شەهیدەکانی، شەهید نامیق و هاوڕێکانی!.

## گوڵی تەمەنی دڵزار خەبات و جوانی و پاکییە

نەریتێکی جوان و شایستەیە، رێزلێنان بەزیندوویی لە بەهرەداران، لە شۆڕەسواران، لە فیداکاران، لە ناوداران، لە کەسایەتی دیارو ریزداری، وەك مامۆستا(ئەحمەد دڵزار)ی، دەمێکە شاعیری دڵتەڕ، (ئەمین ئاغای ئەختەر) کە دەکاتە خاڵی باوکی مامۆستا دڵزار، لە شعرێکدا کە بەدەنگی زوڵاڵی مشکۆی نەمر چریکاندویەتی پڕ بەزار:

**لە پاش مەرگم چ فایدە بێیە سەر قەبرم لەبۆ شیوەن**
**هەتا ماوم نەفەس فەرموو بپرسە چۆنە بیمارم**

بۆیە مامۆستا دڵزار بە هە مان بۆچوون، لە شعرێکدا گوتویەتی:

**جـــا هاوڕێیان با بەر لەوەی**
**خــــــۆشەویستێك بەهەژاری**
**جێمـــــــان بێڵی و هەتا هەتا**
**نـــــــــەگەینەوە بە دیداری**
**دەبـــــــــــا رێزی لێبنێن و**
**هێندە بێ هۆشو هەست نەبین**
**هاوکارانمان با دڵخۆش کــەین**
**چیـــــدی مردوو پەرست نەبین**

بۆیە حەقو شایانە، ئەو یادو رێزلێنانە، چونکە دڵزار ئەو زاتە مەزنەیە، گوڵو گەنجینەو خەزنەیە، هەر ئەو بەرەبابە خۆیان باغێکن لە گوڵەشیعرو هونەر(خۆی و خوشك و کوڕو برا شاعیرن) شارەزاو فریشتەو ئازاد.

بەرزترین بورج و شاخ و درەخت لە زەوییەوە دەست پێ دەکات، مامۆستا دڵزار درەختێکی بەرزو ریشەقوڵی داچەسپاوی لە مابەینی کەکۆن و هەیبەسوڵتانە، پەروەردەی باخی شەمەو شیوی رەزان و ئۆمەر خوچانە، درەختێکی رانەقەنراوی بە لق و پۆپ و بەردارە، لە کوردستان باڵاو سایەو سێبەری دیارە، شاعیر، زمانەوان، رۆژنامەوان، وەرگێر، پێشمەرگەو تێکۆشەرێکی بەهەڵوێست و شۆڕشگێر، لە بنەماڵەیەکە ئەدەب پەروەر پێگەیوەوە، رۆژی لە دایکبوونی خۆی زانیوە:

**هەشتی جەنەوەری ساڵی هەزارو نۆ سەدو بیست بوو**
**لە دایك بوونی دڵزار لە شاری کۆی خۆشەویست بوو**

له كۆیه له باخچەی حەوشەی ماڵیان گوڵی ڕەشیان هەبووە، جگە له باخی شەمەو ئۆمەرخوچان، بۆیە وەك هەنگ و پەپوولەو بولبول ڕێزی گوڵی زانیوە، گوڵناس بووە، له ئەفسانەی گوڵی شەرمن چ جوانیەكی دەربڕیوە بۆ خۆشەویستان:

**دەڵێن كـە خولقا گوڵ لە گوڵستان**
**سپی بوو سپی وەك بەفری كوێستان**
**بــەڵام لەو دەمــە، دەمـی كـردەوە**
**بـۆ مــاچ كـردنی ڕوونـاكـی بـەیان**
**هەستی كرد ئادەم تەماشای ئەكا**
**بۆیە روخساری سوور بوو لە شەرمان**
**ڕاستــی ئــاوابوو سـەركوڵمی یـارم**
**پێش هـەڵمژینی بەر لە ڕامـوسـان**

شیعرەكانی پڕ لە گوڵ و باخە، بۆیە وشەكانی گوڵ و گڕو گەوهەرن، كاریگەرو پڕ لە جوانی و هونەرن، ئاگری كوورەی مەشخەڵانی سروودی بەموو شەدەمەی شیعرە ئاگرینەكانی جۆشداوە، شیعری سروودەكانی لەسەر لێوی شۆڕشگێران دەلەرێنەوە، هەر دەیڵێنەوە/ سروودی (كارگەرین جەنگاوەرین) و (داری ئازادی بەخوێن ئاودەدەین) و (براگەل بخوێنن توانا دەبن) و (كوردستان جوانی ئێجگار شیرینی)و (گەنجێ كە پیشەی هەر فەسادی بێ) و (جوانە كوردستان خاكی ڕەنگینت) و (لاوی كورد بخوێنە خوێندن مەر هەمە بۆ زامی گەل)، (هێزی یەكێتی و چرای زانسی) و (قارو قینی گەل بەجارێ دای لەهارژنو تەقین) هەندێ لەشیعرەكانی، كراونەتە گۆرانی، هەروەك:

**ئەملا كەژێكە ئەولا كەژێكە جوان و سەختو بەرز**
**لــەنــاوەڕاستــا دۆڵــی سۆلافە پڕ لە باخو ڕەز**

وەرە قوربان ئارامی دڵان، ساوەرە نازدار وەرە قوربان، دیسان مانگی نیسانە، (ئەی باڵا بەرزی نەرمو شل) سەیری ئەم پرچو بسكە، مەرەنجێنە، گیانە گۆڕاوی. مامۆستا دڵزار هێندە عەشقی گوڵ و جوانی بووە، دەشێ لە ڕۆستی(ئەستی) دڵزار وەك حەبیبەی حەزرەتی نالی و ست فاتمەی هەردی و بەهیەی فەرەج اللهی كوردی دڵدارو وارێی خارە سێوە بووبێ، چونكە هەست و نەستی، بۆ رووخساری ئەستی بەو شێوەیە هەژاندویەتی لە قوڵایی و ناخ:

**لە ڕەنگی سوری گـوڵەبـاخ**
**لە خوێن و بەفری سەر شاخ**
**لــە پــڕ تـەوی شەو چراخ**
**لەگەڵ ئەشك و لەگەڵ ئاخ**
**ئــەهـۆنمەوە هــەڵبەستی**
**وەسفی روخســاری ئــەستی**

زیاتر ئەشقی بۆ هەڵدەرێژێ، لەدێرێكی دیكە بۆ ئەستی دەبێژێ، بەو راستییەو خەستییە:

**دینی من، ئیمانی من، دووچاوی مەستی ئەستی یە**

**گیانی من، هۆش و دڵی من، دیلی دەستی ئەستی یە**

ماموٚستا دڵـزار گەرچـی مرۆڤێکـی مـرۆڤ و دلۆڤـان و میهرەبـانە، بەڵام لەبەر خەبـات و هەڵوێسـتی سیاسی، هێندە نازو سۆزی نەداوە بە ڕۆڵەکانی، سەرتاپا ژیانی ئاوارەیی و بەندی و لێقەومان و پڕ سەربەرزی بووە، ژیاوە بەمەردی و خۆڕاگری:

**دڵ دەڵێ دڵزار لە بۆچی سینە کوورەی ئـــــاگری**
**بۆچی فرمێسکت بە سروەی بەحری ئەبیەز ناسڕی**
**بۆچی داری غەم بە تەوری کەیف و شادی ناپڕی**
**بۆچی بەرگی زیلەتت سەرتـا بە خوار دانـادڕی**
**بۆچی لـەڕێگەی ڕەوشەنی ژینی بەرز دانـاگری**

دڵزار:

**ئەی دڵا بای بەحرو بەڕ ئەشکم وشك ناکاتەوە**
**باخی ڕەنگینی فەڵەستین دڵگەشیم نــاداتەوە**
**کێوەکەی قودسی موقەدەس مەینەتیم ناباتەوە**
**حەسرەتی دووری وەتەن خوێنی جگەر دەخواتەوە**
**ناعیلاجم خەم دەخۆم کەس غەم لەبۆ خۆی ناکڕێ**

بۆیە ئاوات و ئامانجی ئازادی بووە بەئاوازی شیرینی شۆڕشگێڕانە، شیعرەکانی دەربڕی ناخی دڵیەتی:

**دنیا بـــــاخێکە ژیان گوڵیەتی**
**ئـــــــازادی زادی گەڵاو چڵیەتی**
**هیـوا ئاوازی خۆش بولبولیەتی**
**دیلـــــی میکرۆبی کرمی گڵیەتی**

ئەوێ دەمـــێ لە چلەکـــان و ســـاڵی چەپـــڵە لە کـــۆیە، زۆربەی تێکۆشـــەران لە ڕیـــزی حزبـــی شـــیوعی ڕێکخرابوون، لە گەڕەکی مۆسکۆ، لە شاری کۆیە شیعرەکانی ماموٚستا دڵزار دروشم و پەیام و بـابەتی کۆڕو کۆبوونەوەکان بوون، وێردی سەر زمان بوون:

**ڕاستی گفتارو ئەسڵی حەقیقەت**
**لە شیعرەکانی دڵزار تێ ئەگەن**

ڕێزو خۆشەویستی لەو پەڕو ڕادەبەدەر بووە، بێباك، بێمنەت، لەسەر یەك بیرو باوەڕ بووە، ڕاستی گوتوە:

**ئەو شانازیەی لە دڵما گەرمە**
**تـــەنیا پتەوی بیرو باوەڕمە**

ڕاستگۆ بـووە، لە شیعرەکانی، لە تێکۆشـان دانەبڕاوە، گەرچـی تەمەنـی هەڵکشـاوە، بەڵام ئاسـایی نەژیـاوە، هەرچەن تەمەنی درێژترە لەتەمەنی (پێغەمبەرو لینین) بەڵام بێ بەش بووە لەخۆشی ژین، خۆی گوتەنی:

**بەڵام ئەوەی کە مایەی سەربەرزی و شانازیە**

**سەرشۆڕ نەکردنمان خەبات و گیان بـــازیە**

مامۆستا دڵـزار شـاعیرو وەرگێـڕێکە بە ئەزمـوون، دیـارە لە(نێرگزەجـاڕی گەردوون) چەنـدین شـیعری جـوانی وەرگێـڕاوەتە سـەر شـێوەزاری شـیرینی کـوردی، لە گەنجینـەی چـوار خشـتەکییەکانی، بابـا تـایەری هەمەدانـی، هێنـدە بەوەسـتایی و شـارەزایی و لێزانـی لە شـێوەزاری(لوڕی)یەوە هێنـاوەتە سـەر شـیلەو شـیرینی شێوەزاری(سۆرانی)، لە کوردی بۆ کوردی، پڕ لە جوانکاریی و وردی توخوا دڵزار چە کردی:

**ئیلاهی گەردنی گەردوون شەوەد خورد**
**کـە فرزەندی جیهانرا جوملەگی برد**
**یەکـــــــی نایە فڵان زیندە وابی**
**هەمی گویەند فڵان ابنی فڵان مرد**
*******
**خودایە گەردەنی گەردون ببی ورد**
**کە رۆڵانی جیهانی سەر لەبەر برد**
**یەکی نەیگوت فڵان وا زیندو بووەوە**
**دەڵێن گشتیان فڵان کوڕی فڵان مرد**

مامۆستا دڵزار لە ژیـان و دونیـاو مەرگ و پیری گەیشـتووە، ئەو رایەی لە شیعردا رەنگیداوەتەوەو بە شیعر داڕشتووە:

**تـەمەن هەرچەند دریژبێ کورتە بەخوا**
**وەکـــــــو خـــەونێکە خێرا دێت و دەڕوا**

گـوڵی تەمەن و ژیـانی خەبـات و خـۆڕاگری و خەمـو بەنـدی و هیـواو هەڵوێسـت و خۆشەویسـتی و جوامێری بووە، حەقی خۆیەتی، کە گوتویەتی. بە شێوازی هێمن:

**شاعیرێکی کوردی سەربەرزو پەرێز پاکم ئەمن**
**چقڵی چاوی دوژمنان و رەند و بێباکم ئەمن**

خودایە هەر بمێنێ! ئەو شاعیرە رێزدارو ناودارو ئازگارو شیعر نازدارە، ئەو باخە پڕ گوڵە، ئەو شاخە بەرزە، ئەو ئەستێرە پڕشنگدارە.

**مەولوودکردن و قاسپەقاسپی کەو**

مەولـوودكردن نـەریتێكـی ئیسـلامییە، بە بـۆنەی لە دایكبـوونـی پێشـەوای مەزن پێغەمـبەر(د.خ) دەكرێـت، هەروەك زانـراوە پێغەمــبەر(د.خ) لە12ی مــانگی رەبیعــی یەكەم لە شــاری مەكەی پیــرۆز لە ســاڵی570ز لەدایكبووە. لەسەرەتای سەدەی چوارەمەوە، بڕواداران و چاكەكاران و خێرخوازان خێر لە خۆدەگرن بەنیازی مرازو راز هاتنەدی و موژدەی خۆشی و خێرو بەرەكەت، ئاهەنگ دەگێرن و دوعاو نزا دەكەن، بۆتە نەریت بۆ خێرو خۆشی و چاكە.

لە بـارەی مەولـوودكردن (ئـادەم متـز) دەڵێـت:(یەكەم كەس كە بەبـۆنەی لەدایكبـوونی پێغەمـبەر(د.خ) ئـاهەنگی گەورەی گێرابـێ، میـر ئەبـو سـەعیدی مـوزەفەرە ئـاینی گـۆگبری ساحێبــی هەولێـر بـووە) بەڵام كتێبەكەی(جـع الاعشــی فــی صــناعە الاشــیائ) نووسیویەتی:(پێشــتر فاتیمییەكــان بە بـۆنەی لە دایكبـوونی پێغەمبەر(د.خ) ئاهەنگی گەورەیان سازدەدا، پێدەچێ ئەوان دەستپێشخەری خەڵك بووبن).

وەك دەردەكەوێ بێگومـان و بەڵگەنەویسـتە كە پادشـا مـوزەفەرەدینی گـۆگبری لەعیـراق و كـوردەواری مەولـودكردنی داهێنـاوەو دەستپێشــخەری كـردووە، ئەو بـۆنە خێروخۆشـییەی بڵاوكـردۆتەوەو كردوویەتــی بەنەریت.

ئەبوسەعید موزەفەرەدینی گۆگبری كوڕی میرزینە ئاینی ئەبی حەسەن عەلی كوچك كوڕی بەكتكیف لە 27ی مــانگی مــوحەرەمی ســاڵی549 ك بەرامــبەر 13ی نیســانی 1154ز لەقەڵاتــی موسـڵ لە دایكبــووە، فەرمانڕەوای هەولێری كردووە، زاوای سەلاحەدینی ئەیوبی بووە، لە وەختی شـەڕ لەگەڵ خاچپەرستەكاندا كە جەژنیـان دەبـوو، سـوارەكانی سـەڵاحەدینی ئەیوبی شـەڕیان را دەگرت بـۆ ئەوەی جەژن بـێ شـەڕ بكەن، ئەو دیـاردەش رەوشـتێكی جـوامێری و بەرزی بـووە، جـا پادشـا مـوزەفەرەدینی گـۆگبری لەوێـوە فێربـووە نەریتـی مەولوودی جەژنی لەدایكبوونی پێغەمبەر(د.خ) بەدیهێنا، كردوویەتی بەباو و نەریت، ئەو زاتە موزەفەرەدینی گـۆگبری بە(شـێری شـێر)و (میـری داهـاتووی گەورە)و (سـوڵتان)و (پاشـای شـكۆدار)و (میـری بـێگەردی)و (شمشێری ئەمیـری مـوئمنین)و تەنـانەت لەسـەر(پارە) كە لـەهەولێر لێدەدرا لێـی نووسرابوو(پاشـای پاشـایان موزەفەرەدینی دنیاو ئاین گۆگبری عەلی).

میری شكۆمەند(موزەفەرەدینی گۆگبری) فەرمانڕەوای هەولێر لە ڕادەبەدەر خێرخواز بووە، ساڵانە چۆتە حەج، شەست هەزار دیلی لە خاچپەرستان بە پارە هێناوەتەوە هەولێر، بە پۆشتەو پەرداخـی ژیـان و بژێوی بۆ دابینكردوون، رێزی بـێ ئەندازەی لێگرتـوون، یـارمەتی هەژارانـی داوە، ساڵانە مەولودی گەورەی شایستەی ئەنجامداوە، لە جێگای دیكە خەڵكی دیارو زاناو سۆفی و قورئان خوێن و شاعیری گەورەی بانگهێشت كردووە بـۆ هەولێـر، گـومەزی لەدار دروستكردووە بـۆ میـوانە شایسـتەكان، یـارمەتی و كـۆمەكی بـۆ هەژاران دادەنـا، وشترو مانگاو ماڵاتی زۆر بەزیكرو سەڵەوات سـەردەبڕدرا، شـا مـوزەفەرەدینی گۆگبری بەكەژاوەی رازاوەو مۆم داگیرساندن لە قەڵات دەهـاتە خـوارێ، گەداو هەژار لەبیر نەدەكران، خێـرو خـواردنی جەژن مەولودیـان بەردەكەوت، فەرمــانڕەوای هەولێـر میـر مـوزەفەرەدینی گـۆگبری لە ڕۆژی 18ی رەمەزانــی ســاڵی630 ك بەرامبەر بە حوزەیرانی 1233ز كۆچی دواییكرد! روون نییە لە كوفە نێژراوە یان لەمەكەی پیرۆز!

ئەو مەولودە خێروبەرەكەتە پەخشان و ئەدەبی كوردی و مەولودنامەی بە كوردی بە دوای خۆیدا هێنـا، بە دەف و موناجـات و شـیعرو سـرووت جـۆش دەدرا، نمـوونەی نایـاب و جـوانی ئەدەبــی كـوردین، هەروەك مەولودنامەی(شـێخ حسـێن قـازی 1790–1868) و مەولودنـامەی جەلی(حـاجی مەلا عەبـدوڵڵای جەلیـزادە 1838– 1906) ئەو دوو مەولودنـامەیە وەك دەركەوتـووە مامۆسـتا عەبـدول رەزاق بیمـار ئامـاژەی پێـداوە هەردووكیان وەرگێردراون لەعەرەبییەوە بۆ كوردی نامیلكەكە(ئیبن حەجەری هەیتەمی) نووسیویەتی بەنـاوی

(النعمه الكبرى على عالم فى مولود سيد ولد ادم) وەرگێرانەكە دەقاودەق نییە، بەڵام لە بەرگێكی تازەی كوردی خۆی نواندووە، نموونەیەكی گەشی پەخشانی كوردییە.

مەولودنامەی جەلی بەتام و شام و خۆش و كاریگەرترە، حاجی مەلا عەبدوڵڵای جەلیزادە بۆ خۆی خوێندوویەتییەوەو مەولودی گێراوە لە كۆیە، بە كوردییەكی جوان و بەتام هەروەك دەڵێ:

**(ئەی موسڵمانینە رەحمەتتان لێ بێ) گوێ بگرنە بەحسی ویلادەتی گوڵی گوڵستانی نبووەت، سەرووی بووستانی فتوەت، سوڵتانی تەختی جەلالەت، ئافتابی فەلەكی ریسالەت، سەردەفتەری ئەنبیا، تاجی سەری ئەولیا، حەزرەتی"محەمەد مستەفاص").**

حاجی مەلا عەبدوڵڵای جەلیزادە هێندە جوان و ناسك بە سەرواداری بەتام و ترش و خوێی كردووە، وا دەزانی بە كوردی داڕێژراوەو دەڵێ:

**(دونیا رەوشەن دەكا، زەمین گوڵشەن دەكا، ساحێبی نوورە، باعیسی سرووورە، تاجی كەرامەتی لەسەرە، شەفیعی رۆژی مەحشەرە، ساحێبی موعجیزەو كتابە...)** دەربارەی شەیتان هێندە بە جوانی ناشیرینی كردووە كە دەڵێ:

**(ئیبلیسی، پیسی، خەسیسی، نەجیسی، خەبیسی، پرتەبیسی، غەدداری، خوێنخواری، مەككاری، سەحاری، تەڕاری، ئەدباری، بێ عار).**

مەولودكردن لە كۆیە تام و چێژێكی كاریگەری هەبووە، بە تایبەتی مەولودی مەلاكۆرە یان مەلائەحمەدی حافز خۆی ناوی(ئەحمەد حەسەن حەمەد نەبی 1921–1990/7/3) بوو، بە دەفەو دەنگە خۆشەكەی مەولودی بەجۆش و خرۆش دەهێناو هەر موناجات و بابەتی ئاینی نەبوو بەڵكو مەولودەكانی باسی ماچ و مەمك و پرچ و چاو و بەژن و باڵای نازدارانی دەكرد بەتەڕو بڕی، مەولودەكەی هێندە تەڕو خۆش دەكرد گوێگری سەرسام دەكرد، بە شیعری دڵداری و عاشقانە. هەروەك:

**دوگمەت داخە دوگمەت داخە دووگمەكەت**
**كەس نەیبینێ خاڵی نێوان مەمكەكەت**

لەگەڵ ئەوەش شیعری نیشتمانی و سیاسی تێكەڵ دەكردو هەروەك:

**كوردستان چەند شیرینە**
**جەنەتی رووی زەمینە**
**خوایە هەر ئاوەدان بی**
**قەومی كورد جێ نشینە**

جگە لەبابەتی سیاسی و دڵداری و ئاینی، بابەتی كۆمەڵایەتی دەهێنایە گۆڕی هەروەك، خارە مختار، یان وەك:

**قاسپەقاسپی كەو دێ لەبناری گردی**
**كەو و كەوبار دەخوێنن لەئیزاعەی كوردی**

مەولودەكانی مەلا كۆرە، ئێستاش لە گوێ و مێشكی خەڵكی كۆیە دەزرینگێتەوەو خۆشی دەبەخشێ! چونكە بەمەقام و گۆرانی و سروودو بەستەو لاوك و حەیران دەیرازاندەوە مەولودەكەی.

وەك دەزاندرێت حاجی مەلا عەبدوڵڵای جەلیزادە مەولودی بە پەخشانی کوردی هێناوەتە کۆیە، جگە لە مەلا کۆرە، خۆشخوانی دیکەش هەبووە مەولودی خوێندۆتەوە وەك سەید ئەحمەدی شێخ کەریم و شێخ محێدینی برای و شێخ ئەنوەری سەید ئەحمەدو شێخ جەمالی سەید ئەحمەدو مەلا محەمەدی مەلا شەفیع و مەلا عەبدولڕەحمانی موئەزین و حەمە کوردستانی و مەلا حەکیمی مەلا عەبدولڕەحمان و پشتیوان کاکل! رەفیق چارچاو، یەکەم کەس بووە دەرچووە لە موناجات و بابەتی ئاینی دەنگی هێندە خۆش بووە کە چریکاندوویەتی بە سۆزی ئەڤیندارانەو دڵدارانە لەبەر نازی چاوبازانی گووتووە، مەولودخوێن مەولودنامەی داخستووە! بەعەشقەوە گوێیان لەدەنگ و زایەڵەی رەفیق چارچاو گرتووە!. زۆریش هەبوون تەنزیلەیان دەگووتەوە، هاوکار بوون هەناسەو پشوویان بە مەولودخوێن دەدا.

مەولودخوێنی ژن هەبووە ئاهەنگی مەولودی گێراوە لەناو ژنان هەروەك فەقێ گوڵی وسو کەمەندی، جەمیلە حاجی رەسول، فەقی رابی، فەقی پیرۆز، فەزیلەی سمایل ئاغا، ئامینە ژنی خەلەف چاوەش!

مەلا کۆرەش لەناو ژنان مەولودی دەخوێندەوە بەزۆری.

جۆری مەولودکردن لە کۆیە پێویستی بە لێکۆڵینەوەیەکی وردو بابەتییانە هەیە، بە شێوەیەکی زانستی و ئاکادیمییانە" چونکە جیاوازو تام و چێژێکی تایبەتی خۆی هەیە.

سەرچاوەکان:

-ژیاننامەی موزەفەرەدینی گۆگبری، دکتۆر موحسن محەمەد حسێن.

-ئاهەنگی مەولودی پێغەمبەر، دکتۆر ئارسن موسا رەشید.

-مەولودنامەی کوردی، عەبدولڕەزاق بیما.

## حوسێنی: شاعیرێکی شاراوەی زێڕوەشان

سەید ئەحمەدی شێخ عەبدولکەریمی نەوەی شێخ حەسەنی گڵە زەردە، نازناوی(حوسێنی)یەو شاعیرێکی بە توانای بزربووی کوردە، خۆی داوە لە قەرەی شیعرەکانی سێکوچکەی بابان، گەر لێی بکۆڵدرێتەوە، دەدرەوشێتەوە وەك ئەستێرەی تابان، حوسێنی لە ئاسمانی ئەدەب ئەستێرەیەکی شاراوەیە، گەنجینەیەکی بەهاداری ناو بناغەی کەیل و کەلاوەیە، ئەو ئەستێرە پیرۆزەیە، لە ساڵی 1887ز -1306 کۆچی لە شاری کۆیە، رێی ژیانی گرتۆتەبەر، لە تەمەنی 7ساڵی دەستی داوەتە خامەو سیپارەو دەفتەر، دەرسی سەرف و نەحوو کتێبە ئاینییەکانی خوێندووە، لە خزمەت شێخ نوری جەلیزادە قورئانی خەتم کردووە، بە منداڵی کانگای بەهرەی شیعری هاتۆتە جۆشان، لەخواو خۆوە بۆی هاتووە سرۆشان، غەزەل و شیعرەکانی دوڕو یاقووت و گەوهەرە، بە وەستایانە شیعری داڕشتوە هێند کاریگەرە:

**وا بەغەمزەی جەرگی پڕ خوێن کردووم ئەم دولبەرە**
**نووکی موژگانی لەب و دڵ پارە کردن خەنجەرە**

**تیری مووژگەی هێند بەتاو بۆم دی لەدویەك دەم بەدەم**
**سەیری سینەم کەن لەهەر لایە کون کونە وەك پەنجەرە**
**ئەی(حوسێنی) قەت مەپرسە ماجەرای دەردی دڵت**
**گەر بەتعدادی بنوسرێ سەد هەزاران دەفتەرە**

گەر شیعرەکانی بەوردی و سەلیقەوە هەڵبسەنگێنرێت، بە حەزرەتی(نالی) کۆیە دادەنرێت، بە چوار زمان شیعری داناوە خامەی کەوتۆتەکار:

**وا کوردی و تورك و عەرەبی و فارسی(حوسێنی)**
**جاری بوو لە فیکری تۆوە هەم کردتە ئەشعار**

ئەو بەرەبابە خەزێنەی شیعرو هونەرن، شیعر دۆست و زانست و ئەدەب پەروەرن، (حوسێنی) برای شاعیران(حەزینەو نیهانی)یە، دیوانی شیعریان پڕ نورو جوانییە، مامی باوکی کاك سەیدی فیغانییە، باوکی شاعیر(شێخ ئەنوەر)ە، نازناوی(دەروێش)ە گەرچی سەیدی سەروەرە، حوسێنی حەوت براو سێ خوشکی هەبووە براکانی(شێخ مەعروف، شێخ محێدین، شێخ نەجمەدین، شێخ رەزا، شێخ عەبدولسەلام، شێخ باباعەلی، شێخ سەدرەدین) خوشکەکانی(زەینەب و عائیشەو زێبا) حوسێنی لەوەختی سەفەربەلەك و شەڕ، لە کۆیە رۆیشتوەو چۆتە دەشت و دەر، لە گوندی(هەرەجە) لای کاکی شێخ مەعروف گیرساوەتەوە، دوایی شەڕ بۆ کۆیە گەڕاوەتەوە، حوسێنی پێنج کوڕو دوو کچی بووە(بابەشێخ، شێخ ئەنوەر، شێخ جەلال، شێخ جەمال، شێخ کەمال، حەلاوە، قەدریە) حوسێنی جگە لە شاعیری دەنگخۆش و خۆشخوان و قورئان خوێن و شارەزای مەولودو دەف بووە:

**وا غەمی هیجرت بەقوربان دەورەی داوم چوار تەرەف**
**بەم غەمە دڵ کەوتە ناو سەد حەسرەت و دەردو ئەسەف**
**گەر سەرم ببڕی لە ڕێگای عەشقی خۆتا روحەکەم**
**باعیسی فەخرو شەرەفی روتبەمە عەینی شەڕەف**
**زوڵمی تۆ دەرحەق(حوسێنی) خۆ لەحەد دەرچوو گوڵم**
**نەبووە ئەییامی سەلەف زوڵمی وەهاو نابی خەلەف**

بە ڕاستی حوسێنی شاعیرێکی بەرزە لە ڕیزی بەهرەداران:

**وەرەو بنواڕە حاڵی دەردەداران**
**بکە رەحمێ بەحاڵی داغداران**
**لەسینەم ناڵەی دڵ دێ پەیاپەی**
**دەگرمێنێ وەکو هەوری بەهاران**
**عەزیزم ئەشکی خوێنین وا لەچاوم**
**دەبارێنێ بەوێنەی ئاوی باران**
**فیدات بم تۆ وەرە یەك دەم ببینە**
**لەهیجرانت قەراری بێ قەراران**
**چ کەم نابێ لە حاڵی تۆ(حوسێنی)**

**بپرسی گەر شەهی سیمین عوزاران**

شیعرەکانی پڕە لەجوانکاری و مرواری و زێڕو تەڵا:

**چاوەکەم رووت فیتنەیە باڵا بەڵا**
**چاو لەتۆ فیتنە دەبینێ یا بەڵا**
**زوڵفت ئیفشان کردووە سەرتا بەپا**
**خۆت بەجارێ کردووە سەرتاپا بەڵا**
**من لە باڵای تۆ(بەڵا)م دیت و وتم**
**یەك مووە ما بەینی باڵاو بەڵا**
**وەك بەڵا باڵای تۆم دی چاوەکەم**
**ناوی باڵاتی(حوسێنی) نا بەڵا**

توانای شیعری لە تەخمسێکی شیعری(کوردی ) دەردەکەوێ:

**موددەتێکە خادمی تۆم داخۆکەی بۆم هەڵکەوی**
**تا نسیبم بێ لە شوعلەی ماهی رووی تۆ پڕ تەوی**
**هەر لە ئێوارێوە دیدەم تا بەیانی ناخەوێ**
**(چاوەکەم زانیوتە بۆچی خەو لەچاوم ناکەوێ**
**چونکە من پێش خزمەتم پێش خزمەتان نانوم شەوێ)**

لە تەخمیسێکی دیکە لە شیعری(نالی) پشکۆی وشەکانی رووناکی شەوی دەیجوورە:

**زەمانێکە لە عەشقی تۆ دڵم ناشادو رەنجوورە**
**بناغەی دڵ لە گەرمی عیشقدا وێران و خاپوورە**
**بە سۆزی عەشقەوە سینەم شەڕەر دێنی وەکو کوورە**
**(لە دڵدا ئاتەشی عیشقت بڵێسەی میسلی تەندورە**
**شەتی ئەشکم نەبێ مانیع دەسوتێم دەبمە کۆی نوورە)**

حوسێنی وە نەبێ هەر لە بواری غەزەل و شیعری دڵداریدا، توانای دەرکەوتبووبێ، بەڵکو لە شیعری نیشتمانی و سیاسیدا، شیعرێکی نایابی کردۆتە خەڵات:

**خۆشی کەوتە رووی وڵات**
**بووین لە چەنگ زیللەت نەجات**
**رۆژی خۆشیتان هەڵات**
**لە سەمای وەتەنی کورد**
**کورد بکەن سا کۆمەڵی**
**ئیتیفاقی و تێکەڵی**
**رۆژی خۆشیتان هەڵی**
**لە زیبای وەتەنی کورد**

**ئەو وەتەنەی هەمانە**
**جێی باب و باپیرانە**
**خۆش بێ ئەم نیشتمانە**
**سەرکەوێ لاوانی کورد**
**بۆ هەموو کوردی وڵات**
**لە شاران و لەدێهات**
**خەبات بکەن بۆ نەجات**
**لاوەکانی گەلی کورد**
**ئەی(حوسێنی) بۆ دوعا**
**دەست هەڵێنە لای هەوا**
**تا نەهێنێ زاتی خوا**
**ئینتیهای وەتەنی کورد.**

حوسێنی لە تەمەنی 46ساڵی، لە ساڵی1933 بە ژیانێکی دژواری و سەختی و تاڵی، ئەستێرەی تەمەنی ئاوا بوو، هێلانەی روخاو کۆزی ساوا بوو، لە گۆڕستانی دەروێش خدر لە کۆیە لە لای باوك و باپیری نێژراوە، ئەو خەزێنەیە هەقی خۆی نەدراوەتێ و کەمی لەسەر نووسراوە، حوسێنی شاعیرێکی نازدارو بەهرەداری کۆیی، کەچی بەزوویی لەباخی ژیان رۆیی:

**سەدای ناڵەی دڵم وا دێ دەڵێن شۆخی زەمان رۆیی**
**لەچاوم خوێن بەخوڕ دەڕژێ دەڵێن شاهی گوڵان رۆیی**
**گوڵم بۆ کۆی نیگارم چوو کە دێ جێگایەکی چۆڵە**
**گەلێ خاکی بەسەردا کرد بەگریان و فیغان رۆیی**
**خەوم بێ هۆشییە هەم ژەهرە خۆراکم لەهیجرانی**
**پەشێوە عەقڵم ئەی یاران کە دیم ئارامی جان رۆیی**

شێخ ئەنوەری کوڕی بۆ مەرگی باوکی هاتۆتە جۆش و خرۆش و شیوەن و گریان:
**حوسێنی نازناوی بوو شێخەکەی شیرین زوبان**
**ناوی سەید ئەحمەد بوو ئەم شێخە بۆ ناو و نیشان**
**بە زوبانی فارسی و تورکی و کوردی و عەرەبی**
**شیعری رێکوپێکی داناوە بە شێوەی ئەدەبی**

شێخ ئەنوەر لە شیعرێکی دیکە بۆ مەرگی ناوەختی حوسێنی، نوری شیعری وەك شەوچراغ بۆ دادەگیرسێنێ، بۆ تۆماری یادگاری ساڵی مەرگی تا ئەبەد:
**هەزاران رەحمەتی مەولا لە ڕۆحی پاکی سەید ئەحمەد**
**ئەجەل هات و لە شاری(کۆ) مەجالی پێ نەدا ئەو حەد**
**کە گیانی پاکی سەید ئەحمەد خوداوەند بۆ لیقای برد**
**فلك شێوا، زەمین تاسا، کە ئەو کۆچی دوایی کرد**

پەراوێزەکان:
-حەزینە: نازناوی زینەب شێخ عەبدولکەریم خێزانی مەلا عەبدوڵلای جەلیزادە.
-نیانی: نازناوی شێخ محی الدین شێخ کەریم برای حوسێنییە.
-فیغانی:نازناوی سەید عەبدولقادری شێخ عەزیزی شێخ مەعروف هەرەجە، سەیداوە بەناوی ئەو زاتەوە ناونراوەو بەکاك سەید بەناوبانگ بووە.
سەرچاوەکان:


1-کۆیەو شاعیرانی، کەریم شارەزا، 1961.
2-دیوانی دەستنووسی حوسێنی بەخەتی شێخ جەمالی کوڕی شاعیر.
3-دیوانی شێخ ئەنوەری بەرزنجی،2009.


**بەردێك لەقەڵای دمدم رووخا!**

مرۆڤ کە لە دایك دەبێت بە ڕووتی هیچی پێ نییە، کەمردیش هیچ لەگەڵ خۆی ناباتە گۆڕ، دیارە کفن گیرفانی نییە، مرۆڤ کە لەدایك دەبێت خۆی دەگریاو خەڵك پێ دەکەنێ، بۆیە کە مردی وابکەی خەڵك بگری و بەپەرۆشت بێ و ناوت بەباشی بهێنێ! گیانت ئاسوودە بێ، باهیچ کەس نەنازێ بەپارەو سامان و کۆشك و تەلار هەروەك جۆباری شاعیر دەبێژێ:

**زەمانە چەرخی گەردوون چۆن دەسووڕێ سەیری کەن ئێوە**
**کەچەند دەورو دوکان تێکچوو بزربوو چەند هەزار شێوە**
**هەزار سوڵتانی وەك عیزەت و جاهوجەلال رۆیی**
**کەخاکی قەلبی ئەمڕۆ گەردەلولی رووی کەژو کێوە**
**مەنازە قەت بەماڵ و گەنجی دونیا ئەی مرۆڤ چونکە**
**کەمردی لەم هەموو چشتە دوو سێ گەز چاوەکەت پێوە**

ژیان هەنگوینە، بەڵام ژەهری تێ تێکەڵاوە، ژیان بەڕاستی تاریکەو عیشق و ئارەزوو رووناکی دەکاتەوە، راستییەکیش هەیە ژیان بێ خۆشەویستی و خەبات و تێکۆشان و چاکەو پیاوەتی شاکاری باش چ بە هاو مانایەکی نییە، خۆی ژیان خەونێکە مردن خەوێکی قووڵ و بێ خەون و جەستە داڕزانە، خۆراکی خاکە، بۆیە نەمری لەپاش مردندایە نەك لەژیان، ژیان باخێکە مرۆڤ گوڵەکەیەتی، گوڵ نییە ناشیرین بێ، بەڵام گوڵ هەیە

بۆ بۆن و گوڵاوی نییە، دەرەوشانەوەی ژیان لەبیروباوەڕو ئامانجی پیرۆزدایە، بۆیە تێکۆشانە لە پێناوی ئامانجدا، گرنگترین و گەورەترین مامۆستا رۆژگارە، تەمەن دەڕوا ناگەڕێتەوە، هەروەك ئاوی رووبارە، دەڵێن مەرگ و گۆڕ دیاری ئاسمانە بۆ مرۆڤ!.

ژیان رێگەیەکی بازنەییە بۆ گەیشتن بەمەرگ هەردەبێ بگەنە مەرگ، ژیان بەرەو دواوە ناگەڕێتەوە، هەرگیز تەمەن نایەتەوە، لە کۆت و کەلەپچەی دوێنێش نامێنێتەوە، مرۆڤی گەشبین سەیری گوڵ دەکا، دڕك نابینێ، بەڵام مرۆڤی رەشبین دڕك دەبینێ سەیری گوڵ ناکا! جوانی مرۆڤ لەپاکی زمان و شیرینی گفتاریەتی، لە ئاکارو رەفتاریەتی، نەك لەباڵاو رووخساریەتی، زمان دەتوانێ ژیان و مردن بخولقێنێ، ئاشتی و کامەرانی بەدیبهێنێ، زمان گۆشتە بەڵام ئێسك دەشکێنێ!!.

دڵشاد محەمەد جەلال دڵسۆزو خۆشەویست و دەلال، ناسراو بە دڵشاد مامە، ئەو مرۆڤە شیرین کەلامە، بەردێك بوو لەقەڵای دمدم:

**ئەی دمدمی بەردی دەلان**

**جێگەی خان و خان ئاو دەلان**

پەنجەیەك بوو لەخانی لەپ زێرین، تێکۆشەرێك بوو پێشمەرگەی دێرین، دڵشاد مامە، ئەو زاتە کارامە، لە ساڵی1943 لە گەڕەکی قەڵات لە شاری کۆیە، هاتۆتە ژیان لەو ئاگردانە پڕ پشکۆیە، لە بنەماڵەی غەفووری، داگیرساوە شەوق و نوری، لە زێدی ئەژدادو باوکی، کەوتە زیقەو بڕا ناوکی، خوا کوڕێکی وایهێنا، دڵشاد بوون و دڵشادیان ناولێنا، نۆبەرە بوو (نۆبەرەت کوڕبێ، بەختت پڕبێ)، لە کۆیە سەرەتایی و ناوەندی تەواوکرد، لە چەمی رەزان ساڵی1962 بووە پێشمەرگەی کورد، کە پێگەیی و خۆی ناسی، کەوتە باڵی مەکتەب سیاسی، بەهەرزەکاری هەناوی پڕ خورپە بوو، خوێنی لە جۆشدان و قوڵپە بوو، وەك پێشمەرگەیەکی سەرکەوتوو، وەك فەرماندەیەکی دەرکەوتوو، لە سەنگەری پێشمەرگایەتی بوو، پشکۆیەکی گەشاوەی ئاگردانی کوردایەتی بوو، بە مەردایەتی بە ئازایەتی بێ کۆڵدان، لە چەمی رەزان و ماکۆك و شیشار تا هەمەدان، رێگای نوورانی بەرنەدا، نە دوڕاو قەت نەیکرد سەودا، تابووە بەڕێوەبەری پۆلیس لە کۆیە، بەڕێکوپێکی کاری بەڕێوەدەبرد، یاساو ویژدانی بەکارهێنا، تا بەهۆی تەمەن خانەنشینکرا، بەپلەی عەقیدی، کارو ئەرکی دیکەی نەکرد چیدی، تا 2010/10/22 بە ئێجگاری ماڵئاوایی کرد، بەکپ داگەڕان کۆچی دوایی کرد، بەردێك لەقەڵای دمدم رووخا، بەمەردی مردو بەمەردی ژیا:

**هاوارو رۆڕۆمە دمدمە بەگریانێ، دڵم راناوەستێ**

**لەبەر ئەوێ خەمێ ئەوێ ژانێ!**

**لەقۆشەنێ لەتۆغیانێ**

**تۆزگرتی بەری ئاسمانێ**

**بووە رۆژی ئاخر زەمانێ**

**ئاخر بۆیە، رۆڵەی دڵسۆزەکەی کۆیە:**

**سوارێك هاتووە لەبۆ گەشتێ**

**بەوی سوورەتی بەهەشتێ**

**خان دەپرسێ ئەمە کێیە؟**

**دڵشاد مامە ماهی دەشتێ**

**لەغەفورییە خزمی پشتێ**

**خوا لێی خۆش بێ بچێتە بە هەشتێ!**
پەراوێز:
هەندێك لەو بەیتانە لەبەیتی قەڵای دمدم وەرگیراوە.

**بۆ مەرگی محێدین رەزا، سرووودو درووودو نزا**

لەمێژە مرۆڤ بە دوای نەمریدا دەگەڕێت، کەچی هەر دەمرێت، گومان نییە جەنگی مەرگ هەرگیز ناکرێت، مانەوەی هەمیشەیی جەستەی مرۆڤ مەحاڵە، سەرەنجام جەستە داڕزان و بوونە خۆڵ و کۆی زوخاڵە، بەڵام ئاینە ئاسمانییەکان، ئەفسانەکان بۆ رۆحی مرۆڤ، موژدەیان پێیە، هیوای شادی هەیە، بڕوایان بە نەمری و ژیانی دوای دونیای مادی هەیە، زانایان سەرقاڵن، عەوداڵن، لە توێژینەوەی مەرگ و ژیانن، هەرچی چوو نەهاتەوە درکی پێ ناکەن لەو حیکمەتە نازانن، کەچی گیان لەبەرێکی دەریایی هەیە بە ناوی Tupritopsis nutricula، لەجۆری بووکە دەرياييەکان، لە پۆلینی کۆی چرایەکان، نامرێ بە زیندوویی دەمێنێتەوە رەنگە ئەو نموونەیە دەگمەنە لە ژیانی ناو سروشت یارمەتیدەر بێت، هێندە زوو مردنی لێنەکەوێتەوە، چونکە ئەستەمە بکرێ مرۆڤ هەرگیز نەمرێ، دەکرێ پاش مەرگی ناوی بەزیندوویی بمێنێتەوە، بەشاکارو هونەرو بەرهەمو خەبات بواری ئەدەب و داهێنان و زانست، لە مێژوو یادی بگەشێتەوە.

ئەی مرۆڤ هێندەی درەخت و بەردو کەژێك ناژی، ئیدی لەو گەردوونە بەچی دەنازی، تەمەن چییە هەر بەش ناکا، ئەو جەستە ناسکە، هەرچەند بەنازی گەورەکا، سەرەنجام خۆراکی خاکە، تەمەنی مرۆڤ کورت و سنووردارە، وەك گوڵ و پەپولەو بەرخو کاریلە، لەچاو کۆنی ئەو چەرخ و کردگارە، رۆژانە زۆر دەمرن و خاك دەیانگرێتە باوەشی، بەدەگمەن دەبنە هێمای نەمری و گەردن کەشی، خۆ هەر دەمرین، شیعرێکی(سەید برایم بەرزنجی) پێشکەش بێ:

**چارەمان نەبێ مردن لەپێش بێ**
**لاشەی ئازیزمان بۆ خۆڵە مێش بێ**
**با ئاگاداربین نەمرین وەك بەراز**
**بمرین لەڕێگای ئامانجی گەلخواز**
**ئاڵای ئازادی بەخوێن ڕەنگین کەین**
**ژیانی شادی بۆ گەل دابین کەین**

محێدین ڕەزای ڕەزاسووك و سەنگین، خاوەنی خەرمانەی هەمەڕەنگ و دەستڕەنگین، سەفەری مەرگی کەوتەڕێ، کشا ئەستێرەی هونەرێ، مەرگی هەروا بەئاسانی و بێدەنگی تێناپەڕێ، چونکە بۆ مەرگی محێدین ڕەزا، دڵ تەزا، گیان هەژا، جەرگ چزا، کار لەکار ترازا، ئاسمان بێ بەزەیی بوو، زوویی بوو فریشتەی گیان کێشان، دەگەڵ کفن پۆشان، لە مەڵبەندی خامۆشان، مەرگ لە دووی نارد، بە خاکی سپارد، تەلاری تەمەنی بەسەر یەکدا رما، سێبەری لەسەر زەوی نەما، ئاسۆی ئاوابوو لە شانۆو سینەما، هاواری گۆران، دەگاتە ئاسمان:

**ئەجەل داد، ئاسمان داد، عەرشی خواداد**

**حەکیم، عیلمی بەشەر، دەرمان، دەوا داد**

محێدین ڕەزا، لە هونەر شارەزا، لە دەرهێنانی کلیپ و فیلم و فیلمی دۆکیۆمێنتاری لەبواری شانۆو دراماو سینەماو چیرۆك و نووسین و تەلەفزیۆن دیارە شاکاری، بەرچنەك شەوچەرە بوو لە هونەری جوان، سێوی سەرلك و هەناری بن پەلك و هێشووە ترێی گەش و ڕەشی بەرباران بوو، بەرهەمی باخ و مشتاخی زستانان بوو، سپیتر بوو لەبەفرو چۆڕی شیر، کپ و هۆشیارو ڕۆشنبیر، شنەی شەماڵێك بوو لەگەرما هەڵی دەکرد، لە ناو شەختەو سەختی زستان گڕی دەگرت، کوورەی دەروونی پڕ پەنگرو ئاگرو سکاڵاو هەڵقرچان بوو، ئەشکەوتی دەمی ریزێك رەخنەی لەخڕکە بەردو خرچان بوو، تا دوا هەناسە لە کاری هونەری و کەناڵی تەلەفزیۆنی کۆیە بێوچان بوو، هەمووی تەمەنی چل و دوو مۆم بوو، (2011/10/6) ڕۆژێکی ناخۆش و شووم بوو!

محێدین ڕەزا، ئەز قەزا، هاوزەمان بوو، خۆ، مەرگی لەگەڵ شەهیدکردنی مەشعەل تەمۆ، کوردی ڕاپەڕیوی کوردستانی ڕۆژئاوا نەناسراو بوو شەهید بوون مەزنی کردو ناوی هاتە ئاراوە، لە ئاگر پژێنی ڕاپەڕین لە سوریا بووە مەشخەڵێکی گەشاوە، لەوێ کوردێ هەڵکەوێ، پشکی پریشکی شەرەفی گڵپەی خۆ پیشاندەرانی بەرکەوێ، هەر گوڵباران و هەلهەلەی پێ دەوێ:

**تو خەون بووی هەمی گاڤا**

**تەل من بەردان ڕوندکیت چا ڤا**

**کەلە گری کەت هەنا ڤا**

هونەرمەند محێدین ڕەزا، ئەو ئەستێرە بەرزە، هەڵکەوتووێکی چوار وەرزە، لە دایکبووی ساڵی شەست و نۆیە، لە گوندی هەرمۆتەی شاری کۆیە، بە ڕەسەن و بنچ، مام قلنجی، لە گوندیکی قشت و قنجی، پڕ شەهیدو قوربانیدان، لە بێشەی شێران و بەرخودان، گەرچی دەرچووی ئامادەیی بازرگانییە، چ پەیوەندییەکی لەگەڵ هونەردا نییە، بەڵام هونەرە جوانەکەی، تواناو داهێنانەکەی، دەژی و هەژی و شایەنی ڕێزلێنانە، شایانی یادو ناوهێنانە، لەزۆر بوارادا بەرهەمی دیاربوو، نووسەرو تێکۆشەرو بەهرەوەرو پێشمەرگەو ڕاگەیاندنکار بوو، بۆیە هەر لەکەسوکارو هاوسەرو(ئاری و ئارێزو ئارش و ئارا) نەڕۆیی، بەڵکو لە کوردو وراتی کۆیەو هونەرو دراماو کاری شانۆیی، خەسارەت بوو خەسارەت! چ وشەیەك جوانە دەربارەت تنۆکە فرمێسك و چەپکێ وەنەوشەی بۆن خۆش پێشکەش بێ، ناوت، یادت، لە ئاسمانی ویژدان هەر گەش بێ:

هەزاران سروودو دروودو نزا بۆ ڕۆحی پەپولەی محێدین ڕەزا.

**کوردستان بێشکەی دووەمی مرۆڤایەتی**

لە گوڵزاری شیعری حەزرەتی حاجی قادری کۆیی بگەڕێیت و بیپشکنی، گوڵی رەنگاو رەنگ و دەگمەن و گەش و جوانی لێ دەچنی:

**پڕە لەلالەو نەسرین و نەرگسی شەهلا**
**لە بۆ نیساری موهەییایە پڕ لە زەڕی تەڵا**

گوڵە شیعری هەیە بۆن نەکراوە، لەزۆر بواردا ئاماژەی پێداوە، کەچی بەوردی و پەسندی و پەژرایی پەی پێ نەبراوە، ئاسمانی فیکری پێرووە، لە سایەی پرتەوی شیعری(شوعاع و شەعشەعەی میهری، ئەشیعەو میشعەلی بەدری) چەند بۆ کوردو کوردستان سووتاوە تووبی خوداو راهی، (شوعاعی شەعشەعەیی شەمعە مەشعەلی ماهی) واجگەر سۆز بووە بۆ کوردو کوردستانەکەی، هێندە بەپەرۆش و بەخەم بووە بۆ گەل و نیشتمانەکەی:

**ئەگەر منم لە فیراقیان کزەم لە جەرگەوە دێ**
**ئەگەر دڵە، وەکو جەرگم دەڵێ ئەوا سوتا**

لە ڕادەبەدەر، بەگەرمە باوەڕ، بە عەشقی خاك و سەودا سەر، جاڕ دەرو تەکەزی پێشکەوتن و ئاڵای ئازادی بووە، کوردی وێنا کردووە هەمیشە لە یادی بووە، جەرگ و دڵی لەت لەت بووە بەحەسرەت، بانگ و هاواری کردووە بۆ کورد چەند کەڕەت:

**(قوڕی کوێ کەم بەسەرخۆما لە غوربەت**
**خەوم نایێ لە داخی مۆڵك و میللەت**
**ئەگەر وەك من خەبەرداربن لە دەوڵەت**
**لە حەیفان خۆ دەخنکێنن بەبێ پەت)**

لە کۆگری شیعرەکانی حەفتاویەك جار ناوی(کورد)ی هێناوەو نۆ جار ناوی کوردستان، جگە لەوەتەن و وڵات و میللەت و بابان و سۆران و جزیرەو بۆتان، جگە لەوەش چوار جار ناوی(کوردی) شاعیری بردووە،

چەند جار ناوی(درەفش و بەیرەق و رایەت و بەیداخ و عەلەم)ی باس کردووە، ما خولیای بووە بۆ کوردو نەبۆتە دەوڵەتی سەربەخۆ؟ (سەد حەیف و سەد مخابن)و داخ:

**(بولغارو سیرب و یۆنان هەم ئەرمەن و قەرەتاغ**
**هەر پێنجیان بە تەعداو نابن بە قەددی بابان**
**هەر ئێکە موستەقیللن، کوللێکی دەوڵەتێکن**
**ساحێبی جەیش و رایەت، ئەرکانی حەرب و مەیدان)**

ژمارەو پێوانەو خاکی زۆرە لە جیهان، کەچی دەوڵەتێك نییە بەناوی کوردستان:

**(هەر لەشیرازەوە هەتا بابان**
**پاکی یەك نەزمە پێی دەڵێن گۆران**
**هەر لە مووسڵ هەتا حەددی بابان**
**بەیتیان کردووە وەکو جافان**
**بەدرێژی لە(قاف) کە ڕابوردن**
**تا بە شیراز و ئەسفەهان کوردن**
**گوردی شانامە پاکیان کوردە**
**کافی ئەم سافە کافی ئەو وردە**
**حاجی دەمرێ لە داخ و هاوارە**
**کوردی بێچارە، دەبنە ئاوارە)**

ئەوەی پێویستە گەڕیدەو جوگرافی زانان و زانایانی ئاینی و دێرووکناسان، شوێنی کوردو کەشتی نووح بکۆڵنەوە بیخەنە بەرباسان، چونکە بێشکەی دووەمی مرۆڤایەتی، بە گوێرەی ئایەت و قورئان و ریوایەتی، مادام کەشتی نوح لەسەر کێوی جود لەنگەری گرتۆتەوە، کەواتە لە کوردستان لە پاش تۆفان، ژیان دەستی پێکردۆتەوە، واتە لە وڵاتی کوردان ژیان و مرۆڤ بڵاوبۆتەوە! حەزرەتی حاجی نەك شیرازو ئەسفەهان و مووسڵی پێ کوردن، ئەو زاتە مەزنە هەموو جیهانی پێ کورد زادەیە، بێگومان و یەقین بووە بەو رادەیە، چونکە لە سایەی رەحمەتی رەحمان، زانایەکی ئاینی بووە مەلاو موسڵمان، دەقی قورئانی پیرۆز هەیە خواو راستان:

**ئەو رۆژە بەئەمری حەییی مەننان**
**ئەم عالەمە پاکی بوو بە تۆفان**
**دەییارێ نەما لە جینسی زی رووح**
**غەیری ئەمە هاتە کەشتی نووح**
**ئەو رۆژە گەیشتە وەقتی مەوعوود**
**وەستاوە لەسەر چیایەکەی جوود**
**هەرسێ کوڕی کردیانە مەسکەن**
**ئەوجێ و مەکانە میسلی گوڵشەن**
**ئێستاکە جزیرە بێ موحابا**
**مەعموورەیی ئەوەلە لەدونیا**

**ئەولادی سەحیحیان بە بورهان**
**(کوردن) لە مەکانی جەددی خۆیان**
**سوککانی بیلادی روبعی مەسکوون**
**(بالجملە) لەمانە مونشەعیب بوون**

زانای مەزن و بیر فراوان مەسعود محەمەد، لەگەڵ ئەو رایەی حەزرەتی حاجی دایە سەد لەسەد، بە هەشتی مەسعودی مەلای گەورە جەلیزادە:

نووسیویەتی کەشتیەکەی نووح بەسەر کێوێکی کوردستانەوە وەستا کەواتە ئادەمیزاد لەجاری دووەمی پەرەسەندنیدا(کوردزادە)! پێیوابووە(راستی لە هەموو نەزەرییەو بیرو باوەڕێك موقەدەسترە! رای وابوو(دەبێ مرۆڤ ورتە لەمەیل و ئارەزووی خۆی ببڕێت، کاتێ خەریکی لێکۆڵینەوەی مێژوو دەبێ).

بێ لەگەمەو دوور لە بەزمی بەشیریستان، بێشکەی دووەمی مرۆڤایەتییە کوردستان، چونکە حەزرەتی حاجی قادری کۆیی، شیعری کە داناوە بە بڕواو هیواو راستگۆیی، دوور لە توندڕەوی و وشکەڕۆیی، خۆی زانای ئاینی و بڕوا دار بووە، لە تۆقەڵان و هۆشیارو ئاگاداربووە، داگرو ئازگارو هۆگری پەروەردەگار بووە، وەك مەلایەکی شارەزاو بەئیمان، پەیوەست بووە بە پەیڕەوی فەرمودەو قورئان:

**(چونکە ئێمە قەدیمترین لە ئەوان**
**بە تەورایخی جوملەیی ئەدیان)**

سەرەنجام دەیسەلمێنێ بە بەڵگە لە ژێر دەخشەك و قورئان:

**(مەکەن مەنعم هەموو راستە مەقالەم**
**بە بورهان و حەدیسی فەخری عالەم)**

تا کۆچی دوایی کرد، بۆ نەتەوەی کورد، وازی نەهێناو رێبازی خەباتی بەرنەدا:

**(قوڕێ کام جێ بکەم بەسەرخۆدا**
**ئەمە لێم بوویتە عیللەتی سەودا**
**بە قسەی چاکە دەستیان دەگرم**
**تەرکی ناکەم بە لۆمە تا دەمرم)**

تا کورد مابێ لە هەبوونەوە تا هەرمان، حەزرەتی حاجی هەر دەژێیت تا ئاخر زەمان!

سڵاو سوژدە بۆ گیانی پاکی، بۆ شیعری جوان و فەرمودەی چاکی، خۆزگە دەزانرا لەکوێیە! گۆڕو ژێرخاکی؟!

وشە نامۆیە کان :

نیسار: پەخشکردن و بڵاوکردنەوە

موهەییایە: ئامادەیە

تەڵا: زێر-ئاڵتوون

پەژرا: قبووڵ

کۆگر: مەجموعە

دەخشەك: حدیث
تەكەز: تەئید
ئازگار: شامل
داگر: كامل
حەیی مەننان: مەبەستی لەخودایە
دەییار: كەس-تاق
زی رووح: گیانلەبەر
سێ كوڕی: كوڕانی حەزرەتی نوح ( سام- حام- یافث)
روبعی مەسكوون: ئەو خاكەیە كە خەڵكی لێ دادەنیشێت!
سیرب: سیبریا
قەرە تاغ: بەشێكە لەیۆگسلافی پێشوو
رایەت: ئاڵا
مونشەعیب بوون: لق و تیرەیان لێ بووەوە
سەرچاوە:
دیوانی حاجی قادری كۆیی(سەردار میران و كەریم شارەزا)، لەسەر نووسینێكی نوێ بەپێی بۆچوونەكانی محەمەدی مەلا كەریم و بەپێنووسی (سەعید كەرەمی).
لەوتە بەنرخەكانی(مەسعود محەمەد)ی فەیلەسووف ئامادەكردنی حەیدەر عەبدوڵلا،2012 لەبڵاوكراوەكانی سەنتەری لێكۆڵینەوەو پەخشی كۆیە.

## سەرنووسەرو هاموون هاوتەمەن بوون!

كزەبای مەرگ لە باخی ژیان، گوڵی گەش و گەورەش لە لاسكی ناسك لێدەكاتەوە، قووتی چی زی رووح و زیندەیە لەو زەوییە كەچی زەوی دەیكاتەوە خۆراك و قووتی دەداتەوە، مەرگ و ژیان سەرسوڕ هێنەرن هەرچی چوو نەهاتەوە، ئەحمەدی خانی پێیوایە خولی ژیان سەر هەڵدەداتەوە:

**مولك و مەلەك و فەلەك بجارەك**
**بیلجوملە تە چێكرن تەبارەك**

هۆشمەندی بیرتیژی، دەبێژی: گۆڕستانەكان بۆ شوورە دەكەن؟ خۆ ئەوەی لەژێر خاكە هەرگیز نایەتەوە دەرێ، ئەوەی لەدەرێیەو زیندووە نایەوێ بچێتە ناوی، ئیدی تانۆك و تامانی ناوێ، خۆی گۆڕتەنگ و تاریك و دوا هەوارە، مردن خەوێكی قووڵ و بێ خەون و بێ ئازارە، هێوربوونەوەی رۆح و داڕزانی جەستەیە،

وازهێنانه له جیهانی ماددەو سروشت، ماڵئاواییکردنه لەگشت شت، مرۆڤ خۆی سەد ساڵ ناژی، کەچی خەمی هەزار ساڵییەتی، مردنی هەر لەپێشەو گۆڕو ئارامگا دوا ماڵییەتی! مردن پێوانەی نییه، نه به نۆرەیه، نه بەتەمەنه! مرۆڤ نهێنی مەرگی نەزانیووه، حەزرەتی حاجی قادری کۆیی، بەهەرزانی دەدا دوڕی گرانی، فەرمویەتی:

**بێ بسته فەلەك ئاشەکی وای ناوەتەوه**

**بۆ هاڕینی ئێمه چ عەجایب دەگەڕێ!**

**ئەم دەسته که چوو دەستەیەکی تازه دێ**

**مەعلووم نەبوو ئەم کەشمه کەشه کەی دەبڕێ**

**عالەم هەموو مردن لەغەمی زانینی**

**ئەم حیکمەتەیان نەزانی هیچ لێی مەگەڕێ**

ئەی مەرگ ئەرێ کردگار، بۆچی لێت ستاندینەوه مامۆستا جووتیار، دەزانی چ ئازیزێ بوو، چەند خۆشەویست، شاعیر، رۆژنامەوان، پسپۆری حەیران، فۆلکلۆریست، بەهرەی لێ دەباری، دیاره 13بەرهەمی له شیعرو نووسین و وتاری هەبوو، شاگردو نەوەی حەزرەتی حاجی و بەدرخان بوو، حەزرەتی حاجی بەر لەوەی یەکەم رۆژنامەی کوردی بێته دەرچووان‌دن چوار جاران لەشیعرەکانی ناوی(رۆژنامەو جەریدە)ی هێناوه، کۆیه گەر شاری شاعیران و رووناکبیران و مامۆستای رۆژنامەنووسان بووبێ، خالید جوتیاری نەمر، بەر له هەموو کۆییەك دەرکی به گرنگی رۆژنامەگەری کردووه، یەکەم رۆژنامەی له کۆیه دەرچواندووه، یەکەم گوڵه(هاموون)ی له دەشتی هاموون‌دا چاندووه، رۆژنامەی هاموون 56ژمارەی لێ دەرچووه، جووتیاری سەرنووسەر تەمەنی لەگەڵ تەمەنی(هاموون) بووه، 56ساڵ ژیاوه، ئەو زاته شیاوه، بریا تەمەنی هاموون و جوتیار درێژتر بوایه، چونکه لەزۆر بوار شۆڕەسوار بووه، به وردی پەی به حەیران بردووه، جگه لەوەش، پێشمەرگەو تێکۆشەر، به هەڵوێست و کوردپەروەر، سەرەڕای لێکۆڵەرو سەرنووسەر، وشەی شەکر، خۆی شیرین کەچی شیرینی کوشتی، سینگ و دڵفراوان، لەبەرچاوان، کەچی تەنگەنەفەسی تەنگی پێ هەڵدەچنی، کپ و دەروون سپی، کەچی کپ داگەڕان خستی، گەرچی لەزۆرباخان گوڵی دەچنی، بەڕێوەبەری خەزێنەو بانك بوو، کەچی پارەو خەزنەی نەبوو، خەیام ئاسا، خۆش خولق و بەپەرۆش، بەزەوق و مەشرەب خۆش، وامدەزانی لەمەرگ و پرسەی خالید جووتیاری هەرەمی ئه هرام و منارەی چۆلی و کێوی باواجی دەلەقی، هەروەك جاهیدی نەمر دەڵێ:

**فەلەك سوتا لەئاهی من**

**مەلەك گریا لەڕاهی من**

**عەجەب بەختی سیاهی من**

**جاری لەخەو نەبوو ئاگا**

نەخۆش کەوت هاتم، سێو پێگەیی هاتم، وەختی رووح کێشان نەهاتم، نازانم بۆچی، نەگەیمه کۆچی، جا من دەڵێم به قورئانی مەلایان، بەسپیاره فەقێیان، بەتەوراتی جوولەکان، بەمەرقەدی گەورەو گران، خالید جووتیار بەهەشتییه، ڕاسته دەیخواردەوه هەرامه شەربەتان، بۆخەم ڕەوێنی بوو لەخەفەتان، لەئەژمەتان، چونکه بەفتوای هێمن حەرام نەبووه:

**مەی حەلاڵە بۆ منی ویرانە ماڵ**
**بۆ منی سەرگەشتەی ڕووت و ڕەجاڵ**
**بۆ منی با بردەڵەی گردە نشین**
**بۆمنی دڵ پڕ لە ناسۆرو برین**

ئەری حەیران، ئەمن ئەستێرەیەکم لێ ئاوا بووە، لە چیای قەرەچوغ و قەراتی پیرە هەولێرێ، برواینە برادەرینە نازدار حەیرانی کەندارە قەل و قەراج و کەندێناوە، شەمامك و مرکیە شینی دەگێڕن، بۆ ئازیزو بەهرەداروجوامێری!:

**جوابەکی بەرنە سەری سەفینی**
**ئاگری تێبەردەن گیای نەهێنی**
**جوابەکی بەرنە میری خۆشناوان**
**لە خۆ حەرام کەن مێوژ و دۆشاوان**

هەربڵێین: مەمکەن لۆمە، هەر رۆڕۆمە، دەبوو خالید جووتیارەکەی من، رۆڵە بەئەمەك دارەکەی من، رێوڕەسمی ناشتن و پرسەی جیاواز بوایە، پاك شۆرابا بەنمەی شەونمی گوڵزاران، بە ئارەقەی گۆناو سینگ و بەرۆکی نازداران، بە تنۆکی فرمێسکی خەزێم شۆڕو گوێ بە گواران، بە ڕێحانەی تەڕی مێرعوزاران، دەبوو کفنەکەی لە پەڕەی هەنگ و پەپوولەو هەلاڵەو گولاڵەو بەیبوون بوایە تەنك و ناسك، ناو گۆڕەکەی بە پەڕەمووچی کەوی سپی و تورمەو پەشمەی ئاوریشم راخرابوایە، نازدار حەیران و چاومەستان، شل و مل و چاو بەکل و باخەرشۆڕو خۆشەویستان، هەڵیان گرتبا، بیان بردبا بۆ گۆڕستان، لەوێ حەیران بێژان، یەك بەخۆیان حەیرانیان تێهەڵکردایە، بیانکردبایە رۆژی حەشر، ئاخر خالید جوتیار نەمرە نەمر، تاشیعرو حەیران و لاوك و کۆڕی یاران بمێنێ، ناوی هەرگیز نابێ بزر، هۆ کاکەی جوتیار خەرمانت گوڵ بوو!

## لە زاینگەی دەشتی کۆیە، وەك حەمەسوور دروست نابێتەوە

شۆڕش و پێشمەرگایەتی، سەر گۆڕەپانی کوردایەتی، پڕە لە جوامێری و مەردایەتی، شۆڕەسواری وای لێ هەڵدەکەوێ، تا دوا هەناسە هەرگیز ناسرەوێ، گەش و درەوشاوەیە وەك مانگەشەوێ، حەمەسووری کوێخا تەها لەو هەڵکەوتوانەیە، لەو ئەستێرە درەوشاوەو دەرکەوتوانەیە، نەبەزو ورە بەرز، نەترساو بەقەرز، بگەڕێین لە وڵاتی کۆیە لە شاخ و دۆڵ و دەشت و تەلان، بگەڕێین بە مێژووی شۆڕشی خەباتی گەلان، گەر کورد هەیبێ ویژدان و وەفاو بەها، ژیانی پڕ تێکۆشانی حەمەسووری کوێخا تەها، دەکاتە فیلم و نموونەو وانەی دڵسۆزی، چونکە منداڵ و خێزان و خزم و هۆزی، هەمووی کردە قۆچی قوربانی، خاکی کوردو کوردستانی! وەختێ شلکە نەمامی ژیان و تولاز بوو، لەسەر شنگ و هێزو وزەو ئاز بوو، ساڵی1962، لە شۆڕشی ئەیلول بۆتە پێشمەرگە، قوربەسەری و دەربەدەری چەشتووە بە بەڵگە، نەحەرفی مەکتەبێکی خوێندو نە ئوستادێ پەلی گرت! سەرف بەرزی زەکا فێرە خوێندەواری کرد، لە قوتابخانە نەداراو دوو داری دیوە،

کەچی زمانی عەرەبی و فارسی زانیوە، لە ئاگردانی شۆڕش ژیلەمۆیەك بوو، لە چیا سەرکەشەکانی کوردستان هەڵۆیەك بوو، لە جۆخینی شەرەف و پیاوەتی مەلۆیەك بوو!

یەك لە هەڵگیرسێنەرانی شۆڕشی نوێی(76)ە! لە شەرەف و شانازی سەربەرزی خاوەن بەشە! شا پاسەوانی بن سەری شەهیدی سەرکردە د.خالید بوو، لە کارەساتی هەکاری بەشدار بوو لەگەڵی بوو تا گیراو شەهید بوو!

لە ڕیزەکانی ی.ن.ك بزوتنەوەی سۆسیالیست بوو، کەسایەتییەکی خۆشەویست و لەخۆبوردو خۆنەویست بوو، لەناو حزبی سۆشیالیست و ی.ن.ك فەرماندەیەکی دیار بوو، حەمەسوری کوێخا تەهای کانی کوردە ناودار بوو! (بەو خودایەی بێ شەریك و لامەکان و واحیدە"1") کەس ناتوانێ خەبات و پێشمەرگایەتیی حەمەسوری کوێخا تەها بگرێ نادیدە!

چاکەك هەیە لە داوداوە، بابە رەسوولی ناوە، هێستری وەبەرەێناوە، کە حەمەسووری لەوێ تێدا نێژراوە، تا دونیا دونیایەو دەشتی کۆیە ماوە، قەت وەك حەمەسوور، لە خەبات بێ قسور، نایەتە دونیاوە! خاوەن بیروباوەڕ، خۆشەویستی ناو جەماوەر، وا بەپەرۆش و کوردپەروەر، بێ لادان و بێ کۆڵدان لە کوردایەتی، بێ پچڕان و دابڕان لە پێشمەرگایەتی، درێژە بە خەبات بدا، بۆ هیچ رژێمێ خۆی رادەست نەدا، با بۆمان بدۆزێتەوە گەر وەك ئەو بێ، نەرۆخێ و نەبەزێ باوەڕ پتەوبێ! پەنجاو چوار ساڵ کوردایەتی، نیو سەدە پێشمەرگایەتی! بە ورەو خۆڕاگر، کۆڵەوژی ناو ئاگر، لە خەبات بەردەوام پێداگر، بە ئارام و بە ئۆقرەو پشوو درێژ، ماندوو و لەخۆبردوو ئارەق رێژ، دەروون پڕ برین و ئازارچێژ، بێ منەت، رادەبڕو راستی بێژ:

**لەم کەلامەی شیرینەی کوردی دوڕو یاقوت دەبارێ**

**دەسا خوا کوا لە دونیادا قەدرزان و خریدارێ!(2)**

توخوا لەپاش مەرگ چ سوود! پیاهەڵدان و ستایش و سروود، ناسنامەو پێناسەی حەمەسووری کوێخا تەهای کانی کوردە، شەرەفە، شانازییە، سەربەرزییە، نەبەزینە نموونەی جوانی کوردە! پەرێز پاك و رابردوو روونـاك و کردەوە چاك و نموونەو تاك بوو، جوتیارانەو خاکی عەشقی خاك بوو، هەستی نەتەوایەتی و سروشتی مەردایەتی و بڕوای کوردایەتی و ماکی پیاوەتی و گیانی پێشمەرگایەتی تێدا ئاوێتە بوون، وەك ئاوێنەی روون، باوەڕ ئاگر لە کوورەی دەروون، لێزان و زۆرزان و قسەزان و بە ئەزمون!

دەم بەخەندەو پێکەنین، گفتولفت خۆش و شیرین، کوردێکی بێ غەل و غەش، گەشبین رووەو ئایندەیەکی گەش، ژیرو مەزگدارو هۆشیار، رامیارزان و بەزانیار، لە ناخەوە کورد بوو، لە لێکدانەوە ورد بوو، ئەزمونی پێشمەرگایەتی جیاواز بوو، سۆشیالیست و یەکێتی و ئازادیخواز بوو، لە ڕۆژگاری دژوار، لە لێقەومان و هاوار.

نیوەی کورد بەقەد چارێگی ئەو خەباتی کردبێ، وەك ئەو کۆڵنەدەرو بەبیروباوەڕو کورد ببێ! لەمێژ بوو کوردستان دەوڵەت بوو بوو، نەك پارچە پارچەو دەوڵەت بوو بوو، لەمێژ بوو لەمابەینی کەکۆن و هەیبەسوڵتان، هەڵکرا بوو بەیرەقی کوردی لەدەوران!

بووکی رازاوەی خەیاڵی خەبات و تێکۆشان بوو، خەونە رەنگاوڕەنگەکانی، ئاواتە پرشنگەکانی، سەربەخۆیی و ئاڵای کوردستان بوو، سەرپاڵەی دروێنەی خەرمانەی خەبات نەبوو، خاوەنی کێڵگەو زەوی و مەزارو تەلاری چەند قات نەبوو! دەستی بەخوێن نەبوو لە شەڕی براکوژی، دەیویست بەخۆشاردنەوەو دوورکەوتنەوە بژی، گوڵ و گەڵاو گیاو گۆڵ و گیابەندو گیا برژو گیاچا دەیناسن، دارو بەردو ئەشکەوت و زنەو زنارو تۆناژو باوێژو هەورازو لێژو بژوێن و کانی و کارێزو چیا دەیناسن!

پێگەو پەناگەو جێگەی خۆشاردنەوەی ئەشکەوتی سواران و شاخی قولەڕەش و سەکوژو شەیتان باژێرو هێلانە قەل و کونە سیخوڕو چیای باوەشێن و ئەشکەوتە تاریکە بوو، نوای پەلکینەو گەوەی رەزی مام عەوڵاو کانی قوبە بەگیان و کارێزی داربەسەرو کانی دانیاڵ و پلەی کەلکەسماق و کانی سۆرکەو هەرەسان و قەڵای پاشا کۆرەو لەسارتکە بوو!

لە شەڕی براکوژی دز کۆژەی بۆ دەکرا، پێگەو جێگای دەزاندرا، بەڵام کەس دڵی نەدەهات، دەستی بۆ ببات، چونکە هیچ سەرکەوتنی شەڕێکی براکوژی پێڵاوی شەهیدێك ناهێنێ! پێشمەرگە پێشمەرگە بکوژێ چ سوودو بەهایەك دەمێنێ؟ بە پارتیزانی و خۆشاردنەوە لە شوێنی عاسێ، دەحەواوە؟ هێند زیرەك بوو بەسێبەر زەلامی دەناسی!

کوڕو براو خزمەکانی لە پشت بوو، لە دەشتی کۆیە ئازیزی گشت بوو، پەروەردەی ئاوو هەوای پاك و سازگاری گوندی کانی کوردە بوو، بەڵام لە گەرمیان و دەشتایی ئاوخۆری ناوماقۆرو کوندە بوو، دوو کوڕی پێشمەرگە بوون لەگەڵی، لەمەترسیدا بوون جەرگ و دڵی، هاوسەنگەری بوون لە شەڕو دابەشبوون و چیا، هەردوو کوڕی پێشمەرگە بوون بەناوی رزگارو وریا! دوو برای شەهید بوون بەناوی جەمال و موحسن، برایەکانی نازدارو قۆزو سورو سپی و چاوشین، لە شەڕی براکوژی بەڕەشڕو بوزگوڕو ماڵی سووتا، لە دڵی نەگرت! هەرگیز پەنای بۆ تۆڵەسەندنەوەو ڕق و کینە نەبرد، بەلۆژیکی برایەتی و یەکڕیزی و تەبایی و سارێژبوونی برین پەسندی کرد!

کارەساتە باخەوانێ، بەهای درەخت و گوڵ و گەڵا نەزانێ، نەگبەتییە شوانێ، مەڕو مێگەڵی نەلەوەڕێنێ و نەتوانێ! ماڵوێرانییە زێڕینگەر زێڕو ئەڵماس نەناسێ و لێی نەزانێ، هەر گەلێ گیانفیداکارو تێکۆشەرانی، لەخۆبوردو دڵسۆزە بەبیروباوەڕەکانی، نەناسێ! مانای ئازادی و پیرۆزی گەلیش نازانێ! سەرفرازو سەربەرز نابێ و پێی ناکرێ ململانێ! وەفاو میهرەبانی زمانێکە کەڕەکان دەبیستن و کوێرەکان دەبینن! خۆشە پاش مەرگ گوڵت بۆ بێنن! ناوت بەچاکە بهێنن!

هەقە ببێ بەنەریت و کەلتوور، رێزو مەزنایەتی زاتێکی وەك حەمەسوور، لەپێشمەرگایەتی و کوردایەتی نەشکا دەستنوێژی! بێ وچان و بێ پچڕان، بێ هەدادان و بێ لادان، بەپشوو درێژی! تا حەیاتی رەشی لێ بڕا، یەك چرکە چیە لەخەبات دانەبڕا:

**درودو چەپکە گوڵی گەشی پڕ وەنەوشە!**
**بۆ گیانی بێگەردی و سەر گۆڕەکەی پێشکەشە**

وشە نامۆیەکان:
-تولاز: گەنج- لاو
-ئاز: تین و هێز
-مەزگدار: عاقل- ژیر
-تۆناژ: بناری چیای سەخت!
-باوێژ: رێ و هەورازی لاڕێ
-کۆلەوژ: داری ناو ئاگر کە پێی تێك دەدەن
-دزکۆژە: دەلالی، بەدزی پێ گووتن
-ماقور: قۆرتی ناو ئاو، بەرداو، هەرکەو
-زنار: بەرزایی چیای سەخت

1-شیعری(بێکەس)ـە.
2-شیعری (کوردی)یە دێڕی یەکەم بەدەستکارییەوەیە.

## تاقانە، کوڕی حاجی قادری کۆیی بوو

**هەر منم ئێستا وارسی عیسا**
**بێ ژن و ماڵ و بێ کوڕو مەئوا**
**ئەوی شاعیر نەبێ کۆرە وجاغی**
**لەسایەی شیعرەکان بابی کوڕانم**
(حاجی قادری کۆیی)

حەزرەتی حاجی قادری کۆیی واریسی عیساو بێ کوڕو مەئوا نەبوو، چونکە لە سایەی شیعرەکانی درەفشی هەڵداوەو بابی کوڕان بوو، هەر پارچە غەزەلێکی حۆری و غلیمانێك دە هێنێ، هەر دێرە شیعرە نەتەوەیی و نیشتمانییەکانی تێکۆشەرو پێشمەرگەیەکە، بۆیە وەجاخ کوێر نەبوو، ئاگردانی هەر گەشاوەیە، بیرۆکەی شیعرەکانی درەوشاوەیە، (ئەساسی نەزمی کوردی داناوە)، پشکۆی وشەکانی، شیعرە ئاگرینەکانی، ئاگرو بڵێسەی وای کردۆتەوە، کوڕی زۆرو نەوەی شۆڕشگێڕی لێکەوتۆتەوە، لە ڕۆژانی سەختی خەبات و جوامێری، لە وەختی شاخ و شۆڕش و بوێری، لە کاتی چالاکی و شەڕو داستان، ئێستگەی دەنگی گەلی کوردستان، یەك بەخۆی دەینەڕاند، شاخ و شاری دەلەرزاند، شەڕو چالاکییەکانی تیپی 93ی کۆیەی وا دەڕازاندەوە، هاواری دەکرد کوڕانی حاجی قادری کۆیی سەری کۆیەو کوردستانیان بەرز کردەوە، ئەمجارەش بەفر گڕی گرت! تاقانە یەك لە کوڕەکانی حاجی قادری کۆیی بوو، یەك لە فەرماندەو پێشمەرگەکانی تیپی 93ی کۆیە بوو، حەزرەتی حاجی کەسێکی بێکەس نەبوو، تاقانە زەریف گوێی لێدەگرت، ساڵی1980 چەکی شەڕەفی هەڵگرت، جۆش و خرۆشی دا وەکو هەنگ، ڕێکخستن بوو تەگبیری کرد بەبێ دەنگ، پەیدای کرد تاقم و تفەنگ، چووە شاخ دژ بەزوڵم و زەبرو زەنگ، لە قەندیل و مامەندەو خڕی نێرزەنگ، تاقانە، بەو لاقانە، خاکی کوردستانی بە گەرمیان و کوێستان گەڕا، هەر بەگەڕان و دابەش بوون و پێشمەرگایەتی، بووە ئازیزو بەڕێزی دەشتی کۆیەو خۆشناوەتی، لە شەڕو چالاکی خۆی نەدەدزییەوە، بەڵکو شەڕو چالاکی دەدۆزییەوە، پێشمەرگە بوو پێشمەرگە بە هەموو مانا، لە دوو چاوان چاوێکی لەسەر دانا، هێندەی دی خۆشەویست بوو لەناو جەماوەرو هەموو مانا، دلێری دلێران، ئازاتر بوو لە شێران، خۆڕاگرو دێرین و

دانەبڕاو، ورە ئاگرو شیرین و پیاو، بە پەلارو قسەخۆش، بۆ دۆستایەتی بە پەرۆش، خونچەی خەندەی لەسەر بەفرو بەستەڵەك دەڕواند، بە شادی قۆشمەو رووخۆشی خۆی دەنواند، هەرگیز وەڕز نەدەبوو، بۆ هەموو ئەرك و شەڕێك دەچوو، لە هەورازو نشێوان، لە شاخ و لە سەر كێوان، لە دابەشبوونی ماڵان، رووخۆش و دەم بەخەندە بوو، تیری توانجی لەسەر كەوان بوو، وتەی تەنزئامێزو جوان بوو.

لە ڕاستیدا دلێر عەبدوڵڵا تایەر كوڕی گەڕەكی بایز ئاغا لە كۆیە، لە مابەینی كۆیەو هەیبەسوڵتان، لە باخچۆرەو بازاڕە گچكەلەو سەر قازیلان، لە گەرمووك و ناو رەزان و تاتوكان و گردی غەیبەتان، دەمدیت و بە سیما دەمناسی، بەڵام لە شار برادەر نەبووین، لەیەك گەڕەك و قوتابخانە پێكەوە خوێندكار نەبووین، گەمەو قسەو باس و پیاسەیەك و سڵاوێك و یادگارییەكمان نەبوو، بەڵام لەشاخ و پێشمەرگایەتی، لە ڕێگای شەرەفی كوردایەتی، لە چیاو سەنگەر، لە چالاكی و شەڕ، لە دەشت و دەر، لە پێشمەرگایەتی بووینە برادەر، برادەر گیان، هاوڕێی شاخم بووی نەك برادەری شار، ئەی تاقانەی خۆشەویست و نازدار، ناسیمی لە ڕۆژانی سەخت و دژوار، لە شەوانی كڕێوەو بەفرو باران و ئەنگوستەچاو و سەرماو زریان، لە شاخ و شۆڕش بووینە هاوسەنگەری گیانی بە گیانی هاوڕێی مەرگ و ژیان، پێكەوە چەندین شەڕمان كردووە، دەیان شەهیدمان ناشتووە، پێكەوە لە شاخ و سەنگەر ئارەقەو خوێنمان رشتوە، پێكەوە بووین لە دابەشبوونی ماڵان، لە هەوارو رەشماڵان، رۆژگاری تاڵ و سەختی شۆڕشمان چەشتووە، باڵا كەسك و شتڵە نەمامی سنەوبەر بووین، بە وەفاو ئازیزترین برادەر بووین، بۆیە خۆشەویست و پیرۆز بوویت، پێشمەرگەو برایەكی دڵسۆز بوویت، هەر بە پاكی و چاكی و بیروباوەڕو خۆنەویستی، تاقانەی گەیاندە لووتكەی خۆشەویستی، مرۆڤ بە درێژایی ژیان لە خۆراكی خاك دەخوات، سەرەنجام مرۆڤیش دەبێتە خۆراكی خاك و قووتی دەدات، گەورەترین نهێنی مەرگە، هەڤاڵانی شاخمان وەك گەڵای پایزی خەزان هەڵوەرین، كێ گەواهی شەڕو داستانەكان بدات؟ تاقانە نەك یەك لەو شەهیدانە بوو، بەڵكو یەك لەو پێشمەرگە قارەمان و بەشداربووانە بوو، لە دەیان شەڕو داستان و نەبەرد بەشداری كردووە، لەو هەموو شەڕو داستانە، لە كیمیاباران و خوێن باران و رۆژە سەختانە، شەهید نەبوو، كەچی بە نەخۆشییەكی كتوپڕ، بە مەرگێكی جەرگبڕ، بە جێی هێشتین، تاقانەكەم، دارە كەسكەكەی بەر هەیبەسوڵتانەكەم، پێشمەرگەی دانەبڕاوی كوردستانەكەم، دونیا هەمووی گوڵە، چەپكە گوڵێكم بە دڵە، تاقانەكەم لە ژێر گڵە، مرۆڤ نە لە ئاهەنگی لە دایك بوون، نە لە پرسەی مەرگ، بەشدار نابێ، چونكە لەدایك بوون و مردن ناچارییە، تاقانە نۆبەرەكەی(راوچی) بوو، لە شاخ راوی مەرگی دەنا، كەچی مەرگ راوی كردو رۆیی، كوڕە نازدارەكەی حاجی قادری كۆیی، مەرگ و پرسەی داهێنانێكی جوان بوو، پێشمەرگە دێرینەكان خاوەن پرسەو تاسەبار بوون، نەیانهێڵا بێ برایی پێوە دیار بێ، چونكە براكانی كوڕەكانی حاجی قادری كۆیی پرسەبارو بەشداربوون، وەك برای دایك و باوك و كەسوكار بوون، تاقانە! هەموو پێشمەرگەكانی تیپی 93ی كۆیە برات بوون، چونكە برای رۆژانی سەختی خەبات بوون، تاقانە! مەرگ چ زوو راوی كردی، باوكی راوچی، ئاخر بۆچی؟ بەجێتەێشتین، لە ڕۆژی 2008/12/18، كۆترۆكەی روحی فڕی بۆ بەهەشت، بۆ هەرمان و هەمیشەیی و درێژترین گەشت.

**کاکی کاکان (مازێری سەر کۆساری)**

داربەڕووە بەردارەکەی سەر کۆساری هەیبەسوڵتان، پیاو و عومەر موختارەکەی کوردستان، مام عومەر دەبابەی کاکی کاکان، لەڕیزی ئەستێرەو پیاوچاکان، بە هەیبەت و بە هەژموون و کەسایەتی، دادوەرو پارێزەرو موریدی کوردایەتی، دامەزرێنەری بەردی بناغەی سەنگەری پێشمەرگایەتی، تا بڵێی خۆشەویست و قسە خۆش بوو، مامە خەمەو بە پەرۆش بوو، ئەو دەمەی لە کۆیە بۆ پارتایەتی، جاڕیان دەدا بۆ کوردایەتی، بەقەد پەنجەی دەست بوون، دەگمەن و کوردپەرست بوون، لە خۆبووردو خۆنەویست بوون، چاك و چالاك و بێباك و بێ منەت، بەوپەڕی دڵسۆزی و قەناعەت، نەترس و بەرپرس و قورس و قارەمان، بۆ ئازادی و دیموکراسی هاتنە مەیدان، بێ لەکەو خاوێن و پاك، بۆ خەبات بوون بە هەوێن و ماك، پاشمێرو مازێرو هۆزاك، رێکوپێك و رێزدار بوو، وەك دار بەڕوویەکی بەردار بوو، رووناکبیرو خوێندەوار بوو، چەند دڵ ناسك و بەسۆز بوو، بەڵام بە باوەڕ پۆڵاو ئاسن، توخوا(کاکی کاکان دەبابە) وەك خۆی بناسن!

<u>**بێ کوڵدان و بێ وەستان:**</u>

ساڵی1952 کۆلیژی یاسای لەبەغدا تەواو کردووە، لە خۆپیشاندان هێندە بە هێز بووە بەدەبابە ناویان بردووە، ئەو شەڕەفەی پێ براوە لەوساوە، بەدەبابە ناسراوە، ساڵی1951 بۆتە سەرکردایەتی پارتی دیموکراتی کوردستان، لەو دەمەوە بێ کوڵدان و بێ وەستان، پارتایەتی و کوردایەتی کردووە، پارێزەرو یاساناس بووە، بۆ هەژاران، بۆ جووتیاران، هەق و مافی سەندووە، شارەزا بووە لە کاری دادگاو یاساو دیپلۆماسی، تا گەیشتۆتە پلەی ئەندامی مەکتەبی سیاسی.

نەك هەر سیاسی و یاساناس و کوردپەروەر بووە، نەك هەر دادوەرو پارێزەر بووە، لەمەیدانی پێشمەرگایەتی فەرماندەیەکی ئازاو سەربازی بووە، بۆ هەموو کورد دیارو مایەی شانازی بووە، سەرەتای شۆڕشی ئەیلول فەرماندەی هێزی کاوە بوو، پێشمەرگەو پێشڕەو و پێشەنگ و لێوەشاوە بوو، لە هەڵگیرسێنەرانی شۆڕشی نوێ بوو، کە چوونە چیا، جاڕی شۆڕشیان دا، لەقەندیل بوونە جێی هیواو چرا، لە زۆر بواردا شۆڕەسوار بووە، ماندوونەناس و بەکاربووە، رۆژنامەوان و سەرنووسەری رۆژنامەی(النور) بوو، لە پیاوەتی و مەردایەتی و برادەرایەتی بێ سنوور بوو، وەفای لێ دەباری، ئەو رۆژەی دڵی لە لێدان کەوت، تا دوا هەناسە لە خەبات نەسرەوت، ئەو رۆژە ماندوو بوو، لە دیمەشق گەڕابۆوە بێ پشوو بوو،

سەرۆکی دادگای شۆڕش بوو، تەرازووی دادگاو ویژدان و هەق، لە شەقڵاوە درابووە بەر شەق، پێی پەست بوو پێی پەسەند نەدەکرا، بۆیە ئارام و ئۆقرەی لێ بڕا، لە کۆنگرەی یەکەمی(ی.ن.ك)، بەرامبەر کاکڵەو هەڵبژاردەو خۆشەویستان، لەو چرکەیەی جەنابی مام جەلال راپۆرتی کۆنگرەی دەخوێندەوە، کۆنە برینی شەهیدانی دەکولاندەوە، لەگەڵ ناوهێنانی شەهیدانی نەمر عەلی عەسکەری و د.خالید، لەو کاتە دڵی وەستا، یا ئیلاهی لەو خۆشەویستییەو لەو دەربڕینی هەستە، لەگەڵ ناوهێنانی هەڤاڵەکانی مەرگ ببێتە میوانی، بەوپەڕی پیاوەتی و وەفاوە، بەو دیمەنە دیارو بەرچاوە، لەمێژوو بۆی تۆمارکراوە، بۆیە هەرگیز نامرێ، گەشمردەیە لەبیر ناکرێ، با نەوەی نوێ وانەی مەردایەتی لەو فێر بن، ئەوها وەفادارو جوامێرو دلێر بن، ئاخر چۆن ناوی لەبیر دەچێتەوە، تا خەبات و کوردایەتی مابێ بەگەشی دەدرەوشێتەوە، شایانە، شەرەفە، مەزنە، پێناچێ زاینگەی کۆیە زاتێکی وای ببێتەوە، ئەو رەوشتە جوانانەی هەمووی لێ کۆببێتەوە، هەڵکەوتوو بێ و لێی بوەشێتەوە، ئازگارو ناودار بێ، رێزدارو وەفادار بێ، هۆشیارو شۆڕەسوار بێ، شێرکارو بەدەمار بێ، دارەبەردارەکەی سەر کۆسار بێ، دەسا مەردینە، کوردینە، کۆیینە، خزمینە، رێبازە پیرۆزەکەی، باوەڕە سەوزو سەربەرزەکەی، فەرامۆش مەکەن، ئەولادی عەسری پێ گۆش بکەن گۆڕەکەی، پەیکەرەکەی، گوڵپۆش بکەن، کوورەی خەباتی پێ جۆش بدەن، با گیانی ئاسوودەو خۆش بکەن، مردن بەمەردی هەردەم ژیانە، چی بۆ بکرێت شانازییە شایانە!

وشە نامۆکان:

پاشمێر: کەسێك یارمەتی هاورێکانی بدات

مازێر: داربەڕووی ئەستوور

هۆزاك: داناو ژیر

**شوێنێ لە کۆیە، بە خوێن تاپۆیە**

ڕۆژگارەکان تۆماری تەمەنن، تۆماری یادگارەکان کاریگەر و پڕ دیمەنن، ئەوێ ڕۆژێ دیوارەکان گوێیان هەبوو، پەنجەرەکان چاویان هەبوو، دەرگاکان کلیل درابوون، ئەشکەوتەکان زاریان هەبوو، شەقام و تولەڕێیەکان، شارو لادێیەکان، دەشت و چیاکان قورگیان گیرابوو، زنە و کانی و کارێزەکان کونی چاویان کوێر کرابوو، سەر سنوورەکان ئاویان هەبوو، ئاوەدانیان نەبوو، دێ رووخاوەکان ئاگر و ئاگردانیان نەبوو،

بەڵام ئاگر و چرایەکی کەسك و نوورانی بەدی دەکرا، ئاسۆی ئومێدو پەلکە زێڕینەی باوەڕ و گیانی بەرگری و قارەمانی بەدی دەکرا، ئەویش (ی.ن.ك) بوو، نوێخوازو تازەو تۆکمەی بەر خودان بوو، لەو وەختە سەختە، لەو ڕۆژە ئاڵۆزە، ئاسمان و زەمان و زەمین تەسك کرابۆوە، پف لە ئاگردانی شۆڕش کرابوو کوژابۆوە، **بەڵام** هەمیشە دەرکەوتووە، بیرو باوەڕو ورەبەرزی هەر سەرکەوتووە، دەنگی گەل لە تۆپ بەهێزترە، ڕووداوەکان لە وشەکان زۆر بەرزترە، ئاگر لە پریشکێکەوە کڵپە دەسێنێ، بیرو باوەڕ، شاخ و کێو دەهەژێنێ، چۆن پەرەسێلکەو چۆلەکە پوش بە پوش هێلانە درووست دەکەن بۆ نوایەك، لەکون و کاژێرو بن پنچك و پەنایەك، لە بن میچ و ناوداران و بەرزایەك، چۆن تنۆکە ئاو بەرد کون دەکاو بژوێن و مێرگێك سەوزو شین دەکا، دەشتایەك ڕەنگین دەکا! ئەو هاش درەختی کەسکی هەڵچووی(ی.ن.ك)، بە خوێن ئاودراوە، بە ئارەقەو ڕەنج و خەباتی بێ وەستان، هاتۆتە بەرو سێبەر، بە کەم دەرامەتی و دەردەسەر، هەموو درەختێ پێشتر تۆیەك بووە، هەموو گوڵێکیش کە دەپشکوێ پێشتر چرۆیەك بووە درەخت کە سەوز بووە، کە باڵای بەرز بووە، بەڕەنج و خوێنی شەهیدان، ڕەگی چەسپیوە لە ناخی نیشتمان، ئەڵماس لە ناو قوڕ و لیتەش هەر ئەڵماسە! ژەنگ ناهێنێ و تێك ناچێت، سەنگی مەحەك قیاس و ئەساسە، لەگەڵ ئەسلان، هەموو فەسلان، هەتا پەسلان، خۆر لەوە گەورەترە کە دەیبینی، ڕوناکترو بەهێزترە تیشك و تینی، داری درێژ بە هەموو بایەك دەشنێتەوە، ئاجارو پاچڵ و پەژو قاژو ئاژووی لێدەبێتەوە، درەختی ڕەگ پتەو ڕەنجی زۆری بۆ کێشراوە، بۆ کوشتنی مێشوولە شمشێر هەڵنەکێشراوە، ڕوحە جوانەکان هەر بە یەك دەنگەن، (دۆست خەبەردارەن عالەم گشت خەفتەن)، وڵاتی کۆیە خاکێکی ڕەسەنی هەیە، شەتڵی مەردانەی لێ دەڕوێ، لە هەموو زەمین و زەمانێك لێی هەڵدەکەوێ و گوڵی جوانی لێ دەپشکووێ، ئاسمانی کۆیە ڕوون و گەش و پڕ ئەستێرەیە، لە قوربانی و خەبات و خوێن ئەو بەرچاو تێرەیە، لە گوندێکی قشت و قنجی، وەك مام قلینجی، شانزدە شەهیدی داوە، وەك مانگی چواردە دیارە، مێرگی مەرگی بە خوێن ڕەنگینەو بژارو بژوارە، شەهیدەکانی:

(ئەحمەد بڕنۆ، یەکێتی مەجید، شەفیق حاجی برایم، مجید کوردە، رزگار سالح، بێکەس، بێ بەش، عەریف حەوێز، گەیلان سابیر، محێدین فارس، شێروان زێنەدین، جەمال جەلال، رزگار عەبدوڵڵا، قادر جەنگی، ڕۆستەم حەمەدەمین، ئەحمەد کریم) شەهیدی فەرماندە ئەحمەد بڕنۆ، بنەچڵ و پشکۆژو تۆیەك بوو، بوو بە درەختێ باڵای وەك بڕنۆیەك بوو، ڕەگ و بنجی، لە گوندی مام قلینجی، پێ گەیی و هاتەبەر، لەوێ ژیانی بردەسەر، بەهەر هۆیەك بێ نەیخوێندو نەبووە خوێندەوار، بووە جوتیارێکی بەتواناو بەکار، وەك جووتیارێکی دەگمەن و کەم وێنە، نمونەی نەبوو لە دار کردن و دروێنە، شەهید ئەحمەد بڕنۆ، شێواز هەڤیازو هەژیاو تەڤکۆ، هەمیشە قۆڵی لێ هەڵدەکرد، گورجوو بە جووڵەو بە دەست و برد، ساڵی1978 بۆتە پێشمەرگە، لە (وەرمێنگە) دەرکەوت، چەند بە جەرگە، پلە بە پلە پێگەیوە، قۆناغی پێشمەرگایەتی بڕیوە، بەئازایەتی و بەهیمەتی خۆی و بەهەوڵ و تەقەڵا، بۆتە فەرماندەی کەرت و جێگری قوەتی حاجی قەڵا، لە ئاگردانی شۆڕش پشکۆیەك بوو، لە سەر چیای باواجی هەڵۆیەك بوو، لە داستانێکی پڕشانازی دا، لە قارەمانیەکی بێ وێنەو گیان بازیدا، لە ناو جەرگەی شاری کۆیە، بە قرچەو نوێژی نیوەڕۆیە، لە 1981/8/16لە نزیك سەنتەری گەنجاندا، لە چالاکییەکی بوێرانەدا، ئەحمەد بڕنۆو یەکێتی مەجید شەهیدکران و مامۆستا عەزیز فەرماندەی قوەتی حاجی قەڵاو ئەمیر تیمارۆکی و قادر تیمارۆکی و شەمدین حەوێز بریندار کران، ئەو چالاکی و شەڕە وا دەنگی دایەوە، دوژمن واتۆقی و شەرمەزاری بۆ مایەوە، گەرچی ئەو داستانە پڕ جەسارەت بوو، بەڵام لە ڕاستیدا زۆر خەسارەت بوو، لە دەستدانی شەهیدان ئەحمەد بڕنۆو یەکێتی مەجیدو برینداربوونی فەرماندەی سەرەکی مامۆستا عەزیز، قۆشەن لە کۆیە بێ شوان مانەوە، لە گوندو دەشت و شاخان بێ سەر دەخولانەوە، هیچ شتێك وەك فرمێسك زووتر وشك نابێتەوە، بەهای ژیان لە مەرگ دایە، هەرگیز ناگەڕێتەوە، ژیان چییە گەر پاش

مەرگ ناوت نەمێنێتەوە، جوانەمەرگ و شەهید یەکێتی مەجید، نەك ناوی ڕاستەقینەی یەکێتی بوو، بەناخ و خوێن ومێشك و دڵ (یەکێتی)بوو، خوێندکاری پیشەسازی بوو، بۆ هەموو ژان و ژیانێك ڕازی بوو، هونەرمەندو دەنگ خۆش بوو، خاوەنی باوەڕو بەبیرو هۆش بوو، لە کۆڕو دانیشتندا بەجۆش و خرۆش بوو، چوست و چالاك و جەربەزە بوو، فەرماندەی مەفرەزە بوو، قۆزو قشتیلەو پرچ درێژ، گەش گەش وەك ئەستێرەی گەلاوێژ، دیارو درەوشاوەبوو، بەرهکەتی و لێوەشاوە بوو،، لەگەڵ شەهید ئەحمەد بڕنۆدا، لە ناو جەرگەی شاری کۆدا، بەیەك ڕۆژ، لەیەك شوێن، شەهید کران و گەوزان لە خوێن، بۆیە ئەو شوێنە لە کۆیە، بە خوێن تاپۆیە، موڵکی (داژدە)ی شەهیدان یەکێتی و ئەحمەد بڕنۆیە.

ووشە نامۆیەکان :

1.پەسلان : قیامەت

2.ئاجار : تۆی ڕوەك

3.پاچڵ : ڕەگی سەرەکی

4.پەژ : بەشی دار

5.قاژ : لق

6.وەرمێنگە : شوێنی سەر هەڵدان

7.هەڤیاز : ممتاز

8.هەژیا : شەریف

9.تەڤکۆ : کامل

10.پشکۆژ: چرۆ

11.قۆشەن : لەشکری چەکدار

12.بژوار : زەوی سەوزی پڕ گیا

13.ئاژوو : زیاد بوونی لقی دار

14.داژدە : موڵك

**بەپێچەوانەی مانگ نییە**
**لەناو گۆمێکی لێخن دا**

**لەحەمامۆك و لوولەی زایەری**
**شیرین بە هارەی خاڵە تایەری**

شاری کۆیە ئاسمانە بچکۆلەکەی پڕە لەئەستێرەی جوان، خاکە ڕەسەنەکەی ڕازاوەیە بەگوڵ و گوڵزارو شالوورو بولبول و خۆشخوان، زەوییەکەی هێندە بەپیت و بەرەکەتە شەتڵی جوانی لێ دەڕوێت، لە هەر جۆگەو کەنارێکی بەسروشتی گوڵی گەش و بۆنداری لێ دەپشکوێت، (سەر دەکەیتە بن هەرداریَ) بەهەرەو هونەری لێ دەبارێ، گوڵ و گوڵاوی لێ دێتە خوارێ:

**چـۆن نەنـازم بەشارێ**

**پـێشەنگـی زۆر بوارێ**
**ســەکـۆی بـیرو بـاوەڕە**
**مـەکۆی بەهرەو هونــەرە**
**لـەئاسمانی گەش نزیك**
**لـەشیعرو شانۆو موزیك**
**پڕ ئـەستێرەو چرایـە**
**لــەخـێوەتی خـارایـە**
**مـێژووی و شــوێنــەوارە**
**گـەشتیاری خۆش هەوارە**

کۆیە لانکی نۆتەو ئاوازو گۆرانی بووە، سەرچاوەی سەرهەڵدانی هونەرو بەهرەی جوانی بووە، قۆناغی رێکخستنی مشتومالْکردنی ئاوازو سروودو داهێنان بووە، وەستای مەقامات و قوتابخانەی گەشەپێدان بووە، کانگای ئاوازو سازو خۆش هەوایە، رەشەباکەشی وەك شنەی بایە!

**(چەهچەهەی بـولبول ئــازیزم ئـاهو زاری پێوەیــە)**
**دەنگی زوڵاڵی خاڵە تایەرو مەلا ئەسعەدو مامە سێوەیە**

ژیان گوڵە، ئەوین هەنگوینە، ژیان بە ئەوینەوە شیرینە، ژیان و ئەوین هونەرن، ئەوانەی بـەهرەوەرن، بەخـتەوەرن! موزیـك راگەیانـدنی خۆشـی ژیـانە، مـاڵی گیـانە، موزیـك کچێکـی شـۆخ و جـوانە، شـیعر دەستگیرانیەتی، هەر هونەرمەندی رەسەنە توانیویەتی، ژیان و هونەر خۆشەویست بکات، خەڵك بەرەو خۆشی و خەندان ببات، ئاوازو گۆرانی دیاردەیەکی گیانی بەگیانییە، نەك هەرچێژو خۆشی و کامەرانییە، مەسەلەیەکی پێشکەوتن و شارستانییە، موزیك زانست و زمان و هونەرە، ناسنامەی رەسەنایەتی و شادی هێنەرە، مەقام پەیژەیەکی موزیکییە دەستە ئاوازێکی جۆراوجۆرە، مورکێکی تـایبەتی خۆی هەیە، لق و پۆپی ئێجگار زۆرە! دەڵێن: ئاواز لە موکریان سەری هەڵدەدا، لە سلێمانی پێدەگەیشت لە کۆیە تەواو دەکرا! لە شاری کۆیە(ژووری کەیفێ) هەبووە، بۆ پێشبرکێ بەستەو گۆرانی و مەقام! لەسلێمانی و موکریان هونەرمەند هاتوون بۆ ئاهەنگ و تاقیکردنەوە، وەك سەید عەلی ئەسغەری و ئەحەی ناسرو شەهاب، بە شـەوق و بە زەوقەوە گۆرانیـان دەچڕی، تەنانەت دەگێڕنەوە(قادری ئۆمەری قالە) لەناو رەزان کە گوڵ پشکووتووە، لەکاتی گوڵچنین گۆرانی گووتـووە، بولبول لەسەر شانی نیشتووە(1) سەیرە لە کۆیە! راستە یان درۆیە، نووسراوە لە مێژووی کۆیە!

**شیرین پایزە،**
**پایزی شادان،**
**ئاهەنگ دەگێڕین بەخۆشی و خەندان،**
**لەفێستیڤاڵی خاڵە تایەری،**
**(بۆ فریبی عاشقان و جەزبی دڵ وا ماهیری).**

شیرین بت دیبام لەشاری کۆیە، بۆ خاڵەتایەر خۆشی و شکۆیە، هەر بەگۆرانی و ئـاوازو یادگـار(دەهێنمە لەرزین تەختی کردگار) هونەرمەندی گەورەو گران، خاڵە تایەری بەناوونیشان، وەك حەزرەتی حاجی قـادری کۆیی بێ کوڕو کچ و واریسی عیسا بوو، بەڵام چونکە لـە هونەرو گۆرانی و ئـاواز، شـارەزاو مامۆستا بـوو،

هەر بەستەو مەقامێکی کچێکە، هەر گۆرانی و سروودێکی کوڕو نەوەیەکە، بۆیە خاڵە تایەر ئەمرو خۆشەویستی:

**(گوڵی سەربەستی، گوڵی سەربەستی**
**مەردە ئەو گەلەی بگاتە دەستی)**

باوکی هونەرمەند خاڵە تایەر، تۆفیقە درێژ، قەت نەیدەویست و نەی دەخواست کوڕەکەی ببێ بەگۆانیبێژ، دەیویست ببێ بە ئەفەندی و کاسبکار، گۆرانی نەڵێ پێ ببێ گرفتار، کەچی نەیدەزانی هونەرو بههرە لە پلەو پۆست گەورەترە، لە کەشکەلانی ئاسمانەو ناوی بەرزترو گەشترە، خاڵە تایەر بەدەنگە زوڵاڵ و سازو ئاوازەکەی، بەبژاردەی شیعرو ئاوازەکەی

**(نامرێ دەنگی دەمێنێ تایەری خۆشخوانی من).**

خاڵە تایەر تۆفیق ئاوازو گۆرانی کوردی، لەگومبەتی مزگەوتان و دیوەخانان و لەکۆڕی ئاینی و مەولوودی، بردە ناو جەرگەی جەماوەرو کۆڕی رۆشنبیران، هێنایە ناو جیهانێکی فراوان، بەداهێنان، بەجۆش و خرۆش و دەنگی زوڵاڵی لەناو رەزان، ئەی هاوار خەڵکیان دەتەزان، کە دەیچریکاند، بەردی دەهەژاند، دارو درەختی دەجووڵاند، ویژدانی دەلەرزاند، وەك بولبول خۆی دەنواند، ئەو دەنگ و نرکەیەی لەباب و داکەوە بۆجێ مابوو، بۆیە شارەزاو مامۆستا بوو:

**(ئافەرین سەد ئافەرین بۆ هەست و نەستی چاکی ئەو**
**خوایە رەحمەت رێژیکا سەر گۆڕی باوك و دایکی ئەو)**

خاڵە تایەر هەندە بەرزو بەعیزەتی نەفس بوو، لە گۆرانی گووتندا بە سەلیقەو زەوق و هەوەس بوو، بۆ خۆشی و هونەر گۆرانی دەچڕی، کۆتی دەپچڕاندو سنووری دەبڕی، تا دارە بەرزەکەی(کەندە کۆخ) وشك نەبۆوە هەر گۆرانی و سروودی بە کوردو کوردستان گوت، بۆ کورد سووتاو و سروودو پیاهەڵدانی بۆ داگیرکەران نەکرد(**وەی زاڵم غەمێ من**) مەراق و غەمێکم بوو:

**(لەم کولبەیی ئەحزانە عیشقی سەنەمێکم بوو)**
**( ئاخر فەلەکی بەدکار) هەقی خۆی بدەنێ بەهەزاران جار)،**
**بولبولێکی وا نایەتەوە سەر چڵ و سەردار!**
**(ئەی گوڵ لەسەر چڵانت، بووین بەپاسەوانت)**

**(تا باواجی پاسەوانی ژوور سەرت بێ)**، تا کۆسارو هەیبەسوڵتان بەرامبەرت بێ، ناوت، دەنگت، هەر دەمێنێ، بۆ ئاهەنگ و رێزلێنانی، بۆ بەهرەو هونەری جوانی:

**(ئەی موتریبی حەریفان دەستکەن بەنەغمە خوانی)**
**(کراس زەردێ بۆم بکەن بەبووك، بیبەنە تۆپزاواو گەرمووك)**

فێستیڤاڵ و یادکردنەوەی لەساڵرۆژی مردنیدا، بەپێچەوانەی مانگ نییە لە ناو گۆمێکی لێخندا، باڵای هەڵدەکشێ بەرەو بەرزی و مەزنیدا.

حەیفە هەموو ساڵێ، گۆڕەکەی گوڵ رێژی نەکەی!

**(گەورە قانونە قسەی کورت ئەوەیە درێژی نەکەی)**

(1)مێژووی کۆیە، لاپەڕە(259) تایەر حەوێزی.
لەفێستیڤاڵی تایەر تۆفیق لە 2012/10/19 لە هۆڵی زانکۆی کۆیە خوێندراوەتەوە.
-داری کەندە کۆخ : شوێنێکە لەکۆیە.
-ناوکەوانەکان: شیعری شاعیران(ئیبراهیم ئەحمەدو عەونی و سافی و شوکری فەزلی و قوباد جەلی زادەو زێوەرە).

## بەفیکرت دێ زەمانێ چووینە باڵەك

لێکۆڵینەوە لە شاعیرە کلاسیکییەکانی کۆنی کورد، تاکە ژێدەر شیعرەکانیانە، لەبارەی حەزرەتی حاجی قادری کۆییەوە هەر دەبێت شەلەگەی لێکدانەوە لەسەرچاوەی شیعرەکانیەوە بۆ هەڵبەستی، هەروەك خۆی بەئاشکراو راشکاوی لە شیعرێکدا فەرموویەتی:

**بۆ تەسیحەی زوبانی کوردانە**
**شیعرەکانم دەلیل و بورهانە**

بۆیە حەزرەتی حاجی قادری کۆیی بە گوێرەی شیعرەکانی دەبێت بۆ گەشتی خوێندن و فەقێیاتی لە ناوچەی باڵەك بووبێت، لەگەڵ مەلا عەبدوڵڵای جەلیزادە باوکی جەنابی مەلای گەورە، چونکە لەنامە شیعرێکی بەناوی**(لەجوملەی مەجەرای دووری ویلایەت)** بەڕێزەوە بە مەلاعەبدوڵڵای جەلیزادەی هەڵگوتووەو باسی یادگاری فەقێیاتی و هەندێ جێگای لە ناوچەی باڵەکایەتی دەکات، هەروەك لە دیوانەکەی ئاماژەی پێدراوە لەگەڵ مەلا عەبدوڵڵای جەلیزادە پێکەوە فەقێ بووین و لە گوندی(شێخ وەتمان) خوێندوویانە، گوندی (شێخ وەتمان) کەوتۆتە بن دایزان و شێخان و سەرسۆتان لە ناوچەی باڵەکایەتی بەری سەکرایەتی، لەوێ لەخزمەت مەلا مەحمودی کاك عەبدوڵڵا خوێندوویانە، نامەی شیعرییەکەی حەزرەتی حاجی قادری کۆیی بۆ جەنابی مەلا عەبدوڵڵای جەلیزادە پڕە لە سۆزو یادگاری و برادەرایەتی و هاوگیانی و پێداهەڵگوتن، دیارە حەزرەتی حاجی کە ئەو نامە شیعرییانەی ناردووە پیر بووە**(سەرو ڕیشی سەراپا بۆتە لۆکە)**، غەریبی و غوربەتی لێکردووە بە وڵات، سوتاوە بۆ کۆیە، ئاگری هەڵهێناوە بۆ چناڕۆك، لەچاوی گریە دەر بووە بۆ حەمامۆك، بەیرەقی کوردی هەڵکردووە لەدەوران، لە مابەینی کەکۆن و هەیبەسوڵتان، لەو برادەرانەی ماون مەلا عەبدوڵڵای جەلیزادە بووە، چونکە دەفەرموێ:

**ئــەتۆ مـاوی لەنوقادی ویلایەت**
**ئەوانی تر هەموو بووینە حیکایەت**

لەنامە شیعرەکەیدا حەزرەتی حاجی قادری کۆیی دەفەرموێ:

**وەرە بـا بێینە سـەر بـاسی نیهـانی**
**بـەیـادی عەیش و ئـەیامی جـوانی**
**بـەفیکرت دێ زەمانێ چووینە بـاڵەك**
**بەپێ خواسی نەکەوشم بوو نەکـاڵەك**
**لـەبـەر پێم دڕك و دارو شاخ و باری**
**وەکو(مەخمەر) بوو نەرمی یا(نەقاڵی)**
**کە چوینە(سینگوڕە) سینەم گڕی بەست**
**وەکو قەندیلی سەرگەردان وەکو مـەست**
**دەڵێن ئـێستا هـەواری گـورگ و شـێران**
**وەکـو قـەلبـی حـەسـودی تـۆیە وێـران**
**چکاوە(ئـاوی پـڕژ) و (گـۆڵـە شینی)**
**نـەمـاوە هـەر لـەکـۆتر تا شـەهێنی**
**(گەرووی شێخی) لە لوقمەی کۆچ و باران**
**مـوعـەڕایـە میسـالـی ڕۆژەداران**

لە باڵەکـایەتی(مەخمەر)و (سـینگوڕە)و (وارە گـورگ)و (ئـاوە پـڕژە)و (گـڵە شـین یـان تاشەشـین)و (گەرووی شـێخ) نـاوی کـانی و هەوارو شـوێنن! (مەخـمەر) لە پشـت هەواری (سـینگوڕە)یە بەدیـوی حـاجی ئۆمەران جێیە، (سینگوڕە) هەوارێکـی پڕ کـانی و بژوێنە، کەوتـۆتە نێوان سێ کێل و گـرد مەنـدیل و کۆدۆ بەرانبەر حەساری سەکرانی سەرواری شێخان، سینگوڕە کەوتۆتە نزیك گوندی(ئێنێ و شـێخ وەتمان) قەندیل بەسەریدا زاڵە، (وارە گورگ) هەوارێکە لەپشت کۆدۆ، (ئاوە پڕژ) نییە، ( ئاوە پڕژە)یە (ئاوە پڕژە) ئـاوێکی بەخوڕو هاژەو پڕژە دەڕژێتە خوارێ بەپاکژی(بەسپی و کەفی زیوینی) هەمیشە بـەهاوینانیش سـەرچاوەکەی شەختەو شاخە بەفرە، لەلای ڕاستی(ئاوە پڕژە) لەگەرووی شێخ تەهای سـەرپڕژە دەپڕژێ لەبن قەڵاتـی قەرد، (قەرد) دەبێ پاشـا بووبێت بە گـوێرەی وتەی خەڵکـی نـاوچەکە، دەکەوێـتە بـن پڕخێلەنـدو تەنـورە، مزگەوتـان کەوتۆتە بن چیای قەندیل هەر بە چیاکەش دەڵێن(سـەرپڕژە)، سینگوڕە هەوارێکـی دڵگیرو پڕ دیمەنە چەنـدین کـانی لـێ هەڵـدەقوڵێ هەروەك(کـانی بـن بیـان، کـانی بـن تـوان، کـانی پـورە فـاتە، کـانی کـونە گـورگ، کـانی سولاوکێ، کانی عەلی کاوانی، کانی تاڵە سێوە، کـانی کـارێزێ، کـانی گەزوکینە، کـانی بنەوانـی)، (سـینگوڕە) هەواری فەقـێ یـان بـووە، پـڕ لـەهەوارو دەوارو تـاوڵ بـووە، لەدیـوانەکەی حەزرەتـی حـاجی لە تێکستەکەی(شـارەزاو میـران) و (قـاڵی)، نووسـراوە، هەرچەنـدە مامۆسـتا مـحەمەدی مەلا کەریـم لە کتێبـی(هەنگاوێکی تر بەرێگادا بەرەو ساغکردنەوەی دیوانی حاجی قادری کۆیی) ڕای وابووە (قاری) بێت نەك(قالی) لەبەر سەرواى دەق، نوسیویەتی(سەلامەت بێ کاك کەریم شارەزا لەدوا خوێندنەوەی پرۆڤەی پێش لەچاپدانی دیوانەکەدا کە دەبوو بزانێ من چیم کردووە ڕای خۆی لەسەر بدا، قایل نەبوو بە(قاری) بنووسین وتی هەر دەبێ(قالی)بێ گوێی بەوەش نەدا کە بۆم لێکدایەوە (قاری)یەکەی تێکستەکەی خۆشیان هەر(قاری) بووە، نەیانزانیوە بیخوێننەوە بە هەڵە کردویانە بە(خاری)! بۆ ڕاستی لە هەواری سینگوڕە گوندی(خەزێنە) هەیە هەمووی بەردی نەقارییە، بەناوبانگە بەبەرد، چونکە ئاسەواری ماوە کاریتەکەشیان (بەرد)ە، دیوارەکانی

بەردی نەقارییە هەروا بە نایابی ماوەتەوە، بۆیە وا مەزەندە دەکەم (نەقاری) بێت، لەگەڵ سەرواکەشی جوان و بەجێی گونجاو دەبێت، جا وا چاکە بکرێتە(نەرمی یان نەقاری) وە گونجاوە(ئاوە پرژ) بکرێتە (ئاوە پڕژە) دیارە بەڕێنووسی کۆن نووسراوە، لەگەڵ ئەوەش (گۆڵە شینی) بکرێتە(گڵە شینی)، چونکە لەوێ تاشەشینی و گڵەشینی پێ دەڵێن واتە بکرێتە:

**چکاوە ئاوە پڕژەو گڵە شینی**

**نەماوە هەر لە کۆتر تا شەهێنی**

**لەبەر پێم دڕك و دارو شاخ و باری!**

**وەکو (مەخمەر) بوو نەرمی یا نەقاری**

بە(قاری) بنووسرێت رێکترە، چونکە زۆر مانا هەڵدەگرێت و گونجاوتریشە! بەرد قەمچ و گۆنیا بکرێت و بتاشرێت و رێك بخرێت، لوس و رێك دەبێت، لەگەڵ ئەوەش(قوڕو قاڕ)یش بەکاردێنن لە کوردەواری حەزرەتی حاجی(تەوریە)ی زۆر بەکارهێناوە لەشیعرەکانیدا، لەوانەیە دوو مەبەست بگەیەنێ، هەروەك لەنامە شیعرەکەیدا فەقێ یان و چنارۆك و حەمامۆك و ئاوەگردو (سینگوڕە)و(سینەم گری بەست)و مەخمەر، خۆی دەفەرموێ: عیبارەتی دەرێ و تازیم نەهێنا(دەرێ) مەبەستی فارسی و(تازی) مەبەستی(عەرەبی) بووە، دەزانین ماڵی خۆیەتی مەردی دانا هەمووی ئەفکاری خۆیەتی بەنەزمی کوردی، لە خومخانەی خەیاڵی ساف و وردی پوختەنامە شیعرەکەی بۆ مەلا عەبدوڵڵای جەلیزادە، بەهایەکی مێژوویی هەیە، دەبێ لە ئەستەنبوڵ و بەپیری ئەو نامە شیعرییەی ناردبێ هەروەك خۆی دەفەرموێ:

**لەجوملەی ماجەرای دووری ویلایەت**

**ئەمەش باسێکە خۆشە وەك حیکایەت**

لەفەرهەنگدا:

قار: قەهر/لەفەرهەنگی باشوور، عەباسی جەلییان

قار: دەوی فەقێ یان/فەرهەنگی خاڵ، شێخ محەمەدی خاڵ

قاروقوڕ:

قار: قیر/فەرهەنگی کاوە، عەبدوڵڵا ئیبراهیمی

قار: پابت/فەرهەنگی کاوە، عەبدوڵڵا ئیبراهیمی

قار:توڕەیی/فەرهەنگی مەردۆخ، نووسینی شێخ محەمەدی مەردۆخ

قاری: قورئان خوێندن/فەرهەنگی مەردۆخ، نووسینی شێخ محەمەدی مەردۆخ

قاری: ژنی بەساڵاچوو/ فەرهەنگی مەردۆخ، نووسینی شێخ محەمەدی مەردۆخ

سەرنج: خۆم لەگەڵ حاکم پێشرەو. مشیر بەچاو ساغی خەڵکی ناوچەکە کەمال حاجی ئاغاو رەشید ئێنەیی شوێنەکان گەڕاوین.

**ئاگره پایزەی دیانان**

کۆیە لەمێژە ئاوەدانە، هێندە کۆنە لە قوڵایی و تاریکایی مێژووە، کەس نازانێ کەی دروستکراوەو چۆن بووەو کێ دروستی کردووە، شاری کۆیە لە ناوەڕاستی سەدەی 16ی پ.ز مەڵبەندی سەرەکی گۆتیەکان بووە، گۆڕەپانی ململانێیی گۆتی و لۆلۆ و مادو میدیاو میتانی و ئیسلام و سەڵجووقی و تورك و ئینگلیز بووە) وشەی(گۆتی و لۆ) لە کۆیە دەگەڕێتەوە بۆ سەرچاوی گۆتی و لۆلۆ!

کۆیە شارێکی فرە ئاین بووە لە (زەردەشتی، جوولەکە، کلدانی و ئاشوری(دیان)- ئێزدی و موسڵمان) شێخانییەکانی وڵاتی کۆیە بە ڕەسەن ئێزدی بووین لێیان کوژراوە سەرەنجام بوونەتە موسڵمان، عەلی بەگی داسنی لە کۆیە ئێزدی بووە نەبۆتە موسلمان، (محەمەد)پاشای رەواندز لەگەڵی عەلی بەگ کوشتوویەتی بۆیە ناونراوە گەلی عەلی بەگ! کۆیە شارێکی زەردەشتی بووە پێش ئیسلام! پاش شەڕو کوشتار بوونەتە موسڵمان سەرەنجام! پەرستگاو ئاتەشکەدەکانی و تەنورە ئاگرەکانی کۆنی زەردەشت ماوە لە دۆڵی(قادرمان) و (بازاڕۆك)، کەوتۆتە سەرووی سەرچاوەی حەمامۆك).

کاتی هاتنی سوپای ئیسلام بۆ کوردستان، کۆیە شار بووە، لەسەر ئاینی(زەردەشت) بووە سوپای ئیسلام روو لە کۆیە دەکەن (قەڵای شیلە) دەگرن پێش ئەوەی بگەنە(هەرمۆتە) ئاشتیخوازو خێرەومەندێك لە ناوبژی و ئاشتیدا دەبێت، سەرەنجام شەهید دەکرێت، موسڵمان و دیان ئەو پیاوە چاکە بەهەی خۆیان دەزانن، ئارامگای بەپیرۆز دادەنێن، موسڵمانەکان بە(شێخ محەمەدی دێرێ) دیانەکان بە(مەربێن قەدیشە) ناوی دەهێنن، لەسەر دیواری مەزارەکە بەکلدانی لێی نووسرا بوو لەسەر خشتی(نوێژ لەنیەتم بکە بۆ خۆتان بەگشتی):

**پیرۆزی دیانان مەڕبێن قەدیشە**
**شێخی دێرێیەو مەحمەدیشە**
**خاچی کەنیسەی گەڕەکی دیانان**
**مەی و مووریسی خەرەکی دیانان**
**ئاگره پایزەو جەژنی هێلکەو خاچ**
**(ئیدۆخ بریخە) بەباوەش و ماچ**

لە 9/14ی هەموو ساڵێك ئاگر دەکرێتەوە، دەڵێن ئاگره پایزەی دیانان، مەراسیم دەکەن و ئاهەنگ دەگێڕن، چونکە نیشانەی کۆتایی هاوین و سەرەتای پایزە، ئەو رۆژە خاچی لە سێدارەدانی حەزرەتی عیسای مەسیح دۆزراوەتەوە، بڕوایان وایە کە بیدۆزنەوە خاچەکە بەسەر نەیاراندا سەرکەوتوو دەبێ و سەربشکەوتن، بۆیە هێمای شادی و ئازایەتی و سەرکەوتن و خۆشییە بە ئاگره پایزەو جەژنی خاچ بەناوبانگە!

ئاینی ئیسلام لە کۆیەو دەوروبەری بڵاودەبێتەوە، هەرمۆتەو بەشێکی لە گەڕەکی(هەواوان) لە کۆیە بەدیانی دەمێنێتەوە، لەگەڵ بەشێك لە گەڕەکی(بەفری قەندی) بە جوولەکەیی دەمێنەوە، لەگەڵ دامەزراندنی دەوڵەتی ئیسرائیل لە ساڵی(1948) جوولەکانی کۆیە ساڵی(1951) کۆیە بەجێدهێڵن و دەچنە ئیسرائیل، بن جوو لە کۆیە ماون، دۆستایەتی و خزمایەتیان کاڵ نەبۆتەوە، جوولەکەکانی کۆیە بە کوردی و کۆیی هەر ماونەتەوە.

دیانەکان لە کۆیەو هەرمۆتە ماونەتەوە، بە ئاشتی و ئازادی و شادی حەواونەتەوە، هاتۆتەدی (ئاین بۆ خواو نیشتمان بۆ هەمووان)! ئاین خۆڕسکەو ئابووری و سیاسەتیش دەستکردن، (هەرمۆتە) چەند مانا دەگەیەنێ: ئەرزی مەوت و هەرمەیت و هەنار....هتد) هەرمۆتە لە شۆڕشی جووڵانەوەی کوردایەتی چوار جاران وێران کراوە، کتێبخانە بەنرخەکەی کەنیسەیان لێ سووتاوە، دێری ئاسەوار لە هەرمۆتە هەیە بەناوی مار شەمعوون، مار بەهنام، ماریووسف، مار میخایل: مار وشەی قەدیس دەگەیەنێ!

مەسیح واتە رزگاری دەر، مەسیحییەکان بڕوایان وایە کە یەزدان کوڕەکەی خۆی عیسای مەسیحی ناردووە بۆ رزگاری مرۆڤایەتی، یەکەمین ئاین بووە پەیامبەرەکەی بە ئاشتی و دوور لەشەڕو ململانێ هەوڵی بڵاوکردنەوەی داوە، عیسای مەسیح لە مێینەیەکی کچ بووە کە حەزرەتی(مریەم)ە، باوەڕدارانی مەسیح پێیان وایە پەیامبەرەکەیان بە سەرسامی لەدایکبووە) بەسەرسامیش هەڵکشاوە بۆ ئاسمان، لە ماوەی 33ساڵ تەمەنیدا کە (فەلەستینی) بووە، چەند ناوچەیەکی فەلەستینی بینیوە! هیچ ناوچەیەکی جیهانی نەبینیوە، بەڵام بەیەکەمین و گەورەترین ئاین ناسرا!

ئینجیل لە دوو بەش پێکهاتووە، ئینجیل واتە(مزگێنی-موژدە) کتێبی پیرۆزە ئەو ئایینەیە، چوار ئینجیلە(مەرقەس-مەتتا- لۆقاو یوحەننا) عیسای مەسیح بنەمای مەسیحییەتی ئەوەیە کە بەرانبەر دوژمنان قین لەدڵ نەبن و خۆشەویستی بنوێنن و بۆ تاوانبارانیش نزا بکەن! عیسای مەسیح گوتوویەتی: (ئەگەر کەسێك زلەیەکی لەلا روومەتت دا تۆش لایەکەی تری بۆ راگرە) مەسیحییەکان بڕوایان هەیە بەیەزدانی تاکو تەنیا کە خوڵقێنەری جیهانە، بڕوایان بە دۆنی پیرۆز(روح القدس) هەیە! عیسای مەسیح لە خاچ دراوە پاش چل رۆژ لە خاچ درانی بە خاك سپێردراوە، لە گۆڕەکەی هەستاوەتەوە چووە بۆ ئاسمان بۆ لای خودا تا لە ڕۆژی قیامەت(پەسڵان) پاڕانەوە بۆ ئەو مرۆڤانە بکات کە بڕوایان بە مەسیح هێناوە!.

موسڵمانەکان لە دڵیانە کەوا عیسای مەسیح بە ئاسمان بەرزبۆتەوە، شای پێغەمبەران(موحەمەد) (د.خ) لە زەوی ماوەتەوە!

موسڵمان و دیان لە کۆیە پێکەوە جوانن و پێکەوە دەژین، بە ئاشتی و برایەتی، دیانەکان لە کۆیەو هەرمۆتە خۆشەویست و گونجاون، شانازی بە خاك و دینی پیرۆزی خۆیان دەکەن! ئازادو برایانە دەژین لەجووڵانەوەی رزگاریخوازیی کوردایەتی شەهیدیان بەخشیوە (فرەنسیس عیسا، حەنا یووسف، حەنا عەبدولکەریم، دنحا عیسا)، لە شۆڕشی نوێی گەلەکەمان شەهیدی نەمر مامۆستا(سەلیم حەنا کەریم) لێپرسراوی رێکخستنەکانی نهێنیی (ی.ن.ك)بوو لەشاری کۆیە، گیراو لەئەبوغرێب لەسێدارە درا، جگە لەوەش حیکمەت حەناو هیمداد مەنسوڕو چاپووك یوسف ئێلیا.

دیانەکانی سلێمانی لە هەرمۆتەوە سەرچاوەیان هەڵقوڵاوە بەڕەچەڵەك و رەسەن(کەریم عەلەکە) وەزیری دارایی حکومەتی شێخ مەحمودی نەمر هەرمۆتەییە لەگەڵ کەسایەتی وەك(یوسف قەشە پەری و ئەنتوانا حەناو....هتد).

دیانەکان چەندین هونەرمەندی گەورەیان لێ هەڵکەوتووە، پەرەیان بە مەقامی رەسەن داوە، هەروەك(پووتێ، میناس مەربێن، مەربێن قەشە گۆرگیس، میخە یووسف، حەنیلە خڕە، مەربێن قەشابیل، شەعیە مەربێن گۆرگیس، مامە سێوە) جگە لە هونەرمەندی گەورە(ئەنداریوس خەمۆ) ناسراو بە(باکوری)و میوزیك ژەن(جانا تۆما)و مەربێن سلێوا حەنا، هاویل شەعیە:

**هەرکەسانەکی ئەو بولبولە خۆشخوانەی من ناناسێ و ئەوەتانێ، مەنسوڕی حەلاج تەقەی دێ لەکەوانێ!**
**حەزرەتی موسا هەزارو یەك کەلیمەی دەکات، لەگەڵ باری تەعالا لەسەر کێوی توورێ!**

وەك مامە سێوە نابێتەوە تا چەرخی گەردون بسووڕێ!

سەرچاوە:

د.کەیوان ئازاد ئەنوەر، مێژووی ئایینەکان.

ئۆلەکانی جیهان، وەرگێرانی ناسر رەزازی.

کۆیە لەڕەوتی شارستانیەتیدا.

ئیدۆخ برێخە: جەژنت پیرۆز بێ!

لەجەژنی خاچ لەمەربێن قەدیشە خوێندراوەتەوە.

## سامانی پڕ سامانی هونەر

ئەندێشە سەرەتای داهێنانە، رەنگرێژو نەخشەی رێگای جیهانە، ئاسایشی هزرو بیرو ئەندێشە، شیعری شاعیرو میوزیکی ژەنیارو تابلۆی وێنەکێشە، هونەر زمانی هاوبەشی هونەرمەندانە، کلیلی تێگەیشتنی ژیانە، هۆکاری پشوودانی ناخی گیانە، هەرکەسێ لایەنگری هونەر بێ، شاعیرو نووسەرو گۆرانی بێژو ئاوازدانەرو ئەکتەر بێ، بێ گومان و بە دڵنیاییەوە مرۆڤی چاك و میهرەبانە، لە فەرهەنگی هونەر هیچ شتێك نییە ناوی ئازار بێ، دەبێت بانگخوازی خێرو خۆشی بێ، گەر لە ناو هونەر لە هەر بوارێك بێ، هونەر گرانە، رەخنە ئاسانە، گوڵ بۆ جوانی و بۆن و بینین چێندراوە، دڕك بۆ بڕارو هەڵکێشان، کەچی دڕك دەبینین، هەڵی ناکەنین، گەرچی گوڵ تا لە باخچەو بەلاسك و لقەوە بێ گەشە، چێژ بەخش و رازاوەو بۆن خۆشە، بەڵام گوڵ و گەڵا دەوەرێنین، لاسك و لق دەشکێنین، بەهار نییە بێ خەزان، جگە لە بەهاری هونەر، هەمیشە گەش و جوانە، ئەوەی گوڵ پێشکەش دەکا گوڵاوی لێ دەچۆڕێ، هەردەم خۆشەویست و براوەیە هەرگیز نادۆڕێ، ویژدان مەزنترین فەیلەسوفە، مرۆڤی هونەرمەند لە ڕووبار دەچێت، تا قووڵتر بێت، ئارامترو بە دیمەنتر دەبێت.

هونەرمەند دەبێت لە دوو گوێ و دوو چاوی زیاتر هەبێت، بۆئەوەی زیاتر ببیستێت و ببینێت، بەرهەمی هونەری دەبێت لە ناخی دڵەوە خوڵقابێ، نەخشەی لە ناو قوڵایی مێشك داڕێژرا بێ، هونەر سێبەری مرۆڤایەتییە، کەلتورو کەلەپوری شانازی نەتەوایەتییە، هونەری شانۆ دەبێ وەك کەنیسە بێ، کەس نەزانێ کێ دروستی کردووە، وتەی زانایان و ناوداران، زۆرە کە دەیڵێنەوە لەسەر زاران، شانۆ لە کۆیە لە ساڵی1931 دەستی پێکردووە، بە ناوی شانۆگەری(کچی کوردستان) ساڵی1932 دەیبەن بۆ هەولێر لەوێش پێشکەشی دەکەن، بەڵام بە ناوی کچی کوردستان نا، بەناوی کچی عێراق، دەنا نەیان دەهێشت پێشکەشی بکەن، هەمان ئەکتەر بوون بەڵام رۆڵی ئافرەتەکە بەناوی(پیرۆز) ئەحمەدمستەفا فەقێ دەرویش بوو لە کۆیە، لە هەولێر ڕۆڵی ئافرەتەکە (پیرۆز) سەید نەزیفی شێخ عبدالکریم بووە، کراس و جلوبەرگی ژنانەی هەرکیانی لەبەر کرد بوو، بەسەرکەوتووی رۆڵی بینی بوو، ساڵی1938 لە رۆڵی (کچی داوێن پاك) زاهیر نوری جان بوو، ساڵی1948 لەرۆڵی ئافرەت لە شانۆگەری (گوڵی خوێناوی) جەمالی حەمە مەلا بوو، ساڵی1959 مامۆستا جەمال حسێن غەفوری رۆڵی ئافرەتی بینیبوو!! ئەو دەمە لە تاتووکی بەفری قەندیان شانۆ بووە! هونەرمەندانی ئەکتەر لە کۆیەوە ساڵی1932 شانۆگەری دەبەنە رانیەو سەرکەپکان و بە ناوی شانۆگەری (د.فوئاد) پێشکەشی دەکەن، گوزارشتی لە شێخ سەعیدی پیرانی کوردستانی باکوور دەکرد، شانۆگەری لە کۆیەوە چۆتە (هەولێرو

رانیه)، کۆیه له کۆنەوه شاری زانست و ئەدەب و هونەری ئاوازو گۆرانی و مەقامی رەسەنی کوردی بووه، نیو سەده زیاتر له کۆیه هونەرمەندو رەوشەنبیری مەزن هەبووه، به بەڵگەی کۆنی پەیکەری (قادرمان) له سەرووی حەمامۆك، ئەوجا رۆڵی گەورەی ئەمیناغای ئەختەرو مەلا عەبدوڵای جەلی زاده پێشەواو پێشەنگ بووین، هونەری مەقامناسی که له ناودارەکانی گۆرانی مەقامبێژیدا مەربێنی قەشە شابیل و نەشئەتی رەشیداغای حەوێزی و شێخ نەجمەدینی شێخ کەریم و عەبەی چایچی و حەنیله خڕەو ئەوجا سەیدئەحمەدی حوسنی و رەفیق چارچاو و سمایله خڕەو ئەمینی سەمەنی مەلائەسعەدو سێوەو قادری حەمەدی حەمامچی و حەمەدەمینی کەبابچی (حەمەدەمینه گۆجه)و ئەحمەدی حەمه مەلاو تاهیرتۆفیق و باقی حەلاق و حەمەدەمین عەباس و عەبدوڵای پەڕەکەرو مەلائەحمەدەکۆره بووین.

له دەنگ خۆشەکانی ئافرەتانیش له بۆنەی ئاینی و مەولودا، عاسمەخانی ماڵی حەماغاو خانەخان و مێرەمی میران و کافیەی مەلایان بووین.

کۆیه هۆڵی تاقیکردنەوه بووه بۆ شاعیران و مەقام بێژان له بەغداو موسڵ و ئێرانەوه دەهاتن بۆ تاقیکردنەوەو رادەی تێگەیشتن و پلەی سەرکەوتن له هونەردا، کۆمەڵێ گەنجی خۆبەخش، به پەرۆش و به کۆشش، ڕێکخراوێکی هونەریان دامەزراندووه، به ناوی هونەرمەند (سامان تاهیر) رۆژی دامەزراندنیان له 2013/7/8 ڕاگەیاندووه، جوانەمەرگ سامان تاهیر دەهێنێ، شاکارو ناوی بمێنێ، له بەرەبابێکی ڕەسەنی کۆیین و بەناوبانگن، له جوانی و شۆخ و شەنگی خەرمانەی مانگن، مەعرووفەسوری باپیری سامان و چەند کەسێکی دیکه بەلشەفیك بوون، له چالاکیەکی چەکدارانه بۆ قشڵەی کۆیه خەریك بوون، به گشتی خۆشەویست و ڕێزدارن، چەشنی پەپوولەو فریشته دیارن، ساڵی1966، ساوایەك به زیقەی خۆشی کەوته باوەش، کۆرپەیەکی نازدار وەك کەڵله شەکری قەندی، له شاری کۆیه له گەڕەکی بەفری قەندی، پاش بەرەی خێزان بوو، له هونەرو ناو سامان بوو، به شێوه له وێنەی غیلمان، ناوکی بڕاو ناویان نا سامان، به فرچك و فراژی هونەر، به زانست و رووح پەروەر، درەختی هیوای هاتوته بەر، به شنەو شەونمی شیعرو سۆزی موزیك راژێندراوه، به شیری خۆشەویستی و هەنگوینی ناز گۆشکراوه، گوێی موزیك و چاوی شانۆ بوو، دەم پڕ له گۆرانی و قامك تابلۆ بوو، هەستی کانیلەی سرۆشان بوو، له چستو چالاکی و جۆشان بوو، تێگەیشتوو، پێگەیشتوو، بەخۆنەناز، ژیرو ڕەوشەنبیرو ژیرکۆ، زانکۆی تەواو کردبوو له کۆلیجی کارگێڕی و ئابووری له موسڵ، به هونەر سەرقاڵ بوو، بێ وچان و سڵ، له شیعرو ئاواز و دەنگ و وێنەگری مۆنیتێری و دەرهێنان و ئەکتەری و سیناریۆستی، دەگمەن بوو، کەم هونەرمەند دەگەیشته ئاستی، له جیهانی هونەر سامان دار بوو، له ئاسمانی گەش پرشنگدار بوو، دەست رەنگین و بەرکەتی و خەرمان بەرەکەت بوو، (سامان تاهیر) ئاواز دانەر، ئەکتەر، دەرهێنەر، بێژەر، نووسەر، دەنگخۆش و شاعیر، به هرەدارو هۆشیارو پڕ زانیاری بوو، له جەستەو هزر هونەری لێباری بوو، له (1992/1/19 ) بۆیه هەڵبژێردرا به سەرۆکی تیپی مۆسیقای باواجی کۆیه، سامانی پڕ سامان لوتکەو تاجی، بەرزو تۆکمەی وەك چیای باواجی، له عەرشی مەزنه تەخت و تاراجی.

**له شیعر و ئاوازی سامانی جوانه مەرگی من:**

**ئەو شەوەی ئاوا بووه مانگی من**

**خەنده لێو رۆیی فرمێسك هاته چاوی من**

**جوانی گەشم**

**دووری بەشم**

**به جێم مەهێله**

له عیشقدا چەند بە سۆیە، بۆ جوانێك تامەزرۆیە، وشەی شیعری پشکۆیە، بۆی شەیدا بووە بۆیە:

**( لە وێنەی جوانی تۆیە**
**لە ڕەنگی گەشی تۆیە**
**پەریەکەی شاری کۆیە**
**ژینم غەم و ڕۆڕۆیە)**

بە سەرنجی وردەوە گوێ لە شیعرو ئاوازی ڕاگرە:

**( ئاگرە، ئاگرە، خۆشەویستیت ئاگرە،**
**ئەی مانگ تۆ چەند لەمن دوری وەراندت خونچەی گوڵم**
**چووی بە دڵما وێرانت کرد ئاوازی ترپەی دڵم)**
**گۆرانی (بێ وەفایی) بۆتە ئاواز و مەقام:**
**(بێ وەفا ئەمجارەش فریوت دام**
**دڵت پڕ کردم لە برین و زام**
**بەهارت تۆراند خونچەت هەڵوەراند**
**وا دڵمت دزی دات هێنا زستان)**

لەشعرو ئاوازێکی دیکە جوانی دەردەخات، وێنایەکی ڕەنگین بە ڕێبواری دەردەکات:

**(بەڕێبواری ڕێم کەوتە لات**
**خۆشم ویستی جوانی وڵات**
**چاو چاوانێی سەربانان**
**ڕاوەستام وەك هەرزەکاران**
**بەچاو پەیمانم لێت وەرگرت**
**ئا ئەمەبوو دیاری و خەڵات)**

سامان پڕ سامانی هونەر بووە، شاعیرو ئاواز دانەر بووە، شیعرو ئاوازی جوانی هەبووە ئۆباڵ بەگەردن:

**( ڕۆژی زستان بوو کە پەیمانت دا بەمن**
**لە ژوانا بت بینم کە ڕۆژ ئەبێ ون**
**ئازیزم وا من و تۆ ئەی کەین دڵداری**
**تاکو لێمان فێربن منداڵانی شاری )**

بۆ یادگاری و کۆچی دوایی، لە شیعرێکی بەناوی (ماڵی ئاوایی)، بە دۆستایەتی و دەستەوایی، بە ژێرپەنجەی گورچیلە ژیانی کەوتە کۆتایی، بەدوای نهێنی مەرگی دا وێڵم :

**( وائەڕۆم و یادەکانم جێ دێڵم**
**ئەی دایکەکەم وڵاتەکەم جێت دێڵم**
**خۆشەویستە ئازیزەکەم دەماڵ ئاوا**
**بڵێ هەم بوو یارێکی جوانی بێ هیوا**

**یادم کە شەوی بوکێنیت لە کاتێکا**
**تامەزرۆمە کە بت بینم لە خەونێکا)**

گشت وەرزەکان بە نۆتەی سۆڵ و دهۆڵ، لەناوجەرگەی گۆڕەپان و سەر شەقام و هۆڵ، یادت دەکەین ئەی سامانی جوانەمەرگ و کڵۆڵ:
**( یادت ئەکەم لە چیایەکی چۆڵ و هۆڵ**
**لە هاوینا لە زستانی ساردو سۆڵ )**

لە 20ی نیسانی ساڵی دوو هەزار، بارگەی بارکرد بۆ دوایین هەوار، گەرچی تەلاری تەمەنی ڕما، بەڵام یادگاری هونەری هەر ما، ئاخ هۆرەی کچی بێ باب بە جێما!
تێبینی: شیعری ناو کەوانەکان شیعرو ئاوازی سامانی جوانە مەرگن بە دەستخەتی خۆی نووسیویەتی(شیعرو ئاوازی سامان) کات و ساتی تێدا دیاری کردووە.
سەرچاوەکان:
-مێژووی کۆیە، تایەر حەوێزی.
-کۆیە لە ڕەوتی شارستانیەتدا.
-دەست نووسی جوانە مەرگ سامان.
-پەندە باوەکان.

**بەیتەکان عەیبی مەکەن خوارو کەچن**

بەسەربەرزی و شانازی و شکۆیی، حەزرەتی حاجی قادری کۆیی، شاعیرێکی مەزن و نەتەوەیی و پێشکەوتن خواز بووە، پێش قۆناغی خۆی کەوتووەو دووربین و بە پێشنیاز بووە، سەلماندویەتی خەونی شاعیرانە مەحاڵ نییە، بەیرەقی کوردان، سەربەخۆیی هەر تەنها خەیاڵ نییە، گەر گەشتێ بکرێ بەناو شیعرەکانیدا، لە بواری زمان و رۆژنامەوانیدا، لە پەیام و داهێنان و هونەری جوانیدا، بێ گرێی لە شیعرە نیشتیمانیەکانیدا، دەردەکەوێ بۆ گەلەکەی سووتاوە، برژاوە، سەری بۆ لە قوڕ هەڵهێناوە، بێ تەم و مژ، بێ ئارایش، شیعری نەتەوەیی داناوە، خۆی وەرام دەداتەوە، دەبا بە ناخی شیعرەکانیدا رۆبچین بۆ ئەوەی بە هەڵەدانەچین:
**بەیتەکان عەیبی مەکەن خوار و کەچن**
**مەقسەدم لەم بەندو باوە دەربچن**

حاجی قادری کۆیی نەك هەر شاعیرێکی مەزن و بەتوانا بووە، بەڵکو سیاسەتمەدارێکی ژیر و وریاو بە ئاگابووە، گەشبین و بە بڕوا، بە هیمەت و بە هیوا، ڕێگا پیشاندەرو بەرچاو ڕوون و دڵسۆزێکی کۆڵنەدەر بووە، نیشتیمان پەروەری لێ بۆتە عیللەتی سەوداو دەربەدەربووە، شیعرەکانی وەك دەستووری کوردایەتین، کورد هەیە دیوانەکەی لە بن قورئان دادەنێ:

**(پێ لەسەر تاقی مە هو ئەیوانی کەیوان دادەنێ)**

شیعری دارشتووە لەسەر بنەمای زانستی و هونەری جوانی، بە هۆشیار کردنەوەی میللەت و یەکگرتنی چین و ڕۆڵەکانی، لە پێشخستنی ئابووری و جۆشدان و پەیداکردنی پشتیوانی، هەڵگری ئاڵاو ڕامیاری بۆ سەربەخۆیی کوردستانی، مێژووی کوردو ناوهێنانی شاعیران و بەگژداچوونی کۆنەپەرستی و نەزانی، (شیعرەکانی دەلیل و بورهانە) گەر بەوردی و قووڵی لێك بدرێتەوە بە شێوازی زانستی، بە ڕوونی و ڕۆشنی، بە ئاشکراو ڕاشکاوی لە شیعرەکانی دەردەکەوێ، مامۆستا محەمەدی مەلا کەریم لە بارەی بیرو شیعری حاجی قادری کۆیەوە دەبێژی: (بۆیە جوانی و بەرزی باڵای لە دارشتنی شیعر ئەکا بە قوربانی سودمەندی واتاکەی ئەوەی لە شیعر ئەوێ، باوەڕی وابووە هونەر دەبێ بۆ گەل بێ) نەك بۆ ڕازاندنەوەی ڕستەو ئارایشی غەزەل بێ، حەزرەتی حاجی هەڵگری بەهای مەڵۆیەك داهێنان ئامێزە، بە کەرەستەی ڕۆح نەخشاون و غەزەلەکانی بەهێزە، شیعر فەلسەفەی تێدایە هونەرە، هونەریش لە واقیع یاخیی دەبێت، شاعیری بە توانا (ئیلیۆت) پێی وایە ئەرکی سەرشانی شاعیر ئەوە نییە ڕستەی ڕازاوەو شێوازی زەرکەفت و گوزارەی سەرسوڕهێنەر بێنێتە کایەوە، بەڵکو ئەرکی گەورەی شاعیر ئەوەیە دەست نیشانی شتەکان بکات، هەروەك حاجی قادری کۆیی کردی، بۆیە گلەیی لێ ناکرێ گەر شیعرە نیشتیمانییەکانی بە سادەو ڕەوانی دارشتبێ، چونکە ویستویەتی ئەرك و پەیام بگەیەنێ، میللەتی کورد لەخەوی گران وقووڵی غەفڵەت ڕاچڵەکێنێ، شارەزایەك پێی وایە (ئەزموون و بەهرەی شاعیر تا بەرەو سەر هەڵگەڕێ هێندە لەڕووی گوزارشت کردنەوە، بەرەو سادەیی و قووڵ هەڵدەکشێ، هەندێ جار ئەم سادەییە زۆر ئاڵۆزو قوڵترە لە تەم و مژو ئارایش)، حەزرەتی حاجی قادری کۆیی لە بازاری ئەدەب شیعرەکانی (بە هەرزان دەدا دوڕی گرانی) لە شیعرە نیشتیمانیەکانی گەڕێ (وەرە سەر باسەکەی وا فائیدەی بێ).

نکووڵی لێ ناکرێ لە حەزرەتی نالی، لە وردەکاری و فەلسەفەو ناسك خەیاڵی، پارچەغەزەلەکانی پڕ دوڕو گەوهەرە، غەواسی دەوێ، سەد داوی ناوەتەوە، شارەزاو نالیناسی دەوێ، حاجی قادری کۆیی لە شیعرەکانیدا دوانزە (12)جار ناوی (نالی) هێناوە، بۆ مەزنی شاعیریەتی و بەراوردو پێش بڕکێیەتی، پێی سەرسام بووە، ناوهێنانی بە قۆناغ و هەنگاو بووە:

**سەد قوببەیی خەورنەق و سەدی سکەندەری**
**ناگاتە بەیتە کاولی (نالی)و مەتا نەتی**

*******

**بەتەزمین فەردەکی (نالی) دەهێنم تا رەفیقانم**
**بزانن فەرقمان زۆرە خەزەف قەت وەك گەوهەر نابێ**

*******

**ئیتیفاقەن ئیتیفاقم بوو لەگەڵ (نالی)وەکو**
**تاجرو گەوهەر لەگەڵ گەوهەر فرۆش و موشتەری**

*******

**ونی مەکەن وەکو ئاساری (نالی)و (کوردی)**
**لە سەهوی دیدە بپۆشن گوزەر بکەن لە خەتا**

*******

**زاهیرەن بەیتم لە (نالی)و (کوردی) زۆر کەمتر نییە**
**تالعم بەرگەشتەیە، بەدبەختە بەختم نوستووە**

*******

**(نالی)و خاکی بەبە (حاجی)و کۆیە بە مەسەل**
**عەینەهی حافزو شیراز، کەلیم و هەمەدان**

*******

**سولەیمانێکە (نالی) خاوەنی دیوان و فەرمانە**
**نییە کەس بێتە مەیدانی مەگەر حاجی خود ئاسایە**

**بەیتی (نالی)و بەیتی من گەر تێکەڵی یەکتر دەکەن**
**ئەحمەق سورەت پەرست و جاهیلێکی مەعنا نەزان**

*******

**بەجێما (نالی) وەك ناڵی بە پاشکەوت کوردی وەك گەردی**
**کە (حاجی) غاریدا ئەسپی لە مەیدانی سوخەندانی**

حاجی قادری کۆیی مەزنایەتی و توانایی شاعیریەتیی (نالی) سەلماندووە کە بە ئوستادێکی گەلەك چاکی دانابوو:

**نالی ئوستادێکی گەلێ چابوو**
**خزری ئاوی حەیاتی مەعنابوو**

خدر ناوی ڕاستەقینەی (نالی)یە حاجی قادری کۆیی شیعری زۆر کەمتر نەبووە بەڵام چ بکا (تالعی بەر گەشتەیە):

ستەم کردن لە تواناو شان و شایانی پلەی شاعیریەتی حاجی قادری کۆیی مایەی نیگەرانییە، رووخساری غەزەل و قەسیدەکانی پڕە لە وێنەی هونەری و جۆرەکانی هەست و هێماو ڕەوانبێژی و لێکچواندن و درکەو خوازەو خواستن و پێچ و پەخش و دژیەك و ڕەگەزدۆزی و تیل نیشان و تێك هەڵکێشی و زمانی هونەری جوانی و وێنەی رۆحی کێشاوە خەزنەیەکە بەیتی ئەو، وەك: (کە هەستا قامەتی بەرزی، لەسەر شەو ڕۆژی داناوە، گوتم بەبەختی خەوالوو، ئەی بێ نەزیرو هەمتا، تا گوڵی روخساری تۆ، بە شەستی زولف و رووماهی، وەکو رۆژو شەوە، ئافتابی بێ حوسنی تۆ، تابڵێ ی فەرقی هەیە، لە عەینی لەعلی کانی، مەهو میهری بەغارەتدا، دالی قەدم، لە نەزاکەت کەمەری، وەسفی رووخساری....)، گەر حاجی قادری کۆیی ئەو شاعیرە مەزن و بە توانایە نەبێ.

یەك پارچە غەزەلی ئاوریشمینی پڕ لە وردەکاری و جوانکاری و گوڵداری حەزرەتی حاجی دەهێنمەوە تابزانن:

**نەققاشی دەمی نوقتەکی دانا بە نیشانی**
**زانی کە زەمی کردووە، بێزارە لە مانی**

(مانی)ی نەققاش، نیگارکێشێکی بەتواناو داهێنەر بووە، وێنەی (دەمی) یاری کێشاوە، نوقتەکی داناوە، گوایە دەمیەتی، کەچی ئەو نوقتەیە (دەم)ەکەی کردووە بە (ذەم)، بێزارە لە(مانی) هەم نیگارکێشەکەیە، هەم بێزارە لە(مانی) لە بوونی، بێزارە واتا بێ (دەم)ە بێ دەم و پلە لە ئاست بوونی (مانی) زۆر بێزارو وەڕزە لە نیگارکێش(مانی)، ئەوەیە هونەری شیعر!! حەیفە حاجی قادری کۆیی (ذەم بکرێ) زێڕی بە زبڵ بدرێ، مادام توخوا:

حاجی بکوژن خێرە ئیتر مەیدەن ئەمانی

هەرتەنها قەسیدەکەی **(گوتم بە بەختی خەواڵوو)**ەکەی پڕە لە هونەرو جوانکاری و وێنەی شیعری دەگمەن، گەر زیاتر نەبێت لە **(قوربانی تۆزی ڕێگەتم ئەی بادی خۆش مروور)**ەکەی نالی چی کەمتر نییە، کەچی حاجی بەدبەختە بەختی نووستووە!!.

هەرکەسێ پێی وابێ هونەر لە شیعری حاجی قادری کۆییدا نییە، جگە لەوەی ڕاست و ڕەوا نییە، هەیە وا پێی موکەدەر دەبێت، وادەزانێت لە دین دەردەچێت!

**چ قەوماوە گەلێ حەیفە مەگریە هەروەکو باران**
**چ قەوما، کەعبە کەچ بوو مەسجیدول ئەقسایە رووخاوە**

حاجی و نالی شعریان بە جگەرگۆشەی خۆیان زانیوە، حاجی (لە سایەی شیعرەکانی بابی کوڕانە، بۆیە نالی هەقیەتی بڵێ:

**لە جگەر گۆشەی شیعرم مەدە مەعنایی خراپ**
**بێ خەتا کەس نییە رازی لە ئەولادی درێ**

سەرچاوەکان:


1.غەزەل و قەسیدەکانی حاجی قادری کۆیی لەژێر تیشکی لێکۆلینەوەدا (ئاری صبحی احمد).
2.دیوانی حاجی قادری کۆیی، پێداهاتنەوەی نوێ- (هێرش بێتووشی).
3.دوو بابەت لەبارەی بیرو شیعری حاجی قادری کۆییەوە (محمد مەلا کریم).
4.ئەو رەوتە نەتەوەییەی دەمانگەیەنێتە کیانی سیاسی، نووسینی (کەریم شارەزا) - گۆڤاری 21K ژمارە 12 ساڵی 2011.
5. شیعر، خەنافس وتارو لێکۆلینەوە- (لەتیف هەڵمەت).
6. دیوانی نالی.
7.سێوی هۆشیاری،(حەمە سەعید حەسەن).

# ئەلپا گایا بریخە

جوانی جیهان بە هونەرەوە پەیوەستە، هونەر هەڵقوڵاوی قوڵایی بیرو هەستە، شیلەی ژیانە، خۆراکی گیانە، بەختەوەری مەبەستە، جوانی هونەر هەرگیز کۆتایی نایە، سروشت و ژیان ئاوازو موزیکی زۆر تێدایە، بگرە هەر لە دەنگی گیانداران، فڕکەی باڵداران، خوڕەی ڕووباران، هاژەو پرژەی تاڤگەو جۆباران، گرمەی هەورو نمەی باران، لەرەی پەپوولەی سەر گوڵزاران، شنەی پرچی درەخت و داران، خرەی خشڵی نازداران، قاقاو تریقەی یاران، گڕوگاڵی منداڵان، هەناسەو هەیاسەی چاو بەخوماران، خشەی زیندەوەری بەهاران، هەمووی خولقێنەری سازو ئاوازن، خۆشی بەخش و دڵنەوازن، کورد گەلێکی بەزەوق و پڕگۆرانیە، حەزی لە ژیانی کامەڕانیە، لە سەیرانان، دیوەخانان، لە کەوش و گەڕانان، لە هەڵکەندنی کەنگرو کوارگ و کاردووی بەهاران، لە زەماوەندو ژنهێنان، لە ساوار کوتان و دروێنەو مەشکەژەندن و سەمەنی و بەرمەڕی و بێری و شمشاڵی شوانان، پێی خۆشە ڕۆژگاری ژیان و کاری ڕۆژانە بەخۆشی تێ پەڕێنێ، پێچەك شایی بکاو هەڵپەڕێ، بە لاوك و هۆرەو حەیران و بەستەو گۆرانی دەم هەڵێنێ، چونکە هونەر پەیامی جوانی و خۆشەویستییە، شادی هێنەرو لابەری پەستییە، زانست و هونەر تایبەت نین بە یەك نەتەوەو وڵات، زمانی هاوبەشە لە نێو هونەرمەندان جیهان تێی دەگات، وڵات پێش دەخات ! هونەرمەندی ڕاستەقینە خۆی دەشارێتەوە، بەڵام هونەرەکە هەر دەدرەوشێتەوە، تا ژیان مابێت هونەر هەر دەمێنێتەوە، هونەر بنیاتنەری جوانییە، بانگەوازی بەختەوەری و کامەرانییە، هونەرمەند دەبێت بە تواناو هۆشمەند بێ، هونەرەکەی جوان و ڕەسەن و بڵند بێ! هونەرمەند (ئەندریۆس ئیسرائیل خەممۆ یۆنان) واتە ( مامۆستا باکوری ) بەڕێبازی ئاین ئاسوری، نە ئیسرائیلی و نە یۆنانییە، هی کوردستانی باکوورو پارێزگای (وان)ییە، بەڕەسەن و ڕەگ، لە گوندی (ساتی بەگ) لە پارێزگای وان لە ساڵی گرانی سەفەر بەرلك، لەگەڵ پەنجا هەزار ئاسوری و خەڵك، لە ترسی عوسمانلی هەڵاتوون و دەربەدەر کراون، سەرەتا لە بن خێوەت لە (بەعقوبە ) دانراون، ئیسرائیل خەممۆ و دەرمان خەممۆ باوك و مامی باکووری بە پۆلیسی سوارە دامەزراون، بۆ شارەکەی کۆیە گوازراونەتەوە، لە قوشەو قشلەی کۆیە حەواونەتەوە، ئینیار لازارعەبدال خەڕاشکی دوو گیان و ئاوس دەبێ، لە شەوی یەکشەمەی لە سەر دوو شەممەی (1928/11/5) ئەندریۆس دەبێ، (ئەندریۆس ئیسرائل خەممۆ یۆنان ئۆدیشۆ یۆحەنا مەلیك داود) واتە باکووری، لە قشلەی کۆیە لە سەر بەرزایی کەکۆنێ، بەرامبەر شێخ جامی بە مامانی ( تۆتە شۆنێ) کەوتە جوولەو گریە، بڕا ناوکی، مژدانەدراو خەنی بوو باوکی، نۆبەرەت کوڕبێ بەختت پڕبێ! باکوری لەبەرزایی قوشەو قشڵە بووە، بۆیە ئەو ئەستێرەو سمبولە بووە، بە قودداسی کەنیسەو دێری مەربێن قەدیشەو گرامە فۆن و قەوان و نۆتەی بولبولان، بە ڕیتمی ناو ڕەزان و سۆلۆی سێوەو هەنبانەی مەمەند سێ لچ و ئاهەنگی سەر قازیلان، بە گەشی گوڵان و دیمەنی جوان، دەبێتە ئاواز دانەرو خۆش خوان، دەبێتە درەختێکی شەنگوڵ، ڕەگ پتەو پڕگەڵاو چەند چڵ، ئاواز دانەر، نووسەر، ئەکتەر، شاعیر، ژەنیار، گۆرانی بێژ، پڕزانیاری و ژیرو هۆشیارو بە کەیف و زەوقانی و بە چێژ، مامۆستا باکووری هونەرمەندە گەورەکەی کۆیە، خاوەن بڕوانامەو دەرچووی زانکۆیە، لە بیرو پەنجەو زاری، بەهرەو هونەر دەباری، بە عودوکەمانجە،

هونەری لا ئامانجە، بە گۆرانی و ئاوازی، شێوازی جیاوازی، هەموو کورد پێی دەنازی، شیعری ناسك و جوانی، کردۆتە ئاوازو گۆرانی، شیعری خۆیی و شارەزاو شارباژێری و جۆبارو ئاسنگەری، ئاوازی بۆ داناون بە جۆش و کاریگەری، بە هۆی کۆییاتی و برادەرایەتی و نزیکی، بۆنمونەو یادگار:

**شاری کۆیە خاکی پاکی خۆش هەوار**
**تۆی بەڕاستـــــی جەننەتی پەروەردگار**

**(ئەڵێن جوانە وەکو حۆری)**، مامۆستا باکوری، **(یوری یوری، ئەسمەر یارم یوری)**، **(ڕۆژ دەرکەوت و مانگ هەڵات)** باکوری دەکرێ خەڵات، **(هەی زێرینێ و زێرینێ... کۆیە خۆشە بابچینێ)**، گەر پەیکەری بۆ بکرێ، **(حەسرەتی دڵ نامێنێ)**، **(سووکبن دەی دەی ڕێکبن، دەی، دەی، بۆ ئاهەنگ و گۆرانی )**، بۆ ڕێزلێنانی مامۆستا باکووری کە قەدریان زانی، وا دەرنەچوو، وانەبوو، کە دەیان فەرموو: زیندوو نەویستین، مردووپەرستین، وەك عەکسی قەمەر نەبوو لە ناو حەوزێکی لێخندا، ئەوەتا بەزیندوویی گرینگیان بە هونەرمەندێکی مەزندا، چونکە خۆی ڕەسەن و دەروونسپی و گیان فریشتەو بێگەردە، بۆیە بە هەموو جێیەك سەرسامەو هەموو مرۆڤێکی پێ جوانەو هەموو ئاوازێکی پێخۆش و هەموو هونەرمەندێکی پێ بڵندە، مامۆستا باکووری، شەبەق و نوری، لە سەر باواجی شەوق دەداتەوە، کۆیەو کوردستان ڕووناك دەکاتەوە، نووسینەکانی یادگاری ووردە بە بەڵگە، تەمەنێك و گۆرانی بێژە نەمرەکان و ئێزگە، مامۆستا باکووری ئەڤین دار بووە بە ئەمیرە، ئەو عەشقە نەمرەی هەر لە بیرە، کە بە یەك نەگەن ئاشق و ماشق ئەو عەشقە نەمرەو بەئازارە :

**(ئەمیرەکەم دڵگیرەکەم بەهارت لێ شەرمەزارە)**

هەروەك چۆن مامەسێوە بە وارێ گورێ نەگەیی، دڵزاری شاعیر بە ئەستی نەگەیی، دڵداری نەمر بە بەهیە فەرەجوڵا کوردی نەگەیی، ئەوهاش باکوری بە ئەمیرە نەگەیی، چەرخی زەمانە بەخت و نێوچەوان گلەیی بێ گلەیی، عەشقی ئەمیرە بۆتە هەوێن و ماکو سرۆشان، کوورەی ئاگراوی باکووری جۆشان، بۆ ئاوازو گۆرانی خرۆشان.

**(جـــیهان هەمـــووی جوانییە، دەمی پڕ گـــۆرانییە،**
**هەستە هەستە کیژی جوان، بەهارە کاتی سەیران )**

مامۆست باکووری بەرزو پیرۆزە، خاوەنی گۆرانی و ئاوازی بەسۆزە، بەرد دەجوولێنێ و دڵ دێنێتە کوڵ،

**(نەورۆزە مەستم بە نەغمەی بولبول )**

ویژدان یاسای یاساکانە، ڕێزلێنان ترۆپکی پێناساکانە (بە هیوات گیانە) ڕێزلێنانی شایانە! مامۆستا باکووری، کورەی تەندوری پڕ پشکۆیە، بۆیە، بەوهۆیە، ئاوریشم و گوڵە تەخت و تەراجی، لە جێی خۆیەتی ڕێزو ڕەواجی دامەزرێنەری تیپی باواجی:

**تیپی باواجی بە هرەو هونەر ساز (**)،**
**سەرداری قافلەی گۆرانی و ئاواز،**
**جلوەی ئەنوەرە،کۆیە و کەلتوری،**
**مـــــەدانـــا و جانا وریاو بـــاکووری،**

تیپی باواجی وەك چیای باواجی تۆکمەو بەرزە، پێگەیەنەری دەیان هونەرمەندە، فێرگەو ڕەمزە! ڕێزلێنان لە مامۆستا باکووری شایستەیەو لێی دەوەشێتەوە، گیانی مامەسێوەو حەنیلە خرەو پووتێ و میناس مەڕبێن و مام شەعیەو ئەبرەها مێخەو مەڕبێن قەشا بیل دەژیێنێتەوە، ڕێزلێنانی هونەرمەند باکووری بەنرخە.

*(ئەلپا گایا بریخە ): بە مەسیحی واتە :هەزار جار پیرۆزە.
تێبینی :
ئەم وتارە لە رۆژی (2012/12/15) لە هۆڵی سەرۆکایەتی زانکۆ پێشکەش کراوە کە ئینستینیۆتی کەلەپووری کورد بە هاوکاری پارێزگای سلێمانی بۆ ڕێزلێنان لە هونەرمەند باکووری سازیدابوو.
* ئەوی ناوکەوانەکان گۆرانی مامۆستا باکوریيە
** مەبەست لە تیپی باواجی و مامۆستایان (سەرداری باب سەردار، مەلا ئەنوەرو زاهیر محمد، جانا تۆماو وریا احمدو باکوری)یە.

## جوانی مانگ بە شەو دیارە

ئاسمان هەزاران زەوی و دەریای هەیە، بەڵام یەك ئاسمانیان هەیە، وراتی کۆیە بە هەزاران تێکۆشەرو کۆڵنەدەرو شەهیدو فەرماندەو قارەمانیان هەیە، بەڵام یەك کاك عەبدولرەزاق هەبوو، وەك ئەو شەهید بە دەگمەن و یەك تاق هەبوو، لە دایکبووەکان چون یەکن و یەك شێوازن، بەڵام لە مەرگ و ژیان پێك ناچن و لێك جیاوازن، مرۆڤ لە بوون و مردن رۆڵی نییە، بە دەست خۆی نییە، بەڵام دەتوانێ لە ژیان بە سەربەرزی بژی و بچێتە ناو مێژووەوە، مێژوو ئاوێنەی ژیانی مرۆڤە، مرۆڤ مێژوو دروست دەکات نەك مێژوو مرۆڤ، ژیان و خەبات و شەهیدبوونی کاك عەبدولرەزاق پڕە لە کەسەرو کارەسات و ئاخ و ئۆف!

ساڵی1948 لە گوندی ئۆمەرگومبەت، هاتە ناو ژیانی پڕ لە نەگبەت، ئاسمانی دوورو زەوی سەخت بوو، لە بەرەبەیانی تەمەنییەوە بەدبەخت بوو، وەك حاجی قادری کۆیی باوکی ناوی ئەحمەد بوو ناوی فیکری دێ، دایکی ئەو ئامینەو هەر خەڵکی لادێ! بە تەمەنی سێ ساڵی باوکی کۆچی دوای دەکا، مەلا محەمەدی مامی بەخێوی دەکا، ناسنامەی وەك کوڕی خۆی بۆ دەردەچوێنێ، قۆناغی سەرەتایی ئیسلامی و ناوەندی لە هەولێرو کەرکوك دەخوێنێ، ساڵی1967 لە کەرکوك بۆ بژێوی ژیانی و کاری ڕێکخستن دەبێتە چایەچی و بە نازناو فستەق فرۆش، بەبێ دەنگی وەك هەنگ لە پێناو کوردایەتی دێتە کوورەو جۆش و خرۆش، چونکە گۆشکرابوو بە گیانی شۆڕشگێری و کوردایەتی، لە ناو خێزانێکی خاوەن خەبات و بە نەزاکەت و مەردایەتی، تا نسکۆی شۆڕشی ئەیلول بەشدار بووە، لە پێشمەرگایەتی، لە سەرەتای دامەزراندنی کۆمەڵەوە ئاگادار بووە، وەك ڕێکخەرو رابەر پێشڕەو و پشکدار بووە، کاتێ بەشێکی سەرکردایەتی کۆمەڵە گیران و لە سێدارەدران، زۆربەی شانە نهێنیەکانی کۆمەڵە ئاشکرا کران، ئەودەم ڕێکخستنی کۆمەڵە لە هەر پارێزگایەك بە هەرێم دانرا، سەرکردایەتی کۆمەڵە بە کۆمیتەی هەرێمەکان ناونرا، ئەوێ رۆژێ کاك عەبدولرەزاق پارێزگای هەولێری پێ سپێردرا، ئەڵقەکانی کۆمەڵەی گرێ دایەوەو ژیاندەوە، گیانی خۆڕاگری و نهێنی پارێزی و نەدرکاندنی بوژاندەوە، نەك چرای بیری چەپی کۆمەڵەی نەکوژاندەوە، بە هێمنی و ژیری و ژێرزەمینی کۆمەڵەی گەشاندەوە!

ساڵی1978، لە مەخمور لەسەر ئیش دەستگیر دەکرێ، وەك قارەمانی زیندان چ نهێنییەك نادرکێنێ و بەڵام بە دە ساڵ حوکمی زیندانی دەدرێ! لەژێر ئەشکەنجەو زیندان و لێدان و شەڕی دەروونی خۆی

رادەگرێ، دوایی ساڵی1979، بە لێبووردنی گشتی ئازاد دەکرێ، لە خەبات و کۆمەڵە نەك هەر نـاڕوخێ و واز نـاهێنێ، ووردتـر بە بـاوەڕتر بە ورەتـر لەسـەر ڕێبـازەکەی دەمێنـێ، گەشـە بە ڕێکخسـتن دەدا، بنکەی کۆمەڵە فراوانتر دەکا، باوەڕی بە خەباتی ژێرزەمینی و سیاسی زیاتر بوو، خاوەن ئەزموون و لە کاری ڕێکخراوەیی و ڕێکخستن شارەزاتر بوو، ساڵی1984 لەسەر داوای سەرکردایەتی دێتە شاخ بۆ پێشمەرگایەتی، دەبێتە بەرپرس لە ڕێکخـراوی دووی کـۆمەڵە لە دۆڵـی بالیسـان لە گونـدی تـوتمێی خۆشـناوەتی! سـەرەنجام دەکـرێتە ئەنـدامی فەرماندەیی گشتی هێزی پێشمەرگەی کوردستان.

جـوانی مانـگ بە شـەو دیـارە، پـاراوترین زمـان کـردارە، لە کـاتی تەنگـانەو لـێ قەومـان و سـەغڵەتی و نەگبەتی، لەوێ دەردەکەوێ جوامێری و پیاوەتی، مرۆڤ سێ جوانی هەیە جوانی کردار، جوانی دڵ، جوانی بیر، ئەو هەموو جوانییەکانی تێدابوو نـاخی جوان بـوو، بە ویژدان بـوو، راسـتی، مانـگ و هەتـاوە هەمیشـە لە پشـت هەوران پەنهـان نـابێ و دەردەکەوێ، بەدەگمـەن خۆشـەویسـتی و خۆنەویسـتی بە هەڵوێسـتی وەك کـاك عەبـدولرەزاق هەڵـدەکەوێ، پیـاوی گەورە کەم دەڵـێ زۆر تێدەکۆشـێ، درەنـگ بەڵـێن دەدات، زوو جێبەجێـی دەکـات، ئەو زۆری دەبیسـت کەم دەدوا، گـوڵ بـوو لەگەڵ بەرد دەگونجـا، هەرگیـز دڵـی کەسـی لـێ نەدەڕەنجـا، چاوپۆشـی لە داخـوازی خـۆی دەکـرد، قەت قسـەی نەدەهێنـاو نەدەبـرد، بە راسـتی دڵسـۆزو بە هەڵوێسـت و بە هەست و کورد بوو، خەزنەی زانیاری و مەندو مەستوورو ورد بـوو، لە زۆر کـاردا شـارەزاو دەست رەنگین بوو، لە ڕێزو متمانەو دڵسۆزی وجوامێری تەژی و زەنگین بوو، بە هەژموون و بە ئەزموون و راپەڕموون و گران و سەنگین بوو، لە رەوشت پڕ بوو لێو ڕێژ، گەرچی خێرلەخۆنەدیو بوو ئازار چێژ، بە ئـارام و بە ئاگاو پشوو درێژ، ژیرو هێژاو راستی بێژو بە راوێژ، زمـانی لە دڵـی بـوو نەك لە دەمـی، لە بـاخ گـوڵی دەبینـی نەك دڕك، چونکە جوانی باخ باخەوانە، باش لە راگرتنی مێگەڵ شوانە!.

هێند دڵسۆزو راستگۆ بوو، کوورەی دەروونی پڕ پشکۆ بوو، خوێنی قوڵپی دەداو دەکوڵا، هەمیشە هەست و هەڵوێستی بۆ کەرکوك دەجوولا، ئـاواتەخواز بـوو لە کەرکوك شـەهید بکرێ، ئەوە مێژوو کـێ وەك ئەوی پـێ کـراوە، خـولەی بـرای لەوێ شـەهید کـراوە، لە پرسـەدا نـەوەسـتاوەو دانەمـاوە، بـاوکە مـامەکەی کـۆچی دوایـی کردووە، خۆی نەدزیوەتەوەو خۆی نەگنخاندووە بۆ پرسە نەچووە، مێژووی ئازایەتیی شۆڕشی گەلان بپشکنن، قەت وەك شێوەی شەهید کاك عەبدولرەزاق نابینن، شەهیدی بە شـەرەف و خـۆ هەڵنەکێش کـاك عەبـدولرەزاق، ئـازادی کەرکـوکی لـێ ببـووە خەون و مەراق، ئەو ئـاواتەی بە خـوێن و گیـان تۆمـار کـرد، لە پێنـاوی یەکێتیـی نیشتمانیی کوردستان و کورد ( **تـا بڵێـی فەرقـی هەیە میهری مـن و مـاهی فەلەك**)، بـا دادوەر ویژدانـی خـۆی بـداتە بەر سـەنگ و مەحەك! لە 1991/3/28، لە کەرکـوك لە بـاجەوان، کـاك عەبـدولرەزاقی نەوجەوان و باجەلان، دەگات بە کـاروانی شـەهیدانی کوردو کوردسـتان، لەگەڵ شـەهیدانی کوڕانی کۆیە لە کەرکوك قوبـاد حاجی برایم و قاسم محەمەدو جەعفەری حەمەدەروێش، خوێن و لاشەیان بوو بە گڕو پشکۆو خۆڵەمێش، لەنـاو بازنەی ئارمی یەکێتی، لەناو چەپك و دروشم و گوڵەگەنم و گوڵەمێلاق، بە جوانی دیارە رەنـگ و رەوشـت و سیماو هەڵوێستی شـەهیدی نەمر کـاك عەبـدولرەزاق، خـوێنی نەرۆیـی بە تـاڵان، نەك لە ویژدانـی (**هەڵـمەت و تاراو تۆڵە و ئاڵان**)، بەڵکو لە کوردستان، لە کەرکوك، لە هەموو ماڵان، چرایەکی پرشنگداری داگیرسان.

گەرچـی وەك حەزرەتـی حـاجی قـادری کـۆیی، لەسـەر بـازووی بـاوکی نەخەوت! ئـارامی نەگـرت بەڵام، لە تاریکترین شەو وەك ئەستێرە دەرکەوت:

**(عومەر گومبەتی لەزەتی داتەپی**
**تەکەڵتووی شکا زینی ئەسپی حەیات)**
**کاك عەبدولرەزاق واتا ئەخلاق**

**واتا هەڵوێست و شەرەف و خەبات**
**با کوڕیژگەو کچۆڵەو نەوەی نوێ**
**لە قوتابخانەی شەهید کاك عەبدولرەزاق**
**بخوێنن وانەی حزبایەتی، کوردایەتی، مەردایەتی و ئەخلاق**
**تا بسووتێ جوانتر دەبێ درەختی سماق**
**تاگڕ بگرێ بابەگوڕ گوڕ، گەشتر دەبێ یادی شەهید عبدولرەزاق**

* ناو کەوانەکان شیعری حاجی قادری کۆیین.

## گوڵ و پەپوولە و پەرەسێلکە لە کوورەی ئەنفال

لە جوانییەکانی جیهان ئاسمانی پڕ ئەستێرەو ویژدانی ئاسوودەیە، گریان و شیوەن بۆ شەهیدان و ئەنفالکراوان بێ هوودەیە، سروشتی مرۆڤ وایە دەتوانێ لە دۆزەخ بەهەشت و لە بەهەشت دۆزەخ دروست بکات! فەرهەنگی هەتاو بۆ دڕك و گوڵ وەك یەك تیشك دەدات، تا سەیری هەتاو بکەیت هەرگیز سێبەر نابینی، بەختەوەری وەك فتبۆڵ وایە کاتێك لە دەستمان دەڕوات بە دوایدا رادەکەین، کاتێکیش پێی دەگەین بە شەق تێی هەڵدەدەین، کەسێك دڵی خاوێن بێ پێویستی بە ئامۆژگاری نییە، مرۆڤ کە تووشی نەگبەتی و نەهاتی هات چاری نییە! یەکێك لە گرنگترین کلیلەکانی سەرکەوتن متمانە بەخۆبوونە! مرۆڤی گەشبین و بە باوەڕ هەمیشە ئاسۆی گەش و روونە! ئەو کەسەی لە مردن بترسێ چێژ لە ژیان وەرناگرێ! بۆیە پێویستە مرۆڤ بۆ هەموو سەخت و نالەبارییەك خۆی راگرێ! ئارام گرتن لە سەر دژوارییەکانی ژیان، دەتگەیەنێتە ناودارانی جیهان! خۆڕاگری و ئارام گرتن، کلیلن بۆ سەرکەوتن ! ژیان گۆرانی و یاری و خەون و قوربانی و ئەڤینە، بۆیە شیرینە، گەرچی پڕ لە ژان و ئازارو برینە! لاپەڕەی ژیانی تێکۆشەرو نووسەرو شاعیرێکی شاخ هەڵدەیتەوە، برینەکەی هێندە قووڵە وەك ئەوە وایە خوێی پێدا بکەیت و زیاتر بیکوڵێنیتەوە، رووداوی شەهیدکردنی زاهیر حەمەد تەهاو خێزان و منداڵەکانی هێندە دڵتەزێنە، ویژدان هەژێنە، سەختە، هەرگیز بیربچێتەوە، شەهید زاهیری حەمەدی تەها، دڵسۆزو کوردپەروەرێکی رەها، نوسەرو تێکۆشەرو مرۆڤێکی وەها، لە ئاسمانی کوردستاندا وەك ئەستێرەی سوها، کەوتە ناو کوورەی ئاگراوی ئەنفالەوە، بە خۆیی و خاووخێزان و منداڵەوە!

ئەوەی ئەوانی ناسیبێ، بە چاوی خۆی ئەوانی دی بێ، نەك وەك سەربازی بزرن، بەڵکو هەمیشە لە قوڵایی دڵ و هزرن! بۆ سۆزو یادگار، لە سەختی رۆژگار، **(دە هێنمە لەرزین تەختی کردگار)***، شەهیدانی نەمر زاهیر حەمەد تەهاو پەخشان خانی غەریب ئەفەندی رووناکبیرو هۆشیار بوون، لە بواری سیاسەت و خەبات و هونەرو ئەدەب دیار بوون،، ژن ومێرد هەردووك دەرچووی زانکۆ بوون، بەدەمارو نەزاکەت و تەڤکۆ بوون،

لە دوندی شاخ تەوارو شاسۆبوون، شەهید زاهیری حەمەدی تەها، بەرهەمەکانی نایاب و پڕ بەها، نازناوی شیعری (بێ باك)بوو، وتاربێژو وەرگێڕو شاعیرو چالاك بوو، خاوەن خەبات و تفەنگ و خامەی چاك بوو، زمانی کوردی و عەرەبی و فارسی و هۆڵەندی و ئینگلیزی بە رەوانی دەزانی، تەژی بوو لە رووی رەوشەنبیری و بیرو فەلسەفەو جوانی، لە خۆشترین جێ بوو لە هۆڵەنداو لە ئەمریکا، بەڵام لە دووری وڵات لەوێ چ بکا! لە سەخترین جێ لە شاخ لە دۆڵە کۆگە، خۆیی و خێزانی و منداڵەکانی بوونە پێشمەرگە، وەك ئەندامی راگەیاندنی(ی.ن.ك)، بووە لێپرسراوی چاپخانەی شەهید جەعفەر دوور لە شارستان، لەوێ کتێبی کۆماری کورد لە مەهابادی وەرگێڕا، هەر لە چاپخانەی شەهید جەعفەر چاپکرا، وەك نامیلکە بڵاوکرایەوە، بە ئەزموونی و شارەزایی تیشکی دایەوە، نووسەرو تێکۆشەرو شاعیرو وەرگێڕو وەستاو کارزان بوو، سیاسەتمەدارو خۆشەویست و رێزدارو شارەزاو لێزان بوو، هەڤاڵی بارگران و قەدرگران و کەسایەتی و گران بوو، مەرەکەبی خامەی نووسەر پیرۆزە، وەك خوێنی شەهید بە سۆزە، لە شەهیدکرانیان پەپوولەو مەل و فریشتەکان، بووینە شاهیدی بە ویژدان لە ئاسمان، مرۆڤی هۆشمەند کە تووشی کوێرەوەری و نەگبەتی بێت بە هۆی ژیرییەوە، ویژدان و لێبوردن و بەزەیی و دلۆڤانی نایە بە پیرییەوە، بۆ زانینی گرنگی یەك چرکە، لە کەسێك بپرسە لە کارەساتێك رزگاری بووبێ، هەڵەی ساتێك تەمەنێك خەم دروست دەکات! دەرگایەکی داخست نەیتوانی بیکاتەوە، لێ بوردن و ویژدان بە چ بارێ نەیگرتەوە، میهرەبانی بەفرەکە دەبارێ هەموو شتەکان دادەپۆشێ، سروشت جوانتر دەکات! بەڵام لە فەرهەنگی بەعسی کوا ویژدان و لێ بوردن، فێرە بە کارەسات! زۆر گەڕان کون بە کون، زیندان بە زیندان، سۆراخ و قوتاربوونیان نەبوو بە ئامان و زەمان، چەند شتێ ناکرێ بۆ ماوەیەکی درێژ بشاردرێنەوە، راستی و مانگ و ئەستێرەو هەتاو هەر دەردەکەون و دەدرەوشێنەوە.

شافاتمی شاژن و خان و مان، لە حەسرەتان، بەو داخە ئاگراویەوە سووتا، برژا لە ئەژمەتان، هەر چاوەڕێ بوو کوڕو بووك و نەوەی بگەڕێنەوە، موژدەیەکی خۆش و خێری بۆ بهێنەوە، تا لە 1996/9/25، سەری نایەوە گۆڕ گرتیە باوەش.

شەهید زاهیر حەمەد تەهاو پەخشان خانی غەریب ئەفەندی و کاروان و ئاوارەو بێری و تامان، گەر بەرخیش بوونایە هیچ جەللادو قەسابێك چەقۆو قەمەی لێ بەکارنەدەهێنان! ناسك و نازدار بوون، شارستانی و شلەشار بوون، نامانەوێ بزانین یاسا چییە، دەمانەوێ بزانین دادوەر کێیە! بەعسی کافر ویژدان و شەرەف و بەڵێن و بەزەیی لەلای ونەو بێ جێیە، هەر زمانی چەقۆو قەنارە دەزانێ! ئەگینا چۆن دڵی دەهات ئەو نازدارانە بکاتە قوربانی! بەعسی کافرو خوانەناس، لە پرۆسەی بەناوی (ئەنفال) کیمیایی داباراند، مزگەوتەکانی رووخاند، قورئانەکانی سووتاند، ئارامگاو پەرستگاکانی بەسەریەکدا تەپاند! مرۆڤەکانی هەڵتەکاند، سەدو هەشتاو دووهەزار موسڵمانی کوردی لە کوورەی ئەنفال هەڵقرچاند، ئەدۆنیسی شاعیری عەرەب ناهەقی نییە کە گوتوویەتی:

**"خوایە لە کوردەکان ببوورە، کە ناتوانن قورئان خەتم بکەن! چونکە کە دەگەنە سورەتی (ئەنفال) هەموویان دەمرن! توخوا ناهەقە گەر خۆیان نەگرن!"** بەس لە وراتی کۆیە (791)ئەنفال هەیە، دەیان لە کوڕانی کۆیە لێبوردن نەیگرتنەوە! خواو ئاسمان و ئەنفال بۆخۆی بردنەوە بەو زوڵمە بێ ئەندازە:

**کـۆیە جیـــاوازە شـــایانی نازە**
**شـــاری شـــانازی و بنکەو رێبازە**
**یەکەمـــین شـــارە ئەنفـــال کرابێ**
**لە هـــەر رووداوێك قوربانـــی دابێ**

**یەکەم سەنگەرە مێژوو شـــاهیدە**
**لانـــەی خەبات و شاری شەهیدە**
**کـــۆیەی خۆراگـــر لـێ راهاتووە**
**کەمی نە هێناو درەنگ نە هاتووە**

لە جیاتی گوڵ و فرمێسك و گریان، پارچە شیعرێكی زاهیر بێ باك دەكەین بە نیشان، بۆ گیانی پاكی پەخشان خان و كوڕەكان ئاوارەو كاروان، كچەكان بێری و تامان! ئەوەی گوڵ پێشكەش بكا، گوڵاوی لێ دەتكێ زەنگوڵ زەنگوڵ:

**لـە یـادمـا چـاندم نەونەمامێ گـوڵ**
**تێرئاو بوو هەرگیز بە خوێناوی دڵ**
**خونچەی ئاوات و تێنووی گیانم بوو**
**گوڵـــی مێخەك و ئەرخەوانـــم بوو**
**وەكـــو پەپوولـە دەچوومە سـەری**
**تێر بۆنم دەكرد بێ وەی هەڵوەری**
**بەڵام وا ئێستا ئەو گوڵـە جوانە**
**رەنگـە سورەكەی وەك زعفەرانـە**
**وا هەڵقرچـــــاوە بە رەنگی هەتـــاو**
**لەنـــاو گوڵانا هەر نەیمـــاوە تـــاو**
**درکـــی نـــاپەسەند دەوری لێ داوە**
**لـــە دەوری گـوڵان زەرد هەڵـگەڕاوە**
**بـــا هەر بناڵێ بۆ گوڵەكەی تـــاك**
**هەتاكو گیانـــی دەچێتە ژێر خـــاك**

ئەو شیعرە پڕ جۆش و جوانە، بەناونیشانی (پەیمان)ە، هەر شایانی خۆیانە، یادگاری شەهیدانە:

**پەیمانـــــم داوە بەم كـوردســـتانـە**
**بە خـــــاك و خۆڵــی ئەم نیشتمانە**
**ئەبـــێ بكەوم لـــەنێو سەنگـــەردا**
**لـــە بەینی گوللە و تفەنگ و بەردا**
**خۆڵـــــەمێش بڕژێ لـــەسەر برینم**
**خـوێنـــــی رژاوم بەچـــاو ببینـــم**
**هەر پێشمەرگـــەبم شەرتە تا مردن**
**سەرم شۆڕ نەكەم لە ئاستی دوژمن**
*****   ****   *****
**بـــاڵندە بـــــابێت بۆسەر لاشەكەم**
**خڕەی بێ ئێسك و وردە خـــاشەكەم**
**نـــاڵەم تێكەڵ بێ لەگەڵ شەوەزەنگ**

**دەستم هەڵناگرم لـە پیلکەی تفەنگ**
**جلە خـاکییەکەم بە خوێن سوورکـراو**
**بـــابڕزێ لەژێر زەردەی خۆرەتـــاو**
**هەر پێشمەرگـــەبم شەرتە تا مردن**
**سەرم شۆڕ نـەکەم لە ئاستی دوژمن**
*** **** ***
**بـــا کەس وکارم بۆم بکەن هـــاوار**
**کـــــوڕێ ببەســـتن لـــە شین و زار**
**بەجـــێ نـــــایەڵم قەت ئەو سەنگەرە**
**تـــا گوڵە نەدرێ لــــە جامی سەرە**
**هەتـــاکو کرم گشت لاشەم نەخـــوا**
**لـــــە جەنگدا دەبـــم بە هێز و بــڕوا**
**هەر پێشمەرگەبـــم شەرتە تـا مردن**
**سەرم شۆڕ نـەکەم لە ئاستی دوژمن**

زەخارو زوخاو هاوارتە لەمن، بەعسی خوانەناس مێشك و دڵ ئاسن، کوورەی ئەنفالی بۆ کوردان داخست، بەس لە بەر کورد بوون گشتیانی کوشتن ! ئەو برینانە چۆن ساڕێژ دەبێ، هەر دەکولێتەوە ئازار چێژ دەبێ!.

فەرهەنگۆك:
تەوار : هەڵۆی مێ
شاسۆ: هەڵۆی نێر
تەڤکۆ : کامل
زەخار : مخابن
تەژی : پڕ
شافاتم : دایکی شەهید زاهیر حەمەد تەهایە
* شیعری مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەد
* شیعری( لەیادما)و (پەیمان) شیعری شاعیر زاهیر حەمەد تەها (بێ باك) هی خۆیەتی.

## شەو چراغی شاخ و بەیداخ

ژیان ڕەنگاو ڕەنگە وەك باخ و گوڵزار، تەمەن دەڕوا بەشێوازی جیاوازی کار، چ ڕەنگێك نییە بتوانێ سەرجەم، زەمین داپۆشێ بەچیاو چۆل و چەم، ژیان یەك ڕەنگ نییە، هەر رووناك و شەوزەنگ نییە، هەموو

له یەك ڕێگـاوە لە دایـك دەبـین، بەڵام وەك یەك نـاژین و نـامرین، ژیـان گـرێیەكە نـاكرێتەوە، نهێنیـیەكەی نـادۆزرێتەوە، ژیـان هەرگیز لەمردن دانابڕێ، دەبـێ سـەرەنجام بۆ ڕێگـای مەرگ بـگەڕێ، هەموومـان لەنـاو گۆڕدا وەك یەك رادەكشێن! بۆ مەرگ و نەمان دەشێین، مرۆڤ مردنیشی لە بیر بچێتەوە، مردن هەرگیزاو هەرگیز ئەوی لەبیر ناچێتەوە، بەڵام لە ژیان چ بچێنی ئەویش دەچنێتەوە، مرۆڤ ناتوانێ مەرگ ببینێ، لـەهەر كوێیەك بێ لەهەر پلەیەك بێ لەهەر شوێنێ، گۆڕستانەكان پڕن لەو كەسانەی وایان دەزانـی نـامرن و بـەمردن دەوێرن، ئەی مرۆڤ تۆ خاوەنی چیت كە ژیـان قەرزێك بێت هەر دەبێ بیدەیتەوە، دەرگـای مەرگ هەر دەبێ بیكەیتەوە، ژیان قەرزێكە دیاری و خەڵات نییە، هەر پێشكەش و شاباش و خەڵات نییە، بـێ خەفەت و ئـازارو كارەسات نییە، گوڵ بەو جوانییە لە ناو دڕك و داڵ، لە ژێر زبڵ و زاڵ، دەردێ و دەپشكوێ جوان و گەش و ئـاڵ، ئەوەی بە ئومێـدو ئـاواتەوە بـژی بەئـارەزووەوە دەمـرێ، بە جـوانی ڕێـگەی مەرگ دەگـرێ، مەرگـی ڕاستەقینەی مرۆڤ مەرگی ئومێدە، بۆیە دەبێت گەشبین بین بە ئاسۆی ئایندە، ژیـان تنۆكە ئـاونگێكە لەسـەر پەڕەی گوڵ، دوایی نامێنێ و دەچێتە ژێر گڵ، بەهای ژیان لە مردن دایە، لە هونەرو خۆشەویستی و خەبـات و كاركردن دایە، جوانی مرۆڤ بەندە بەزانستی و خۆشەویستی و ئازادی و ئاوات، شـانازی دەركـەوتنـی بلیمەتـی لە زانست و بەهرەو ڕاژەو وێژەو ئازایەتی دایە لە خەبات، مامۆستا سەلاح رەسول، بە نەزاكەت و چاكەكارو بەئوسـول، پەروەردەكـارێكی تێكۆشـەرو مـاقوول، خوشەویسـت و روونـاكبیرو وانەبێـژ، وەك چـراو مـۆم و ئەستێرەی گەلاوێژ، پەرەی بە خوێندەواری دا، لە بـواری پەروەردەكاریدا، رەنـگە خەڵك وا نەی ناسـێ، وەك ڕێكخەرو مامۆستای شۆڕش و زیندانی سیاسی، پەروەردەی خێزانێكی شۆرشگێڕو پڕ لە قوربـانی، لەگونـدی پێ بازۆك چاوی هەڵهێنا بۆ زیندەگانی، لە بێشكەی لایە لایەو هەر لە ساوایی، بە درێژای ژیانی تا ماڵ ئاوایی، ژیانی خەبات و خوێندن بوو، ئامۆژگاری و پەروەردەكردن بـوو، هەرگیز لە خەبـات و خوێندن دانەبڕا بـوو، بەهەموو ماناوە مامۆستا بوو، لە ناو ڕیزەكانی(ی.ن.ك) بـاڵی شۆڕش گێڕان بـوو، پێشـەنگ و بەسـەنگ و بـێ دەنـگ و لە بێشـەڵانی شێران بـوو، مامۆسـتایانی شـۆڕش، لە وانەگوتنەوەو كۆشش، لە جیـاتی شـەڕو هێرش، وانەی كـوردایەتی و كـۆڵ نەدانیـان گوتـۆتەوە، تەختەڕەشـیان بە مەردایەتـی و پیـرۆزی سـپی كـردۆتەوە، مامۆسـتایانی شـۆڕش كـوردو دڵسـۆز بـوون، لەخانەی خەبـات بەڕێـزو پیـرۆز بـوون، لەو ڕۆژگـارە نالەبـارو سـەختە، سـەوزەگیاو بەردو تەشـگەبەڕیان كـردۆتە مێـزو تەختـە، كـاول و ئەشـكەوت و پەناگەیـان كـردۆتە قوتابخانە، دەرسی كوردایەتیان گووتوتەوە لەو شاخانە:

**ئەو دەرسانەی ئەوان گووتویانە بە منداڵان و بەچە**
**تەیارەی واتان دیوە، چالاك و هەچە**

دۆی دادە ڕژاوە، خوێن و خاك تێكەڵاوە، بەعس ئێرەی تێك داوە، (یا) وەكو یەكێتی، (بـا) وەك برایەتـی، كـاف وەكـو كوردسـتان و كـوردایەتی، (شـین) وەك شـەهیدو شـۆڕش و شـەڕو شـوێن، (خـا) وەك خـاك و خۆشەویستی و خەبـات و خـوێن. ئەو مامۆسـتایانەی شـۆڕش، لەخـۆ بـردوانەو خـۆبەخش، بەدڵسـۆزی و بـێ سازش، لە ژێر تۆپ باران و بۆردومان و كیمیاباران و ژیانی پڕ مەترسیدا، پەرەیان بە زانست و پەروەردەو پێ گەیاندن و دەرس دا، مامۆستا سەڵاح رەسول پێ بـازۆكی، لەژێر بۆردومـانی قەلادزەدا خوێندنی ناوەندی خوێنـدو لەشۆڕشـی نوێـدا، وەك مامۆسـتای شـۆڕش منـداڵانی فێـرە خوێنـدەواری دەكـرد، لە پێنـاوی خـاكی كوردستان و گەلی كورد:

**لـە بیرمە سە ردەمێ مـەعلووم**
**مـنـاڵ بـووم عـاشـقی تـۆ بووم**

**کەمامۆستام لە ڕیز داینام**
**وتی ئەی خام بنووسە جوان**
**فیدات بم خاکی کوردستان (1)**
*******
**پیرەمێردێ،**
**چووە قوتابخانەی گوندێ،**
**لە حەوشەدا ڕاوەستا،**
**دەوریان لێدا مامۆستا،**
**هاخاڵەگیان چیت گەرەکە، هاخاڵە گیان چیت گەرەکە**
**پیرەمێردی بەستەزمان،**
**کە لاواز بوو وەك گۆچان،**
**وتی توخوا مامۆستاگیان،**
**فێرم ناکەی چۆن بنووسم کوردستان!(2)**
*******
**هێزی یەکێتی و چرای زانستی**
**کورد رزگار ئەکا لە دیلی و پەستی(3)**

مامۆستایانی شۆڕش شەوچراغی شەوەزەنگی شاخ بوون، شیری پشت کەندووی ڕۆژانی تەنگانەو خەرمان و مشتاخ بوون، ئەگەر حەزرەتی مەسیح مردووی زیندوو کردۆتەوە، مامۆستایانی شۆڕش ناوچەیەکی قەدەغەکراویان بەرەو خۆری ژیانەوە بردۆتەوە، هەتاوی سەرزەوی و ئەستێرەی ئاسمان بوون، مامۆستای دەروون و شاگردی ویژدان بوون، دەیانزانی زانست گەنجینەیە مایەی مەزنی و سەربەرزییە، زانست ژیان و ژیرییە نەزانین ماڵ وێرانی و پاشەڕۆژی ڕوو لە کزییە، پەروەردەو فێرکردن جوانترین بەرهەمی مامۆستاییە، زانست بکوژی جەهل و زانست بێ کۆتاییە! زانست و زانیاری کلیلێکن هەموو دەرگاکانیان پێ دەکرێتەوە، جێی سامان و پلەوپایەو بوارەکانی ژیان دەگرێتەوە، بۆیە خوداو دایك و باوك و مامۆستا ناتوانرێ پاداشتیان بدرێتەوە.

مامۆستا سەلاح بە ڕێگای خوێندنەوە ڕێگای مرۆڤایەتی دۆزییەوە، بە پاکی ئەو هەل و دەرفەتەی قۆزییەوە، بە کردەوە مامۆستابوو، بە راستی ڕووناکی چرا بوو، ئەگەر پێنووس و خوێندن نەبوایە مرۆڤ جیاوازی نەدەبوو لەگەڵ گیانداران، ئەوان بوون کاول و کەپرو کونە شاخیان کردەوە خوێندنگا بۆ خوێندکاران، دەیانزانی خوێندنەوەو پراکتیزە نەکردن وەك کێڵان و تۆ نەکردن وایە، بۆیە بەکردار بوونە مامۆستای شۆڕش، بوونە بەرهەم و سەرمایە! گەر باخچەو کتێبخانەت هەبێ پێویستیت بەچی دیکە نییە، با کتێبخانەت پڕ لە کتێب بێ، جێ خوێندنت پڕ لە شاگردو خوێندکار بێ، با گیزدانت هەر بەتاڵ و بێ دۆلاربێ!

هەموو پێغمبەرەکان وانەی حیکمەت و کتێب و دادپەروەریان گوتۆتەوە، وەك چراو تیشك و تروسکە جێی مامۆستایانیان گرتۆتەوە، مێژوو بە بەڵگە تاقی کردۆتەوە، ئەوکات دونیا خۆش دەبێ پاشاکان فەلسەفە بخوێنن، فەیلەسوفەکان ببن بە پاشا!

تاقیکردنەوە هەر لە قوتابخانەدا نییە، هەموو دونیا جێی تاقیکردنەوەیە گەر تاقیکردنەوە نەبوایە مرۆڤ پێش نەدەکەوت! فێرکردن ماناو بەهایەکی نەدەبوو! مامۆستا سەلاح لە شاخ، لە داوناوەندی بەیداخ! هەر مامۆستاو ڕابەربوو، هەر کەسایەتی و تێکۆشەر بوو، بەڵام حەیف و داخ! لە (2013/4/2) ماڵئاوایی لێ

کردین، بەجێی هێشتین بەرەو پەژارەی بردین! نەك هەر خوێندکارو مامۆستاکانی بەجێ هێشت، دۆست و خۆشەویست و خزمان ئازاریان چێشت، چوار کچ و سێ کوڕی بێ باوك و مامۆستا هێشتەوە (کاروخ، کۆدۆ، کاردۆ، گوێژە، ژاکاو، ژاڵە، ژینۆ) بەڵام وجاغی ڕوونەو ئاگردانی دەگەشێتەوە.
لە ناو کتێب و نوکی خامەو تەختەی قوتابخانەو سەنگەری خەبات و ئەنجومەنی شارەوانی ناوی هەردەمێنێتەوە!

**مامۆستا سەلاح رەسول عەزیز**
**ماڵئاوایی کردو، خودا حافیز**

(1)شیعری: بەختیار زێوەر.
(2) شیعری: لەتیف هەڵمەت.
(3) شیعری: ئەحمەد دڵزار.

## عەونی: شاعیری بەرەنگاری و رامیاری

شاعیری بەرزی ڕێی کوردایەتی، عەونی شاسواری نەتەوایەتی، قاڵبووی خەباتی ناوپارتایەتی، لە حیزبی هیواو ڕزگاری و برایەتی، بێ دریخ بێ کۆڵدان، بەردەوام بێ وەستان، ئەوجا لە دواجار پارتی دیموکراتی کوردستان، گۆشکراو، جۆشدراو، بە شیعری حاجی قادری کۆیی، مەردی نەبەردی، بەڕاستی کوردی، ڕێی سەربەخۆیی، لە سەرەتاوە، بەشیعری نەتەوایەتی هەنگاوی ناوە، لە ساڵی1933 شیعری بۆ خاوەنی هاوار داناوە، بەشیعری نیشتیمانی، بە وشەی جوانی، بە دڵسۆزی، بەهەستی پیرۆزی، چونکە لاوێکی کوردو کۆیی بووە لە ناخ و ڕەگ:

**هەر ئێوەن خانەدانی موڵك و میللەت میر جەلادەت بەگ**
**هەر ئێوەن فەخری کورد ساحێبی عیزەت میر جەلادەت بەگ**
**لە پاش ئەو هەر ئەتۆی ئەرکانی دەوڵەت میر جەلادەت بەگ**
**ئەمیری موحتەرەم ئەی فەخری میللەت میرجەلادەت بەگ**
**نەوەی شێری جزیرەو قارەمانی موڵکی بۆتانی!**

له ساڵی1935 جۆشی داوه، وەك هەنگی، شیعری ئەسلەحەی جەنگی، بێ منەتانە داناوه، لەو ڕۆژگارو زەمانە، بە گیانی شۆڕشگێرانە، بە دەنگی دلێرانەو بوێرانە، بۆ ڕاستی و بەڵگە بەو شیعرە بانگی ویژدانتان دەکەم:

**ئەسلەحەی جەنگم دەبەستم پاسی کوردستان دەکەم**
**قەتل و عامی حاکمانی تورکیاو ئێران دەکەم**
**نا کەسێك نیم بۆ مەتالب من لە ڕووی لافەوە**
**ئیرسی خۆمە بەڵکو داوای دەوڵەتی ساسان دەکەم**
**من ڕێگایی سەربەخۆیی خاك و ڕزگاری گەلم**
**گیانی قەوم و خوێشانم هەمووی قوربان دەکەم**

عەونی نەمر ئەندامی یەکەم ناوچەی کۆیەی پارتی بووە، لە پارتی واژووی لە سەر بە ئەندام بوونی مام جەلال کردووە، بەردی بناغەی پارتایەتی، لە سەنگەری کوردایەتی، عەونی شاعیر ڕۆڵی گێڕاوە، لەسەر کوردایەتی و سیاسەت گیراوە، تاڵان کراوەو دەر پەڕێندراوە، کۆشکە خۆشەکەی کراوە بە کەلاوە، دیوانە شیعرو دەست نووسی سوتاوە، بەڵام هەرگیز نەبەزیوەو کۆڵی نەداوە، شیعری نیشتیمانی بە هێزی داناوە، چونکە دەیزانی شیعر چەکێکی گاریگەرە:

**گەلێك کەڕۆڵەی لە کۆڕی شەڕا**
**هەنگاو هەڵێنێ بەسەر سەنگەرا**
**بۆ سەربەخۆیی بەخوێنی ئاڵی**
**قەڵایێ هەڵێنێ لە کەللە سەرا**
**نامرێ ئەو گەلە هەر زیندوو دەبێ**
**سەرفراز دەژی لە ڕووی مەحشەرا**

گەر شیعری ئەی شەهیدان، بخرێتە تەرازوی ویژدان، چۆن تین و تەوژمی شۆڕشگێرانەی داوە بە ڕۆڵەی کوردان، لە مزگەوتی گەورەو کەنیشتێی جوولەکەکان، لە کۆیە ساڵی1948 گوتراوە، حەماسەتی خوڵقاندووە، کوورەی خەباتی پێ جۆش دراوە، چەند کاریگەرو بەسۆز بووە ئەو ڕۆژو زەمان:

**ئەی شەهیدانی ڕێگای نیشتیمان**
**خۆتان بەخت کرد کران بە قوربان**
**لە ڕێی ئازادی و سەربەستی ژیان**
**لە بیر ناچنەوە بە درێژی زەمان**
**مێژوو دەنووسێ یەك یەك ناوتان**

عەونی شاعیر گلەیی لێ ناکرێ بەقەد گەردێك:

**ژێر هەرداریك سەر هەر بەردێك**
**سور بووە بە خوێنی کوردێك**
**بەم خوێنە وەها نوسراوە**
**بۆ ئازادی کورد ڕژاوە**

**ڕۆژێك ئەم خوێنە لافاوی**
**دوژمن لول دەدا گەرداوی**
**مێژووی کوردمان کۆن و تازە،**
**لای نەداوە لەو ڕێبازە**

برادەران، وەفاداران، هەقی خۆیەتی جارێ لە جاران، یادی عەونی بکەین بە گوڵباران:

**کۆچ بار کۆچی کرد بەرەو کۆساران**
**بنکەو بارگەیان خست لە نزاران**
**بەرەو هەورازی سەرکەوتن دەڕۆن**
**مژدەی سەربەستی دەدەن بە یاران**

بە شیعری جوان، بە دەنگی خۆش، دەروێش عەبدوڵای هێناوەتە جۆش:

**عەونی بە مێوانی شیعری جوان و کاری گەرت بم**
**قوربانی سوپاو عەسکەری دایم لە شەڕت بم**

چونکە شاعیرێکی مەزن و بە هێزو ناسك خەیاڵە:

**ئەم چیهرە گوڵە، سەروقەدی لالە جەمالە**
**چاوبازە کەمەر مامزە شیرن خەت و خاڵە**
**زولف شەوە، مەستی خەوە، لەنجەی کەوە، یارم**
**چاو ئەختەرە، ڕووی بەدرە، برۆی عەینی هیلالە**

(**جیهانم پیشکنیوە**) گوڵی شیعرم چنیوە، لە باخی وێژەی کوردی، گەر بگەڕێی بەوردی، لە گوڵ دەستەی شوعەرا، لە ناو ئەستێرەو چرا، لە شاران و دێ و دەشت (**بە یەزدان و بە زەردەشت**) دەگمەنە شیعری عەونی، هۆنینەوەی وەك تەونی:

لەم کۆیەو لەو کوردستانە عەونی پڕ بەرهەمێکم بوو!

**لەم کوڵبەیی ئەحزانە عەشقی سەنەمێکم بوو**
**لەم چۆڵ و بیابانە باغی ئیرەمێکم بوو**

بەدەنگی خۆشخوانان و بەهرەداران، کە دەیڵێنەوە لە سەرزاران:

**وەکو قومری لە باخ و جۆیە باران**
**لە بۆسەرووی قەدی شاهی نیگاران**

ئاوازو گۆرانی شیعر جوانتر دەرازێنێتەوە، شیعر لە موزیك دوور بکەوێتەوە دەپووکێتەوە، عەونی شاعیر خەرمان بەرەکەتە، شیعرە گۆرانییەکانی بەتام و بەلەزەتە، بۆیە لەسەر لێوی گۆرانیبێژان دەلەرێتەوە، عەونی شاعیر لەژێر کاریگەری حاجی قادری کۆیی و نالی و گۆران و هێمنی گیرساوەتەوە، گەرچی چامەو غەزەلی جوانی هۆنیوەتەوە، بەڵام بەشێوەی نەتەوەیی دەستی پێ کردووە، تاکۆتایی هەرماوەتەوە، بەڵگەی شیعرەکانییەتی، ئەوەش ناو و نیشانییەتی، لە شیعری خاوەنی هاوار ساڵی1933 تا شیعری یەك بوون ساڵی1990، لە رێبازی کوردایەتی لای نەداوە، نەك هەر شاعیرێکی دڵسۆزو کوردپەروەر بووە، بەڵکو

وەرگێڕو پەخشاننووس و نووسەر بووە، باوەڕ پێکراوی گۆڤاری گەلاوێژو ئاشتی خوازبووە، کتێبخانەی پڕ کتێب و گیزدانی پڕ پارەو ژیانی پڕ بەهرەو خەبات بووە، ئەدەب و خەبات و کوردایەتی بە یەکجاری، جوان کردووە، بە جوانی بیرو جوانی دڵ و جوانی کرداری، تا کۆچی دوایی کرد کۆیەی بەجێ نەهێشت، گەرچی ئازارو دەردی زۆری چێشت، وەك دەڵێن شاعیر ڕاستگۆترین مێژوونووسە! بۆ مێژوو عەونی نەمر سەلماندی ڕاست گۆیە:

**ئەگەر ڕاستیت دەوێ مێژوو درۆیە**
**هەموو ڕوداو و ڕابردوو درۆیە**
**بەچاوی خۆت دەبینی کارەساتێك**
**دەگۆڕێ پێچەوانەی هەر کاتێك**
**ئەوەی مێژوو دەنووسێ وەك بەڕۆژە**
**گوڵێکە تابیعی سوڕانی ڕۆژە**

چ پێ ناچێ جارێکی دیکە وەك عەونی، کۆیەو کوردستان بێتەوە خەونی! وەك حاجی قادرو نالی وەك ئەوان بێ هەونییە، بەڵام عەونی شاعیر عەونییە:

**هات ڤیستیڤاڵی عەونی بەزم و دیلانە لە کێ یە**
**چەپکە گوڵ بۆ گۆڕەکەی وەنەوشەو شیلانە لە کێ یە**
**کوا پەیکەر و ناوی لە کام مەیدانە لە کێ یە**
**ئەدی نامەی دکتۆرا لە زانکۆو قوتابخانە لە کێ یە**
**شەو ڕۆیی ئەدی عاشقی جانانە لە کێ یە**
**تەماشای عەونی یەکەی من کەن سوپاسالاری خووبانە**

## سووتانی جەرگ، بە گڕی مەرگ

ژیان کاروانی ڕێ پێوانێکە بەرەو مەرگ و نەمان، چ بکەی چ نەکەی سەرەنجام و ئەنجام ئەوەیە ژیان و جیهان، ئەگەر تەمەن بە ساڵ بژمێری زۆر کورتە، بەڵام بە چرکە بیژمێری زۆر درێژە، ژیان تەختایی نییە، سەرکەوتن و نوچدان و هەورازو لێژە، مردنی کەسە نزیك و خۆشەویستەکان ئاگادارت دەکاتەوە، ژیان کورتە مردن هەیە، قەدەرێك هەر دەتباتەوە، جوانترین دیمەن ئەوەیە کەسێکی جەرگ سووتاو، دڵ بە ئازارو ژان و برژاو، لەسەر خەمەوە زەردەخەنەی لەسەر لێوان بێ، نەك هەر گریان و شیوەن و قوڕ پێوان بێ،

چونکه پەژارەو پەرێشانی مەرگی گیان و دەروونە، بەهێزترین توانا ئارامی و ئۆقرەیی و بڕوا بەخۆ بوونە، بۆ پێشکەوتن و سەرکەوتن و خۆڕاگری سێ شت پێویستە، یەکەم ئیرادە، دووەم ئیرادە، سێیەم ئیرادە! نەك خەم و خامۆشی و حەسرەتی بێ ڕادە، کەسی ئازاو خۆڕاگرو ئارامگر پاش کارەسات و نسکۆ، هێندە نەسووتی و نەبرژێ بە کورەی دەروونی پڕ پشکۆ، گریان و شیوەن ئاسانە، خۆڕاگری و بەسەر خۆنەهێنان گرانە، لەناو هەموو گریانەکان گریانی دایك دیار ترە، لە ناخەوە بەسۆزترو بە ئازارترە، ئەزموون قەتابخانەیەکە شاگردەکانی بە نرخی گران پێ دەگەیێ، بێ دەنگی زۆر مانا دەبەخشێ و لە هەموو ئاخاوتنێك مەبەست زیاتر دەگەیێ، لافاوی بەتین دەبێتە هۆی ڕەگ داکوتانی زیاتری داربەروو، سەربەرزی و شانازیە تنۆکە فرمێسکێك بسڕێتەوە ڕووبەڕوو، ڕق و کینە ناتوانێ ڕق و کینە لەناو ببات، بەڵام خۆشەویستی و خۆڕاگری و ئارامی دەتگەیێ بە ئاوات! دونیای هەر کەس بە قەد گەورەیی بیرکردنەوەیەتی، گرەوکردن سەرەنجام مەرجی بردنەوەیەتی!

تابلۆی ژیان و مەرگی هەڵۆ دێدەوان، بێ زیادەڕۆیی تەژیە لە ژان، زۆری نەگبەتی و کارەساتە، دڵ داخورپان و ئازارو بەسەرهاتە، نەخشاوە بە فرمێسك و خەم و خوێن، ڕووداوی ڕۆژگارەکانی بە زام دەدوێن، لە 1991/3/24، لە گەڕەکی باداوەی شاری هەولێر، بەچکە هەڵۆیەك تروکا، چاوی هەڵهێنا بەخێر، بە زەرنەقوتەیی و تازە خولقاوی، بە شیر مژەیی و گۆشتی خاوی، کەوتە ناو ڕووداوی لێ قەوماوی، هەڵۆی کۆرپەلەی تازە، بەناو ناوی هەورازە، لە بێشکەی ساوای ژینا، لە ئێسقانی بێ تینا، لەناو ڕاپەرین و دەرپەڕین و کۆڕەو، چاوی هەڵهێناوە بە زاق و زیقەو هەراو نوزەخەو، بە مەلۆتکەیی لە باوەشان و بە کۆڵ، گێڕدراوەو شارەوشارو شاخەوشاخ و دەشت و دۆڵ، لەناوپردان، کەوتە بەرپێیان، ئەو مەلۆتکە هەڵۆیە، وایان زانی پەڕۆیە، لەوساوە، بە ساواییەوە لە سەرەتاوە، لە کازیوەی ئاسۆی ژیانی بە ژان خولقاوە، بە ڕووداو چاوی هەڵهێناوە، بە ساوایی کەوتۆتە بن دەست و پێیان، بە ئاوارەیی پێی گرتووە لە زۆر جێیان، ئاخر هەڵۆیەك باڵی نەگرتبێ و هەڵنەفڕی بێ، باڵی بشکێ و بە سەختی و بەدبەختی ڕێی ژیانی بڕی بێ، لە بانی کەوتبێتە خوارەوە، بە جەستەی کوتراو و پڕ ئازارەوە، هەر لە نەخۆشخانەو نەشتەرگەری بووبێ، لەناو دەرمان و دەواو دەربەدەری بووبێ، بە لێدانی ئۆتۆمبێل بریندار بووبێ، بەر لە مەرگ بە نەگبەتی گرفتار بووبێ. هەڵۆ دێدەوان پەرەسێلکەی ئاسمان بووە، هونەرمەندو بەهرەوەرو ڕۆژنامەوان بووە، ئەکتەرو مۆزیکژەن و کامێرەوان بووە، لە نێوانی بێشکەو مەلۆتکەو تا گۆڕستانی، کورت و کەم بووە ماوەی ژیانی، لە 2013/4/7، ئەو ئەستێرە گەشە، بارەگای تێك نا لە گردەڕەشە! لە ژیان چی نەبینی، بۆیە بە سوێیە پڕ خوێیە برینی، باوکە حەسرەت دیدەکەی دێدەوان، نابێ ببێ بە کۆڵ هەڵگری خەمان و زێدەوان!

بە ڕیش و ڕەش پۆشی و خامۆشی و شیوەن و ڕۆڵەڕۆ، ناگەڕێتەوە، نافڕێتەوە جوانەمەرگ هەڵۆ، مەرگی پەیکی ئازاری ژیان و تەمەنی باوك و دایکییەتی، هەڵۆی هەوراز، بە سۆزو ناز، لە باوەشی مامە شەهیدەکەیەتی! کە زۆر لە شاعیرو هونەرمەندان جەرگیان سووتاوە، بە ئۆتۆمبێل لاشەی کوڕو کچیان شێلدراوە، بە شیعر، شیوەنیان گێڕاوە، ئەوەتا مامۆستا کەریم شارەزا بۆ کچە تاقانەکەی بەهار، لە کارەساتی بە ژێرەوەبوونی ئۆتۆمبێل هاتۆتە هاوار:

**پەپوولەی پاکی گوڵزارانم ڕۆ، ئەستێرەی بەختی دڵدارانم ڕۆ**
**خونچەی پاراوی سەرچلانم ڕۆ، جگەرگۆشەکەی ناو دڵانم ڕۆ**
**گوڵی سۆران و بادینانم ڕۆ، بەهاری کوردو کوردستانم ڕۆ**

گۆرانی نەمر لە سەرەمەرگی هیوای کوڕیدا بە شیعر دێتەگۆ:

**هیوا ڕۆڵەڕۆ، کۆرپەم رۆڵەڕۆ**
**ئەو کوڵمە ئاڵە نەرمونۆڵە ڕۆ**
**ئەو قژە زەردە ئەو چاوانە ڕۆ**
**ئەو نەغمەی دایەو بابە جوانە ڕۆ**
**تا دەممان لە گۆ ئەکەوێ وەك تۆ**
**هیوای دایە ڕۆ، هیوای بابەڕۆ**

مامۆستا فازیل شەوڕۆ، بۆ ڕەندی کوڕی کەوتۆتە کوڵ و ڕۆڵەڕۆ، ئاخر جەرگ سووتان ئاهێکی ئێجگار ئازار چێژە:

**ڕەندی رەندم**
**کۆڕی ئەمشەومان درێژە**
**هەرچیت هەیە بۆم هەڵڕێژە**
**گەڵای هەموو دار زەیتوون و**
**لیمۆکانی (غەربیات) و**
**بۆ هەڵرنە**
**بۆنیان بۆنی خۆشی تۆیە**
**رەنگیان رەنگی چاوی تۆیە**

لە لیبیا جەرگی سوتا بوو نەك لە کۆیە، بۆیە ئێستاش کوورەی دەروونی ئاگرو پشکۆیە:

**لە مابەینی کەکۆن و هەیبەسوڵتان،**
**فرە فرە رۆحی منە**
**شنەی ئێواران و سایەی سبەینان**
***** **** *****
**گڕی ئاگرەکەی چنارۆك**
**بەڵکو تاوێ دادەسەکنێ**
**دڵەی پەرێشان و ناکۆك**
**رەندی رۆحم دەبڕوانە**

هەروەها شاعیران حەسیب قەرەداغی و زۆر لە شاعیرانی کۆیە هەروەك د.کەمال غەمبارو مامۆستا عەبدول رەزاق بیمارو مامۆستا عەبدول کەریم شێخانی و مامۆستا عوسمان خۆشناو و سەیدئەنوەری سەیدئەحمەد(دەروێش)و عوسمان پشکۆ جەرگیان سووتاوە، کوڕیان کوژراوە، گڕی پشکۆیان لە وشەی ئاگرین بەرداوە، ئاخر کاریگەری ئاگری عوسمان پشکۆ، هێند ئاگراوی بوو بەردی هێنابووە گۆ، لە یەك رۆژدا سی کوڕ، بکوژرێن بە گوللەو گڕ، باوك خۆی ئاگرو پشکۆ بوو، مەرگیان چ تینێکی بە ئازارو سۆ بوو، سۆزی مرۆڤ ئاگر دەگری لە ناخ و کانگا:

**سێ برای شەهید، شەهید هەڵگورد کە(مامیەحیا) بەناوبانگە**

**شەهید ئاسۆس، شەهید کارۆخ لەناو ئەستێران وەك مانگە**
**بیست و دووی پێنج بوو، رۆژ گیرا سی کێو رووخا، کە شەهید بوون**
**مێژووی کۆیە لەکەکی گرت خاڵێکی رەش لاجانگە**

د.کەمال غەمبار لە تەمەنی پاییزیدا، خەم و پەژارە ئاسمانی ژینی تەنیوە، لە ڕۆژگارێکی شوومدا گوڵی بەهاری هەڵوەریوە، کە مەرگی تراژیدیی مامۆستا (ساوێن)ی کچی بە چاوی خۆی بینیوە، لەڕووداوێکی دڵتەزێنەدا لە خوێنا گەوزیوە، ئەو مەرگە جەرگی بڕیوە، لەو رۆژەوە لە خۆشی دابڕیوە، بۆتە زامیکی درێژخایەنی تا سەر ئێسقان رۆیوە، هەر بە شیعری شیوەنیش هەستی دەروونی دەربڕیوە:

**کۆترە باریکەی بیست و سێ ساڵی**
**لە پڕ هەڵوەری گشت پەڕو باڵی**
**گەر بەختی رەشی من نەبووبایە**
**نەدەبا کاری وا بقەومایە**
**بۆیە هەر دەڵێم لە سەرەتاوە**
**خوزیا نەبووبام بۆ ئەو رووداوە**
**کێ دی بەهاری تەمەنی بەد بەخت**
**هەر زوو هەڵوەری خونچەی ناوەخت**

لە کۆتاییدا دەڵی:

**خۆزیا تۆ مەرگی منت دیبایە**
**نەك رێگەی ژینم وا بڕیبایە**
**لە سەر لاشەکەم تێر بگریابای**
**چۆن ئاواتم بوو بەو شێوە وا بای**
**نەوەك وەك ئێستا هەتا دەمرم**
**کەشکۆڵی خەم و خەفەت هەڵگرم**

چارە نییە هەرگیز لەبەر مەرگ دەرناچین و پێی غەمناکین! سەرەنجام هەمووما‌ن رێمانەو خۆراکی خاکین، لە گۆرستانەکان یەکتر دەگرینەوە، لەگەڵ هەڵۆی کۆترۆکەی بەهەشتێ و شەهیدەکان و خۆشەویستەکان و ئازیزەکان یەکتر دەبینینەوە.

سەرچاوەکان:


-ناڵەی شەهیدان، لە شیعرەکانی پشکۆ.
-کۆترێك لە ئاگر، فازیل شەورۆ.
-رێگەی دوور، کەریم شارەزا.
-دیوانی گۆران.
-لەنووسین و شیعری د.کەمال غەمبار بۆ مەرگی ساوێنی کچی.

## وەستا قارەمانی قارەمان

بە هەر هۆکارێك بێ وڵاتی کۆیە، پڕ لەئەستێرەو گوڵ و هەڵۆیە، ئاوو هەواو سروشتی خاك و خواکردە، ژینگەیە، یاخود فێرگەی پەروەردە، ماك و پێگەیەنەری ڕۆڵەی هەڵکەوتووە، دەڤەرێکی زیندووەو پشکی شێری بەرکەوتووە، یەك لەو ئەستێرانەی، ڕۆڵە دلێرانەی، پرشنگی گەشە لەوڵاتی کۆیەو شیوی ساماڵ و چیای باواجی (عەبدول جەبار مام شەوکەت) ناسراو بە وەستا قارەمان ساڵی 1936، لەگوندی (شیواشێوك) نزیك گڕی گەش، هاتۆتە ژیان لەخێزانێکی هەژارو جووتیارو بێ دەرامەت، لەتیرەی ئاغا سووری و خاوەن کەرامەت، لەبەر هەژاری و نەداری بەو هۆیە، باردەکەن و دەگوازنەوە بۆ شاری کۆیە، وەستا قارەمان منداڵ بووە، تەمەنی چوار پێنج ساڵ بووە، لە گوندی شیواشۆك دەگوازنەوە، لە گەڕەکی قەڵات لەسەر قازیلان دەگیرسێنەوە، لەماڵە گەورەی ساڵحاغای غەفووری، دەژیان لە گۆشەکی یەك هەیوانی و یەك ژووری، وەستا قارەمان، لەبەر جەوری ڕۆژگارو زەمان، لەلادێ و شار ژیاوە، لە کۆیە گۆشکراوە، وەك تاك و کوڕێژگەی شار، بەڕۆژ شاگرد، بەشەو خوێندکار، تا پۆلی پێنجی سەرەتایی خوێندووە، هاوکات کاری سەرپێیی کردووە، ژیانی بەڕەنج و ژان بەسەر بردووە، لەگەڵ مشارو تەشووی تەراشی، لەپاڵ کاسبی و پیشەی دارتاشی، هەردوو پێکەوە، بەسەر یەکەوە، بە بیرو بازوو، ئیش و تێکۆشان، کەوتۆتە سەر شان.

**<u>یانەی دۆستان:</u>**

لەشاری کۆیە دوکانی دارتاشی دادەنێ، ناوی دارتاشخانەی (کوردستان)ی لێ دەنێ، ئەو ناوە بەمەبەستی رامیاری بووە، دارتاشخانەی کوردستان، دەبێتە یانەی دۆستان، ساڵی 1956 لە گوزەری نەجاران، لەریزی کاسبکاران، پەیوەندی دەکات بەڕێکخستنی پارتی دیموکراتی کوردستان، عەبدول جەباری مام شەوکەت، لەش پڵینگی و کەڵەگەت، بەناوی نهێنی قارەمان، دێتە مەیدانی تێکۆشان، وەك هەنگ شانەی ڕێکخستووە لەلادێ و شاری، لەشیلەو هەڵاڵەی گوڵزاری کوردەواری، ماندووبوونی نەدەزانی، سەرباری دوو ژنەو زۆری خێزانی، لەژێر باری قورسی ژیان، خەباتی دەکرد بە دڵ و بە گیان، وەستا قارەمانی قارەمان، ڕۆڵەی هەڵکەوتووی دەڤەرەکەمان، سەربازێکی بزرە لە مێژووی کوردایەتی، ژیانی پڕە لە خەبات و مەردایەتی، باڵا سنەوبەرەکەی ، هەڵکشاوی سێبەرەکەی، لەسەر دەوروبەرەکەی، بەکەسایەتی خۆی بووە گەورەو سەرۆکی، تیرەی ئاغاسووری لە کۆیەو شیواشۆکی، ئەو قارەمانە، ئەو ڕۆڵەی زەمانە، هەمیشە بەهیمەت و کۆشش، کۆمەکی کردە لەسەرەتای شۆڕش، لەپێناو ژیان و خەباتی کوردایەتی، کەوتۆتە بەکرەجۆو سلێمانی و هەولێرو خۆشناوەتی.

لە ژیانی سیاسی و خەباتی خۆیدا سەرەتا دەبێتە ئەندام ناوچە، کاتێ پارتی دەبێت بە دوو پارچە، وەستا قارەمان لەگەڵ باڵی (م.س) بووە، سەرەنجام بە لێهاتوویی خۆی، بۆیە دەکرێتە لێپرسراوی ناوچەی کۆیە، مێژووی ڕووناکی، ڕابردوو پاکی، ئەو تێکۆشەرە گومناوە، بە دەگمەن باسی لێوە کراوە، ئەو ئەستێرە پڕتەوە، نۆبەرەکەی پێشڕەوە، ئەو کەسایەتیە ڕێزدارە، باوکی هونەرمەند (دانا عەبدول جەبار)ە، حەوت کوڕ و پێنج کچی لەپاش بەجێماوە (پێشڕەو، چەتۆ، دانا، شەهلا، چنار، دارا، ڕۆژگار، توانا، زانا، شیلان، شادان، کامەران).

ئەم نیشتمانپەروەرە، ئەو شۆڕشگێرە ڕەنجدەرە، لەڕێکەوتی 1997/6/6، دڵە پڕ گڕەکەی لە لێدان کەوت، ناکرێ ناوی بزربێ، دەبێ لە بیرمان بێ و نەمرێ، بە ئۆباڵی مێژوو بە پێوەری ویژدان، دەبێ یادی بکرێتەوە، ناوی هەر بمێنێتەوە، چونکە مانگەشەوی تاریکستانە، یەك لە تێکۆشەرەکانی کوردو کوردستانە، یادی بەخێر.

## دوو شەنگە بی، لە کانی بی

بۆ مەرگی ناوەختی(ئەردەلان حسۆ) لە هێلانەی هەڵۆ، دایك تەوارو باوك شاسۆ، ئاگری دڵمان، لە هەردوو چاومان، گڕی داگیرساند وەکو ژیلەمۆ، جەرگی چزاندین، وەهای تەزاندین، برینی وازو قەت سارێژ نابێ، دیارە پێشمەرگە تەمەنی درێژ نابێ، دەنا ئەردەلان هی مردن نەبوو، وا بەزووی لە کیسمان چوو، ئازاو جەسوور بوو، مەندو مەستوور بوو، ژیا بەمەردی و بەپارتیزانی، منەتی مردنی هەر نەدەزانی، چونکە ئەردەلان، کوڕی بەفرو چیاو بەردەلان، نەگەیشتە زستانی تەمەن، ڕۆیی بەجەستەو دیمەن، کەچی نەخۆشی، لە کفنی پۆشی، ئەردەلان حەسۆ، تەمەنی مابوو خۆ، ڕۆیی لە ناومان، گڕی بەردایە هەناومان، ڕەشەبای مەرگ، نەمامی سەوزی هەڵکێشا لەڕەگ، (کانی بی) گوندە دڵگیرە خانەدانەکەی دەم زێ و دەشتی کۆیە، کوورەی دڵمان بۆ مەرگی ئەردەلان پڕ پەنگرو پشکۆیە، کەم نەبوو ئەم هەڵۆیە، کەم نەبوو ئەو ئەردەلان حەسۆیە، ئاخر بۆیە، ئەو پێشمەرگەی تیپی 93ی کۆیە، برینەکەی تەڕە، مەرگی کاریگەرە، لەخانەی مەردانە، لەڕیزی شەهیدانە! درەختە سەوزەکەی کوردستانە! لامان بەڕێزو بەرز بوو، چونکە ڕەنگ و باوەڕی سەوز بوو، باڵای لەئاڵای کوردستان بوو، دەروون سپی وەك بەفری کوێستان بوو، باوەڕی گڕی کەسك و نوورانی بوو، بەدڵ یەکێتی نیشتمانی بوو، لەسەر بڕوای خۆی مابوو بە دڵنیایی و بێ شك، کەسك بوو کەسك، چونکە خۆشەویست بوو، خۆنەویست بوو، هەموو ڕەنگەکان ڕەشپۆش بوون، لە غەمدا بوون بە پەرۆش بوون، گوندە خانەدانەکەی(کانی بی)، بەم خەسارەتە بێ ئومێد نەبی، چونکە لاپەڕەی مێژووی شۆڕشمان ڕەنگینە بەخوێن، زامی جەرگمان بۆن سۆیەو پڕ سوێن، لە(میر بادینی) گوندی(کانی بی) بە فێڵ و ناجوامێرانە، بەپلان و پارەو خیانەت و نامەردانە، حەمە غەفور ئاغجەلەری ئەندامی سەرکردایەتی(ی.ن.ك) بە خۆی و شەش پێشمەرگە شەهید کران لە(1977/7/23) هەرچەندە ئەم ڕووداوە لەمێژە بەسەرچووە، بەڵام ئێستاش هەرگیز لەبیر خەڵك نەچووە، ڕۆڵەی قارەمانمان لەوێ لەکیس چووە، بەڵام ئەوە کاروانی خەباتە، پڕ لەڕووداوی دڵتەزێن و کارەساتە، گرنگ ئەوەیە خوێنی شەهیدان بەفیڕۆ نەچووە، لە گوندی(کانی بی) هەر لەوێ، شەبەق و شەوقی نوری دەردەکەوێ، ئەو نورە کەسکە، کە ئێستا ئێسك و پروسکە، لەژێر گڵە، بەڵام لەناو ویژدان و دڵە، ئەو قارەمانە، (مەلا عوسمان)ە، مەلا عوسمانی کانی بی هەڵقوڵاوی ناخی خەڵك و خوێن و خاك بوو، فەرماندەیەکی پاك و چاك و چالاك بوو، لە گرتنی دۆشکە لە دەشتی شیلە بەخەستی بریندار بوو، گوللەی بەناو

دەمی کەوت، هێندە مەرد بوو ئەو بەمردنی دەوت، دە ڕامەکە ئەو دەم بەگوڵە نەکەوت و نەسرەوت، بەڵام ئاخ سەرەنجام بەو برینە دڵی لەلێدان کەوت، مەلا عوسمان بەجەستە بچووك بوو، بەڵام تابلێی قشت و ئێسك سووك بوو، بەغیرەت و بەعیزەتی نەفس بوو، فەرماندەیەکی ئازاو نەترس بوو، شانازییە بۆ کۆیەو گوندی کانی بی، کە ڕۆڵەی هەڵکەوتووی وەك مەلا عوسمان و ئەردەلان حەسۆی لێهەڵکەوتووە، پشکی شەڕەفیان بەرکەوتووە ئێمە بەویژدانی خەڵك و خوێن و خەبات، هاتووینەتە سەر دەسەڵات، شانازی دەکەین بەشەهیدەکانمان، بەمێژوومان، بەرابردوومان، دەنگمان، رەنگمان، سەنگمان، سندوقی دەنگدانە، بەهەڵبژاردنێکی پاك و بێگەردو بەویژدانانە!

**پێشبرکێیان هەبووە لەخزمەتگوزاری:**

لەکۆن لە کۆیە دەسەڵاتی غەفوری و حەوێزی هەبووە، یەکتریان خۆش نەویستووە، بەڵام پێشبڕکێیان هەبووە لەخزمەتگوزاری، حەوێزییەکان مزگەوتی گەورەو قەیسەرییان دروستکردووە، غەفورییەکان خان و حەمامیان دروستکردووە، لەململانێدا بوون، یەکتریان نەکوشتووەو رقیان لە یەکتر نەبووە، بەڵکو ژن و ژنخوازییان لەگەڵ یەکتردا کردووە، دەبا حزبەکانیش چاو لەوان بکەن، هەموو پێشمەرگە قەرزاری ئەو خەڵکە خانەوادەی کۆیەو دەشتی کۆیەن، لەڕادەبەدەر خزمەتیان کردووین، داوا بکەین لە دەشتی کۆیە فڕگە(مطار)ێك دروست بکرێت، دەم زێ بکرێتە بەهەشتی گەشت و سەیران، تەقتەق بکرێ بە قەزاو ئێلنجاخی و چنارۆك و سماقوڵی بکرێن بە ناحییە، کۆیەش بکرێ بەپارێزگاو ئیدارەی سەربەخۆ، با گیانی شەهیدەکانمان ئاسوودە بکەین، بەکاری چاکەو بەخزمەتگوزاری.

**لەکاروانی خەبات دانەبراوە:**

ئەردەلان حەسۆ، کوڕێك بوو بێدەنگ و لەسەرخۆ، زمان شیرین بوو لە گفتوگۆ، بە هێمنی دەدوا، مەبەستی دەپێکا، خەڵکی گوندی(کانی بی) میوان پەروەرو نان بدەو خانەدان بوون، بە ڕەچەڵەك ئاغاو ئالی بابان بوون، بەڵام خاکی و بێ هەواو سادە بوون، ئەردەلان بۆ کاری جوامێرانە ئامادەبوو، سەری پێوە نەبوو، بۆ برادەرایەتی، پابەند بوو بە پرەنسیپی پێشمەرگایەتی، بە شانزە ساڵی، بە مێردمنداڵی، بۆتە پێشمەرگەی(ی.ن.ك)، بە بەردەوامی بێ دابڕان و بێ وەستان، لە ڕۆژانی سەختی ئەنفال پارتیزان بووە، ماوەتەوە لە دەشتی کۆیە کە ئاوەدانی لێنەبووە، وێران بووە، بە خۆڕاگری، بڕوا ئاگری، درێژەی بە خەبات و پێشمەرگایەتی داوە، یەك چرکە چییە لە کاروانی خەبات دانەبڕاوە، خاوەنی مەدالیای شەڕەفی شان بووە، پێشمەرگە دێرینەکان بۆیان هەیە شانازی بەو مەدالییایەوە بکەن، کە لە ڕیزەکانی(ی.ن.ك)دا ماونەتەوە، چونکە وێنەی جەنابی مام جەلال و ئارمی(ی.ن.ك)ی لەسەر هەڵکەندراوە، کاکە ئەردەلانی جوانەمەرگ، پێشمەرگەی دێرین و بە جەرگ، پلە بەپلە پێگەیوە، بەپلەی عەمید خانەنشین کراوە، ئەندامی مەڵبەندی پێشمەرگە بووە، لە خەبات و ڕێبازی سەوزی یەکێتی گەیشت بوو، هێند دڵسۆزو بەڕێزو پاك رەوشت بوو، بۆیە حزبەکەی کە(ی.ن.ك)ە وەفای هەبوو بۆ ڕۆڵەکەی خۆی کە کاکە ئەردەلانە، بۆ مان و ژیانی بەپەرۆش بوو، بەڵام چ دەکەی لەگەڵ مەرگ و ئەجەل، هێند نەخۆش بوو، نەخۆشێکی کوشندە بێ چارە بوو، چارە نەدەکرا، گەرچی بۆ ئەڵمانیا بردرا، خۆی دەیگوت(وەرە مردن، ژیان کوشتمی)، بەڵام حەیف و داخ و خەسارەت، لەڕۆژی(2011/3/4) لەشاری(لیڤەر کوزن) لە ئەڵمانیا چاوەکانی لێك نا، بۆ بەهەشتی نەمری، بۆ شەهیدان بارگەی تێکنا، درووود بۆ شەهیدانی کوردو کوردستان، چەپکەگوڵ بۆ گۆڕی(ئەردەلان حەسۆ)و (مەلاعوسمانی) کانی بی.

**پێناچێت حاجی قادری کۆیی، له ماڵی بەدرخانییەکان بووبێت!**

وا باوە دەوترێت گوایە حاجی قادری کۆیی لە ئەستانبول مامۆستای کوڕەکانی بەدرخان بووبێت! بەڵام چ بەڵگەو رووناکاییەکی ئەوتۆ نییە، بەڕاست و دروستی بیسەلمێنێ! هەندی لە توێژەروانان ئاماژە بەوە دەدەن کە مامۆستای بەدرخانییەکان نەبووبێت، زانای مەزن و دووربین و پێشبین دیتە مامۆستا مەسعود محەمەد لەبەشی سێیەمی کتێبی حاجی قادری کۆیی، لە چاپکراوەکانی کۆڕی زانیاری کورد-بەغدا1976 ل82 نووسیویەتی:

هەموومان بیستومانە حاجی قادری کۆیی لە ئەستانبول وەك میوانی بەدرخانییەکان بووبی و باسکراوە، دوایی دەنووسێت:

کە سەرنجم کشا بۆ دەلالەتی بەیتێکی لەو بەیتانەی واقیعی حاڵ رادەگەیەنن دەلالەتی بەیتەکەش هیچ لەگەڵ ئەو میوانیەتیەدا ناگونجێت! حاجی لەو نامەیەی بۆ حاجی عەبدوڵڵای نووسیوە دەڵی:

**لەجوملەی ماجەرای دوری ویلایەت**
**ئەمەش باسێکە خۆشە وەك حیکایەت**
**شەوی دانیشتبووم بی شەمع و میسباح**
**ئەتۆی هێناوە یادم کاکە فەتاح**

ئەو وتویەتی(بی شەمع و میسباح) تارمایی ماڵی هەژاران دەداتەوە نەك دەوڵەمەندان! رواڵەتی بەیتەکە لەگەڵ ئەوەدا رێکناکەوێت کە حاجی لەماڵی بەدرخان پاشاوە نامەکەی نووسیبێت، چونکە بێگومان لەو گەورە ماڵەدا مۆم و چرا زۆر بوون کاغەزیان لەبەر بنووسرێت، دوایی دەنووسێت:

وتراوە حاجی میوانی بەدرخانییەکان بووە مەعلوومە بەدرخانییەکان(شەمع و میسباح) یان هەبووە، حاجی بەوە رازی نابی لە شوێنێکدا خەلق لەبەر چرابی ئەو لەتاریکایدا بی. هەر لەسەر ئەو باسە! لە هەمان سەرچاوە لە ل84 نووسیویەتی:

من لەم گوریس کێشەکییە زیهنییەدا بووم هەڵکەوتێکی خۆشبەختانە تیشکێکی هاویشت! بۆ دەوروبەری تاریکایی ئەو بێ(شەمع و میسباح)ەکەی ناو بەیتەکەی حاجی: لە وتووێژێکی رۆژانەی عادەتیدا، جارێکیان بێ نیازو بێ پرسیاری توێژینەوە، کاکە زیادی حەمە ئاغای کۆیە بۆی گێڕامەوە کەوا لەساڵی1949 سەردانی

ئەستانبولی کردووە لەوێ میهری بەگی دیوەو باسی هەواڵی حاجی قادری پرسیوە، کاکە زیاد وتی(میهری بەگ بۆی باسکردم حاجی لە ماڵی کوردێکی ئەستانبول ژیانی بەسەر دەبرد نەك لە ماڵی بەدرخانییەکان، ئەو کوڕەش لە هەموو بنەماڵەکەی تاکە یەك کچی ماوە لەوەزارەتی کاروباری دەرەوەی تورکیا لەئەنقەرە فەرمانبەرە!

ئەو نووسین و باسانە ئەوە دەگەیەنی کە حاجی قادری کۆیی مامۆستای بەدرخانییەکان نەبووە، میوانیان نەبووە، لە ماڵی بەدرخان پاشا نەژیاوە!

بەدرخانی گەورە(1802-1871) چل کوڕی هەبووە، ئەو بنەماڵەیە یەکەمین رۆژنامەی کوردیان دەرچواندووە، گەر حاجی قادری کۆیی مامۆستاو میوانی ماڵی بەدرخانییەکان بوویێت! چۆن بەو شێوەیە هەواڵی مەرگی حاجی قادری کۆیی بە درەنگ وەختی بڵاودەکەنەوە، ئەمەش مایەی تێڕامان و وردبوونەوەیە: لەڕۆژنامەی کوردستان ژمارە(3)ی ساڵی1898 هەواڵی کۆچی دوایی حاجی قادری کۆیی بڵاوکرایەوە:

(عالمك ژ سورا هبی سالادی وەفات کر رحمتا خدا لبیە خدا کنەین وی بفخرینە ناڤاوی (حاجی عەبدلقادر بی) وەك نووسراوە(سالادی وەفات کر) گەر وا نزیك و میوان و مامۆستا بووبی و کوڕی ماڵی بوویێت، پاش ساڵێك چۆن نازانن! ئەوەش دەقێکی پڕ بایەخە بۆ لێکۆڵینەوە، جگە لەوەش حاجی قادری کۆیی لە شیعری(**لەڕۆما کەوتە بەرچاوم**) بەشان و باڵای عیزەدینی شێر هەڵدەڵی کە ناحەزو نەیاری بەدرخانییەکان بووە، ناگونجی و ناکری حاجی قادری کۆیی میوان و مامۆستاو دۆستی بەدرخانییەکان بووبی و بەو شێوەیە بەسەر دوژمن و ناحەزێکی بەدرخانەکان هەڵبڵی و لەلای حاجی قادری کۆیی هێندە مەزن و لێهاتوو بێ و جێگای ئومێدی کوردان بوویێت، ئەو ستایش و هیوایە بەعیزەدینی شێر بەو شێوەیە:

**لەرۆما کەوتە بەرچاوم کەسێکی هائیم و حەیران**
**بە هەیئەت تی گەیم کوردە بەشێوەی کوردی کوردستان**
**کە چومە خزمەتی پرسیم، برادەر خەڵکی کام جێگای**
**لەکام لا هاتووی، گریا گووتی بابان گووتم بابان**
**دڵم داوە گووتم باوکە، هەموومان بێ کەسین لێرە**
**چ قەوماوە گەلێ حەیفە، مەگریە هەروەکو باران**

دوایی دەفەرمووێ:

**لەپاش ئەو هەموو گریان و ئەو زاری یە پێم گووت**
**عەزیزم خەم مەخۆ هێندە لەسایەی رەحمەتی رەحمان**
**ئەمیرێك ماوە، پاشایە، گووتی کێ یە گووتم شێرە**
**گووتی لێرە گووتم لێرە هەتا تاران و هیندستان**
**بەخۆی شێرە، وەکو ناوی لەشەڕدا دوژمن ئەندازە**
**تەمایان هەر بە ئەو ماوە، جەمیعی خاکی کوردستان**
**هەرچی جێگای ئومێدمانەو ئەوی دڵ خۆش دەکا ئەمڕۆ**
**کەسی دی لەو بەدەر نابێتە خەمخۆری گەلی کوردان**

بۆیە رێی تێناچێت مامۆستای کوڕەکانی بەدرخان و میوان و کوڕی ماڵی بەدرخان بوویێت، گەر وا نزیك بوویێت چۆن بەو ئومێدو بڕواوە بەسەر دوژمنی ماڵی بەدرخانییەکان هەڵدەڵێ، هەرچەند پێویستی بە

لێکۆڵینەوەو وردبوونەوە هەیە بۆ بەسەرهەڵدانی عیزەدینی شێر، ئەمەش باسێکە! بەڵام هەر پێناچێت مامۆستای بەدرخانییەکان بووبێت! دەبی ڕووناکایی دیکە هەبێ بۆ سەلماندنی راست و دروستی ئەو باسە!.

دەشێ بەمامۆستاو رابەری ڕۆژنامەگەری و بەدرخانییەکان دابنرێت، چونکە بەر لەدەرچوونی یەکەم ڕۆژنامەی کوردی(کوردستان) حەزرەتی حاجی لەشیعرەکانیدا چوار جار ناوی(ڕۆژنامەو جەریدە)ی هێناوە، بە مامۆستای ڕۆژنامەوانی دادەنرێت، لەڕووی ڕۆژنامەوانییەوە بەمامۆستای بەدرخانییەکانیش دادەنرێت! بەڵگەش شیعرەکانیەتی!